www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

# له تارمایی ١١ ی سێپتەمبەردا

**لە تارمایی ١١ سێپتەمبەردا- ناوی کۆمەڵێک ووتاری وەرگێردراوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی دنیا و هەروەها فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامی کە پێشتر لە شێوەی ووتاری جیاجیادا لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

**پێرست:**

**١ــ چەند سەرەنجێک**
**٢ــ لە باتی پێشەکی**
٣ــ پێشوەچوونەکانی ئیمرۆیی دین
٤ــ زانست نە دینە نە سوورە و نە شین
٥ــ جیڤانۆکە کۆنەکان، شەڕە نوییەکان
٦ــ ئیسلام و لیبرالیزم
٧ــ ئامریکا و دۆستە نەحسەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا
٨ــ شەڕوانانی جیهادکەری ئیسلامی **Made in USA**
٩ــ پێویستی یمان بە بوونی ڕاستی و یەکسانی هەیە
١٠ــ تیرۆر، تیرۆری بە دوادا دێ
١١ــ میسر وەخەبەر دێ بەڵام بە هۆی فۆندەمەنتالیستەکانەوە
١٢ــ ئەو ڕاپۆرتانەی لە جەهەندەمەوە دەنێردرێن
١٣ــ ڕووناکبیر و بیرجیا ئامریکاییەکان دەخرێنە نێو لیستەی ڕەشەوە
١٤ــ کێ تاوانباری شەڕە؟
١٥ــ شەڕی سەلیبی بۆش گەیشتە ئامریکای لاتین
١٦ــ کوشتنی بە کۆمەڵ

**چەند سەرنجێک:**

ــ مەبەستی سەرەکی لە کۆکردنەوە، وەرگێران و بڵاوکردنەوەی ئەم کۆمەڵە ووتارە ئەوەیە کە جێگەی باس و گفتوگۆیەکی ڕخنەگرانە لە سەر ڕۆڵی زلهێزی ئامریکا، دەوڵەتە چەتە و دیکتاتۆرەکانی هەم دۆست و هەم دوژمنی ئامریکا و هەروەها ئیسلام و فۆندەمەنتالیزم لە نێو چاپەمەنی کوردیدا بەتاڵە.

ــ بە شێوەیەکی گشتی ئەو ووتارو نووسینانە هەڵبژێردراون و وەرگێڕدراون کە ڕوانگەیەکی ڕخنەگرانەیان لە بەرانبەر ئامریکا و هەروەها فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامیان هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە بەو مانایە نیە کە من نێوەرۆکی هەموو ووتارەکان پەسەند بکەم.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

ــ هەموو ووتارەکان بێجگە لە نووسینەکەی پرۆفیسۆر ئانتۆنی گیدینس نەبێ لە پاش ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەر نووسراون و هەرکامەیان بە جۆرێک چەمکێکی کێشە گەورە و نوێیەکانی جیهانیان خستووەتە بەر باس. هەربۆیە کتێبەکە ناو نراوەتە "لە تارمایی ١١ی سێپتێمبەردا"

ــ مەسەلەی فەلەستین بەشێکە لە کێشەی نێوان ئامریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەم کێشەیە ڕۆژانە باس دەکرێ و ڕەنگە هیچ چەمکێکی شاراوەی بۆ خوێنەر نەبێ، هەربۆیە لە وەرگێڕانی بابەت لە سەر فەلەستین خۆم بوارد.

ــ لە هەڵبژاردنی نووسین و ووتارەکاندا، شێوازی نووسینی جیاواز هەڵبژێردراون. بۆ نموونە لە کاتێکدا نووسینەکانی "جۆن پیلگر" ڕۆژنامەوانییە، لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی ووتار و نووسینەکانی دیکە شێوەنووسینی لێکۆڵینەوەیان هەیە.

ــ لە تایپ و مۆنتاژ کردنی ئەم کتێبەدا، زەحمەتەکانی کاک حامیدی درودی جێگەی سپاس و پێزانینی تایبەتییە.

* * *

**لە باتی پێشەکی**

## دەوڵەتە چەتەکان

کونسێپتی دەوڵەتی چەتە نەخشێکی گرینگ لە گەلاڵە داڕێژی و لێکدانەوە سیاسییەکانی ئیمڕۆی جیهاندا دەگێڕێ. ئامریکا و ئینگلیزژمارەیەک دەوڵەتی وەک عێراق، ئێران، لیبی، سوریە، سوادان و کوریای باکوور وەک دەوڵەتە چەتەکان دەناسێنن و ئەم دەوڵەتانە وەک مەترسی بۆ سەر ولاتانی دەراوسێ و هەموو جیهان دەزانن.

دەوڵەتان چ مافێکیان هەیە و لە پاراستنی نەزمی جیهانیدا چ ئەرکێکیان دەکەوێتە سەر شان، بە ئاشکرا لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێکراوە. مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وەک بنەمای مافە نێونەتەوەییەکان ناسراوە، گەورەترین و گرینگترین بەڵگە و پەیماننامەی جیهانییە کە لەوە دا هاتووە: " شووڕای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرامبەر مەترسی بۆ سەر ئاشتی، ئەنجامدانی دانی تاوان بۆتێکدانی ئاشتی یان ئەنجامدانی کردەوەی هێرشکەرانە هەڵویست دەگرێ و بە جۆرێک کە لەگەڵ مادەکانی ٤١ و ٤٢ ناتەبایی نەبێ، پێشنیاری پێویست دەخاتە روو یان بڕیار دەدا کە چ جۆر چارەسەریەک ببیندرێتەوە" (١) لە پەراوێزی ئەم مادەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەتا ئەو جێگایە کە ئیمکانی هەیە دەبێ لە شێوازی ئاشتیخوازانە کەڵک وەربگیردرێ و لە چارەسەری بە شێوەی چەکداری خۆ بپارێزرێ. بەڵام ئەگەر هاتوو هەموو شێوازە چارەسەریەکان کاریگەر نەبوون، ئەوا ئاماژە بە مادەی ٥١ی مەنشوور کراوە کە لەودا "مافی خۆپاراستن بە تاق و کۆمەڵ لە بەرامبەر هێرشی چەکداریدا دراوە" (٢)

ئەگەر ئێمە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەک بنەما دابنێین و لەوێوە پێناسەی دەوڵەتە چەتەکان بکەین، لە ڕاستیدا بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەنیا ئەو چەند دەوڵەتەی ئاماژەپێکراو، بەڵکوو لە پێشدا خودی ئامریکا و پاشان دۆست و هاوپەیمانەکانی چ لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و چ لە ئامریکای لاتین و چ لە شوێنەکانی دیکەی دونیا دەکەونە نێو لیستی دەوڵەتە چەتە و قانوون نەپارێزەکان.

لیستی پێشێلکاریە یاسا نێونەتەوەییەکان و خۆتێهەڵقورتاندنە سیاسی و نیزامییەکانی ئامریکا لە ولاتانی دیکەدا ئەوەندە زۆرە کە ئاماژە کردن بە هەموویان لەم وتارە کورتەدا ناگونجێ بەلام بەو حاڵەشەوە ئاوردانەوەیەکی کورت و خێرا پێویستە:

ـ لە دەیەی شەستەکانەوە هەتا ئێستا ٤٠ ساڵی ڕەبەقە کوبا کەوتووەتە بەر هەڕەشە، ئابلۆقەی ئابووری، تیرۆر و نانەوەی تەنگ و چەڵەمە لە لایەن ئامریکاوە. هەتا ئێستا چەند جاران لە لایەن CIAیەوە نەخشەی تیرۆری فیدل کاسترۆ و کودیتا لە دژی کوبا داڕێژراوە. (٣)

ــ ساڵی ١٩٧٥، سۆهارتۆ دیکتاتۆری ئیندۆنزیا تەیموری ڕۆژهەلاتی داگیر کرد، شورای ئاسایشی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە قەرارێکدا داوای لە ئیندۆنزیا کرد کە ئەو ولاتە بە جێ بهێڵێ، بەلام سۆهارتۆ کە پشتیوانی دیپلۆماتی و نیزامی ئامریکای لە پشت بوو، گوێی بەم قەرارە نەدا و لە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ داگیرکەری دا، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی تەیموری ڕۆژهەلاتی کوشت. (٤)

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
ـ دادگای نێونەتەوەیی لاهە سالّی **١٩٨٦** ئامریکای تاوانبار کرد کە لە نیکاراگوادا تووند و تیژی چەکداری بەکاری هێناوە و بە بیانووی یارمەتی ئینسانی یارمەتی نیزامی و چەک و چۆلی داوە بە کۆنتراگریلاکانی نیکاراگوا. هەروەها دادگای نێونەتەوەی داوای لە ئامریکا کرد کە زەرو زیانەکان بۆ نیکاراگوا قەرەبوو بکاتەوە. بەلاّم نەتەنیا ئامریکا گوێی بەم بریارەی مەحکەمەی نێونەتەیی نەدا بەلّکوو زیاتر لە جاران خۆی لە کێشەی نیکاراگوا هەلّقورتاند. (٥)

ـ کاتێک ڤیتنام ویستی پێش بە قەسابخانەکەی پلپۆت بگرێ، چین بە رەزامەندی ئامریکا هێرشی کردە سەر ڤیتنام. دواتر کاتێک پلپۆت لەسەر کار لابرا ئامریکا یەکێک لە پشتیوانە هەرە نزیکەکانی پلپۆت لە بواری دیپلۆماتی و نیزامیدا بوو، پلپۆتێک کە وەک یەکێک لە قاتلّ و کۆمەلّکوژەکانی دونیا ناسراوە. (٦)

ـ ئامریکا ئەزموونی دیموکراسی گواترمالای بە هێرشێکی نیزامی لە بەین برد و حکومەتێکی نیزامی و دیکتاتۆری هێنایە سەر کار کە لە ماوەی ٤٠ سالّ دا درێژەی بە حکومەتی سەرەرۆی خۆی دا. (٧)

ـ سالّی **١٩٩١** ئامریکا ئەزموونی دیموکراسی هایتی بە خستە سەر ئابلّوقەی ئابووری لە بەین برد و سەرەککۆماری هەلّبژێردراوی خەلّکی لەسەر کار لابرد. دۆستێکی خۆی هێنایە سەر کار کە تەنیا **١٤** لە سەدی دەنگەکانی هێنابووەوە. (٨)

ـ سالّی **١٩٨٦** ئامریکا گوندەکانی لیبی بە بیانووی تیرۆری ئیحتمالی لە داهاتوودا بومباران کرد و خەلّکی بێتاوانی کوشت. (٩)

ـ ئامریکا بە پشت بەستن بە مادەی **٥١**ی مەنشووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، واتا مافی خۆپاراستن هێرشی کردە سەر پاناما و داگیری کرد. (١٠)

ـ ئامریکا لە سالّەکای **١٩٦١** و **١٩٦٢** لە باشووری ڤیتنام دا گازی شیمیایی بەکار هێنا و ئێستا و ئێستاش شوێنەواری ئەو بومبارانە شیمیاییە لە سەر خەلّک ماون وەک نەخۆشی شێرپەنجە و بە نوقسانی لەدایکبوونی مندالّ. (١١)

ئەم کردەوانەی ئامریکا کە تەنیا دلّۆپێک لە دەریایەکن. نیشان دەدەن کە ئامریکا وێرای عێراق، ئێران و (ئەوانی دیکە کە لە لایەن ئامریکاوە وەک دەولّەتی چەتە ناسراون) ، یەکێکە لە دەولّەتە هەرە گەورە چەتەو یاسانەپارێزەکانی جیهان. لە روانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکاوە دەبێ پێوەندی ئامریکا و دەولّەتان لە سەر ئەساسی ملکەچ بوون بۆ ئامریکا و پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی ئامریکا دەمەزرابێ، نەک لە سەر ئەساسی قانوونە نێونەتەوەییەکان و مەنشووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

سالّی **١٩٩٣** سەرۆککۆمار بیل کلینتۆن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئاگادار کردەوە کە " ئامریکا ئەگەر بتوانێ ئەوە چەند لایەنە و بە هاوکاری ولاّتانی دیکە دەجوولّێتەوە، ئەگەرییش مەجبوور بوو ئەوا یەکلایەنە لە کێشە نەتەوەیەکاندا دەجوولّێتەوە. "

(١٢)

مادلێن ئولبرایت وەزیری دەرەوەی ئامریکا سەبارەت بە کێشەی عێراق، بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی گوت:" رۆژهەلاّتی نێوەراست بۆ ئێمە نەخشی ژیانیی هەیە، هەر بۆیە ئەگەر مەجبوور بووین ئەوە یەکلایەنە.. . دەجولّێینەوە و کات و شوێنی هێرشە نیزامییەکانیش بۆ خۆمان دیاری دەکەین. " (١٣)

ئامریکا و کێشەی کورد

وەک "جۆن پیلگر" نووسەری ئینگلیزی دەلّێ: " خەریکە لە سایەی فیلمەکانی هولیوودەوە جینایەتەکانی ئامریکا لە بیر بچنەوە. " (١٤) بەلاّم لە کوردستانیش وا خەریکە لە سایەی حیزبە بەناو چەپ و دیموکراتەکانەوە ناحەقییەکانی ئامریکا لە دژی کورد لە بیر بکرێ و ئامریکا وەک فریشتەی رزگاری دەری گەلاّنی بن دەست بناسرێ. لێرە دا ئاماژە کردن بە چەند نموونەیەک لە ناحەقییەکانی ئامریکا بە پێویست دەزاندرێ:

ـ یارمەتییە سیاسی و نیزامییەکان بە شای ئێران لە رووخاندنی کۆماری کوردستاندا رۆلّی زۆر گرنگی گێراوە. (١٥)

ـ بەکار بردنی کارتی کورد لە دژی عێراق و سۆڤیەت و پاشان پشت کردن و بەجێهێشتنی کورد لە سالّەکانی ٧٠ دا لە لایەن ئامریکاوە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی تێکشکانی شۆرشی بارزانی لە سالّی **١٩٧٥** بوو.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

ـ ساڵی **١٩٨٤** ئامریکا پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سەدام حوسێنی دیکتاتۆر وەک دووهەم بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان قایم کرد و دەستی سعودیە و وڵاتانی دیکەی عەرەبی ئاواڵا کرد کە ئەرتەشی سەدام لە دژی ئێران و کورد بەهێز بکەن. سەدام حوسێن مارسی **١٩٨٨** هەڵەبجەی بە کازی شیمیایی بومبباران کرد و زیاتر لە **٥** هەزار کوردی کوشت. ئەو دەمە سەدام حوسێن یەکێک لە دۆستەکانی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بوو. کاتێک هەواڵنێری تەلەفزیۆنی ABC بە ناوی "چارلس گلاس" **١٠** مانگ دوای ڕووداوی هەڵەبجە پرسیاری لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا کرد، قسەکەری وەزارەتی دەروە حاشای لە ڕووداوی هەڵەبجە کرد و گوتی ئێمە ئاگامان لە هەواڵی وا نیە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵەکانی **١٩٨٦** و **١٩٨٧** دا ڕاپۆرتیان دابوو کە عێراق گازی شیمیای لە شەڕدا بەکار بردووە. هەروەها کارمەندانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تورکیە و سیخوڕەکانی CIA چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کوردە قوربانییەکانی گازی شیمیایی کردبوو، ئەوانیش ئەو ڕاپۆرتانەیان بۆ دەوڵەتی ئامریکا ناردبوو. (١٦)

ـ ساڵی **١٩٩٠** کورد لە باشوور ڕادەپەڕێ و پاش قوربانیەکی زۆر کەرکووک لە دەست سەدام حوسێن ڕزگار دەکرێ، چەند ڕۆژ دواتر ئامریکا و هاوپەیمانەکان پێشی ئەرتەشی عێراق ئاوەڵە دەکەن و بەتایبەت ئیجازەی فڕین بە هەلیکوپتەرەکانی سەدام دەدرێ کە ڕاپەڕینەکەی کورد سەرکوت بکرێ و شاری کەرکووک جارێکیتر و ئەو جار بۆ هەمیشە بکەوێتەوە ژێر دەستی سەدام حوسێن.

ـ سەرکوت، نکۆڵی و بە زۆر تواندنەوەی کورد بە دەست تورکیای ئەندامی ناتۆ و دۆستی هەرە نزیکی ئامریکا لە ناوچە یەکێک لە پەڵە شەرمەکانی سەدەی بیستەمە بە نێوچاوانی ڕۆژئاواوە. لە کاتێکدا لە ساڵەکانی نەوەد دا گەورەترین یارمەتییە ماڵی و نیزامییەکان لە لایەن ئامریکاوە دران بە تورکیە، تەنیا لە نێوان ساڵەکانی **١٩٩٠** تا **١٩٩٤** یەک میلیۆن کەس لە گوندەکانەوە بەرەو دیاربەکر کۆچی زۆرەملیان پێکرا و **٢** میلیۆنی دیکە بەرەو شارەکانی دیکەی تورکیە ڕەوانە کران. تەنیا لە نێوان ساڵەکانی **١٩٩٣** و **١٩٩٤** دا **٣٢٠٠** کورد لە لایەن تورکیەوە کوژراون. بە هەزران گوند کاول کراون و ژمارەی قوربانییەکان خۆی لە **٤٠** هەزار کەس نزیک دەکاتەوە. کونسێپتی تێرۆریست کە تورکیا لە پروپاگەندەی دژی کورددا بەکاری دەبا بە هەمان شێوەش لە ئامریکا لە دژی کورد بەکار دەبرێ. ڕێکخراوێکی کورد وەک پ. ک. ک ی پێشوو دەخرێتە نێو لیستی تێرۆریستەوەو بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان بەهۆی CIA یەوە دەگیرێ و تەحویلی تورکیا دەدرێ.

کە وایە کارنامەی ئامریکا لە پێوەندی لەگەڵ کوردیشدا خاوێن نیە و ڕەشە، ئامریکا و سیاسەتی دەروەی بۆ کورد بێجگە لە شەڕ خێرێکی تێدا نەبووە، چاوی ئامریکا تەنیا لە نەوت و سامانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە نەک شتی دیکە، کوردیش لەم نێوەدا تەنیا قوربانییەکە وەک هەزارانی دیکە.

**ئامریکا و دۆستە دیکتاتۆرەکانی**

لە ڕاستی دا ئامریکا ئەوەندە دۆستی دیکتاتۆری هەبوون و هەن کە لە ژماردن نایەن، بەڵام تەنیا ناوهێنان و وەبیرخستنەوەی ژمارەیەکیان ڕەنگە بێکەڵک نەبێ: سۆهارتۆ، مارکووس، مووبووتۆ، ترۆیجیلیۆ، دڤالیە، نۆریێگا، پینۆشە، شا حوسێن، شای ئێران، ژنراڵە تورکەکان، بنەماڵەی ئیبن سعود، ئەنوەر سادات، حوسنی موبارەک، ژنراڵە پاکستانییەکان، شا حەسەن و کوڕەکەی لە مەغریب، سەدام حوسێن دۆستنی کۆن و دوژمنی تازە، تاڵەبانەکان دۆستانی قەدیمی و دوژمنانی ئیمڕۆیی و ئاریەل شارۆن. . .

ـ پێویست بە نموونە هێنانەوەی زیاتر ناکا، تەنیا ئاماژە کردن بە کولومبیا دەتوانێ بەس بێ.

دەوڵەتی کولومبیا یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی ئامریکا لە ئامریکای لاتینە. بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە لایەن خودی وەزارەت دەرەوەیی ئامریکاوە بڵاو کراوەتەوە ساڵانە چەندە خەڵکی بێتاوان لە کۆسۆڤۆ بە دەستی سێربەکان دەکوژران، ئەوندەش لە کولومبیا بە دەستی نیزامییەکان دەکوژرێ. لە کۆسۆڤۆ ئامریکا و ناتۆ هەڵویست دەگرن و شەڕ لە دژی میلۆسۆڤیچ ڕادەگەیەنن، بەڵام لە کۆلۆمبیا چەکوچۆڵی زیاتر بە نیزامییەکان دەدەرێ. لە کولومبیا دا زیاتر لە یەک میلیۆن ئینسان بە دەستی حکومەت و هێزە میلیسەکانەوە هەڵاتوون و لە سەر خاک و وڵاتی خۆیان ئاوارە و سەرگەردان کراون. (١٨)

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

**ئاكام**

راستە دەوڵـەتەكانی عێراق و ئێران و ئەوانی دیەک چەتەن، بەڵام گەورەترین دەوڵەتی چەتە و یاسانەپارێز خودی ئامریكایە كە هـەتا ئێستا بـە دەیـان قـەراری ڕێكخـراوی نەتەوەیەكگـرتووەكانی لـە ژێـر پـێ نـاوە و لـە كێشـە نـێونەتەوەیەكاندا سـەربەخۆ دەجووڵـێتەوە، بێجگە لەوە ئامریكا لە بەر قازانجە ئابووریەكانی دۆستایەتی گەرمی ژمارەیەكی زۆر دیكتاتۆر لە دونیادا دەكا و لە راسـتیدا هۆكارێكـی هـەرە گـرینگە لـە ڕێگـە گـرتن بـە پرۆسـەی دیموكراسـی و ئـازادی لـە وڵاتـانی دیكـتاتۆری لـێدراودا، ئەوەی بگەڕێتەوە سـەر كێشـەی كورد هەتا ئێستا ئامریكا مامەڵەی لەگەڵ وڵاتان لەسەر كورد كردووە و سیاسەتێكی دووڕوویی و دوور لە ئێخلاقی لەسـەر كـورد بـەكار هێـناوە لـە كـاتێكدا بـۆ دژایـەتی لەگـەڵ سـەدام حوسـێن كـارتی كـورد بـەكار دێـنێ و خـۆی بـە هاوپـەیمانی كـورد لـەو بەشـەی كوردسـتاندا دەزانـێ بـەڵام لـە لایەكـی دیكە لە باكووری كوردستان، وێڕای توركیەی هاوپەیمانی بەشداری لە كوشت و بڕی كـورد دەكـا، ئـەوەش بگەڕێتەوە سـەر نەزمـی جـیهانی و ڕۆڵـی ئامریكا وەک تاقە زلهێزی جـیهان راستیەكەی ئەوەیە وەک فیلەسوفی گەورە چۆمسكی دەڵێ ناولێنانی ئامریكا وەک "پۆلیسی جیهانی" گەورەترین بێحورمەتییەكە هـەتا ئێستا بە پۆلیس كرابێ، چـوونكە ئەگـەر پۆلـیس سـەمبۆلی نـەزم و یاسا بێ ئـەوە ئامـریكا سـەمبۆلی تـێكدەری، بشـێوی و كوێخایەتی یە.

**سەرچاوەكان:**


(1) Skurk Stater، Noam Chomsky، 2001، p. 20
(٢) هەمان سەرچاوە، ل. ٢١
(3) Terror föder terror، John Pilger، 2001، Aftonbladet
(4) Skurk Stater، Noam Chomsky، 2001، p. 8-9
(٥) هەمان سەرچاوە، ل. ١٠
(٦) هەمان سەرچاوە، ل. ١٦
(٧، ٨) هەمان سەرچاوە، ل. ١٧
(٩، ١٠) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەكانی ٢٦، ٢٧
(11) Terror föder terror، John Pilger، 2001، Aftonbladet
(12، 13) Skurk stater، Noam Chomsky، 2001، p. 24
(14) Vem är krigsförbryttare?، J Pilger، 2002، Proletär
(15) USA:s roll i Mellanöster، Per Jönsson، september، 2001، DN
(16، 17) Skurk Stater، N Chomsky، 2001. p. 36-37، 56-57
(١٨، ١٩) هەمان سەرچاوە ل. ٥٥


* * *

پرۆفسۆر ئانتۆنی گیدینس
Antoni Giddens

# پێشوەچوونەكانی ئیمرۆیی دین

## تێڕوانینێكی كۆمەڵناسانە بۆ سەر فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامی

كۆمەڵناسـە گـەورەكانی وەک كـارل مـاركس، ئیمـیل دوركهـەیم و مـاكس وێـبر، هـەر سـێ لـە سـەر ئـەو بـاوەڕە بـوون بـە بەرەوپێشـچوونی كـۆمەڵ و لـە دونـیای مـودێرن دا، دینـە ترادیسـیۆنەكان هـەر دەم زیاتـر لـە بـاو دەكـەون و مارژینالـتر دەبـن. سێكولاریزاسیۆن، رەوتێكە كە هەر دەم زیاتر لە گەشەبووندا دەبێ و ناكرێ پێشی پێ بگیردرێ. لەو سێ كۆمەڵناسە تەنیا ماكس وێبر بـوو كـە پێشـبینی ئـەوەی كـردبوو كـە دیـنی ترادیسـیۆنی ئیسـلام بـە قۆناخێكـی نـوێ بـوونەوەی بـنەڕەتی دا تـێدەپەڕێ و سەرئەنجام دەبێتە بەردی بناخە بۆ ڕووداوە گرنگە سیاسی یـەكان لە كۆتایی سەدەی بیستەمدا. ئەم پێشبینی یەی ماكس وێبر راست لە ساڵی ١٩٨٠دا لە ئێران بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی وەڕاست گەڕا. لەم ساڵانەی دواییدا فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی كـە لـە سەر تێگەیشتن و موو بە موو جێ بەجێ كردنی دەقە پیرۆزەكان پێی دادەگرێ، ڕۆڵی گرنگیان لە ئاڵوگۆڕەكان لە وڵاتانی

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
دیکـەی وەک میسـر، سـوریا، لوبـنان و ئەلجەزایـر گـێڕاوە. هـۆی سەرهەڵـدانی فۆندامەنتالیزمـی ئیسـلامی چـیە؟ و بـۆ ئیسـلام کەوتووەتە بەر سیلەی ئاڵووگۆڕ و نوێ کاری لەم چەشنە؟ ئەو پرسیارانەن کە لێرە دا هەوڵ دەدرێ، وەڵامیان بدرێتەوە.

**پێشوەچوونی بیرو باوەڕی ئیسلامی:**

بـۆ ئـەوەی لـە سەرهەڵـدانی فۆندامەنتالیزمـی ئیسـلامی تـێ بگـەین، پێویسـتە هـەم ئیسـلام وەک دینێکـی ترادیسیۆن و هەمیش ئەو ئاڵـووگۆڕە جیهانـیانەی کـە لەسـەر ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی کە فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی تێدایە، کاریگەر و شوێن دانەر بوونە، هەر دوو بخەینە بەر تیشکی لێکدانەوە.

ئیسـلام هـەر وەک دیـنی کریسـتیان ئـەو توانایەی تێدایە کە لایەنگرانی خۆی بەرەو جم وجۆڵ و تێکۆشان هان بدا. قورئان وەک کتێبی پیرۆزی ئیسـلام، پڕیـەتی لـە ئامۆژگاری وا کـە چـۆن موسـڵمانێک لـە ڕێگـای خـودا و بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانی خودا خـەبات بکـا. بـە پێـی قـورئان خـەباتی موسـڵمانان دەبـێ هـەم لـە دژی کافرەکان بێ و هەمیش لە دژی ئەو کەسانە بێ کە بایەخە ئیسـلامیەکان هـەرزان فـرۆش دەکـەن. لە دەسپێکی هەزارەی دووهەمدا زۆر نەسلی جۆراوجۆری ڕیفۆرمخواز نەوە لە دوای نەوە هـاتن و ڕیفۆرمـیان لـە ئیسـلامدا پـەرە پێدا. ئەم دیاردەدەی ڕیفۆرم و نوێ گەرییە هەر وەک چۆنیش لە نێو کریستیان دا تەجرووبە کرا، ئیسلامی کرد بە چەند لەتەوە و پارچە پارچەی کرد.

هـەر لـە سـەرتای مێـژووی ئیسـلامەتیدا، خەواریجـەکان و پاشـاکان شـێعەکان ئیسـلامی ئورتۆدوکسـیان بـە جێهێشـت و ڕێـبازی جیاوازی خـۆیان پێکهێنا. خەواریجـەکان یەکـەم سێکتن کە لە نێو ئیسلام دا سەریان هەڵدا، ئەوان بە توندی لە سەر مافی وەک یـەک پێیان دادەگـرت و لـە هەمـوو جـۆرە ئیمتیازێکی مادیی و خۆش ڕابواردنێک دوورەپەرێزیان دەکرد و ئەو موسڵمانانەش کە گەیشــتبوون بــە مــاڵ و مقــام و ڕابــواردن لــە چاوێلکــەی خــواریجەکاندا تووشــی تــاوان هاتــبوون و بــە موسـڵمـانی ڕاسـتەقینە نەدەناسـێندران. ئەگەرچی تەمەنی خەواریجەکان وەک سێکت "فیرقە" زۆر درێژ نەبوو، بەڵام شوێنەوار و کار کردی گرینگیان لە پـاش خـۆیان بـەجێ هێشـت و تـەواوی بـزووتنەوە فۆندەمەنتالیستەکان کە دوواتر دەیانهەویست لە نوێ کردنەوەی ئیسلام دا ڕۆڵ بگێڕن و ئیسلام بگەڕێننەوە بۆ سەر بنەما ڕاستەقینەکانی خۆی، کەم و زۆر لە ژێر کاریگەری بیری خەواریجی دا بوون.

دووهـەم سـێکتی گـەورەی ئیسـلامی شـێعەکانن کە ئیمرۆکە وەک هێزێکی گرنگ دەژمێردرێن. شێعەیزم مەزهەبی فەرمی ئێرانە و سـەرچاوەی سەرهەڵـدانی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـرانیش هـەر بـۆ ئـەم مەزهەبـە دەگەڕێـتەوە. شـێعەکان بـنچ و بـناوانی خـۆیان دەگەڕێننەوە بـۆ ئیمامـی عـەلی کـە سیاسـەتمەدار و سـەرۆکێکی گـەورەی ئیسـلام لـە سـەدەی شەشەم دا بوو. . . شێعەیزم هەر لە سـەدەی ١٦ بـە دوواوە، مەزهـەبی ڕەسمـی ئێـران بـووە و هـەروەها وەک مەزهـەبی زۆر کەمایـەتی گـەورە گـەورە لـە وڵـاتانی ڕۆژهەڵـاتی نێوەڕاست دا بـە پەسـەند کـراوە. شـێعەکان بێجگـە لـە ئێران لـە وڵـاتانی وەک عێراق، تورکیا، عەرەبستانی سعوودی، پاکسـتان و هیـند دا دەژیـن. دەسەڵاتی سیاسی ـ ئیسلامی [لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا] لە دەستی زۆرایەتی، سونییەکانەوەیە. وەک چـۆن لە قورئان دا هاتووە و هەروەها وەک چۆنیش لە ڕێ و شوێن و ترادیسیۆنیش پارێزراوە، لە نێو ئیسلامدا ڕێگە بە بیروباوەڕ و ڕێـبازی جۆراوجـۆری (مەزهەبی) دەدرێ. بیرو باوەڕی "سوننە" (سوننی) بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەتایبەت لەم دوو، سێسەدساڵەی دواییدا، کاریگەری ڕۆژئاوای بەسەرەوە دیارە.

**ئیسلام و ڕۆژئاوا:**

لـە سـەدەکانی نێوەڕاسـتدا، شەڕوکێشـەی نـێوان کریسـتیان لـە ئـوروپا و جـیهانی ئیسلامی کە دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی زۆر لەو وڵـاتانەی کـە ئیمرۆ سپانیا، یۆنان، یوگسـلاوی، بولغارستان و ڕۆمـانی یـان پێدەگوتـرێ، هەبـووە و کـەم و زۆر بـەردەوام بوو. لە سـەدەکانی ١٦ و ١٧ دا کریسـتیانەکان ناوچـە داگیرکراوەکانیان لە ژێر دەستی موسڵمانەکان دەرهێنا. ئەم تێکشانەی موسڵمانەکان [وەدەرنانـیان لـە ئوروپا] زۆر شـوێنەواری قـووڵ و ڕووخێنەری لەسەر دین و کولتوری ئیسلامەتی دانا. چونکە هەتا ئەو دەم پان ئیسلامیسـتەکان پێیان وابـوو، ئەوە ئەوانن کە باشترین و پێشکەوتوترین جۆری کۆمەڵگایان لە جیهاندا دامەزراندووە. لە کۆتایی سـەدەی ١٩ دا، کاتێـک بـە یـەقین دەرکـەوت کـە ئیتـر جـیهانی ئیسـلامی ناتوانێ پێش بـە پـرش و لـێک بڵـاو بـوونەوەی خۆی لە بەرانـبەر کولـتوری ڕۆژئـاوادا بگـرێ، ئـەوە زۆر بـزووتنەوەی نوێخـوازی ئیسـلامی کـە ئامانجـیان گەڕانـەوەی ئیسـلام بـۆ [کاتـە زێڕینـەکان] بـوو، دامـەزران. جـۆرێک بیرکـردنەوەی بـاو ئـەوە بـوو کـە دەکـرێ ئیسـلام لـە بەرانـبەر مەترسییەکانی ڕۆژئاوا دا خۆ

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
رابگرێ، ئەگەر بێتو موسڵمانەکان یاسا خۆماڵییەکان دارێژنەوە و پاراستنی رێ و شوێن و عورف و عاداتی مەزهەبی بە هێز بکەن.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە سەدەی بیستەمدا، لە شێوازی جۆراوجۆر دا گەشەی ئەستاند، سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٧٩ـ ١٩٧٨ لە بنەڕەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ جۆرە بیرکرنەوەیەکی ئەوتۆ. شۆڕشی ئیسلامی وزە و توانای خۆی لە دژایەتی کردنێکی گشتی لە بەرانبەر شای ئێران، حەمەڕەزای پەهلەوی وەردەگرت کە لە ژێر کاریگەری رۆژئاوا بە تەمای مۆدێرنیزە کردنی ئێران وەک جێ بە جێ کردنی ریفۆرمی کشت و کاڵ، مافی دەنگدانی ژن، هەبوونی قوتابخانەی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی دین و مزگەوت، بوو. ئەو بزووتنەوەیە کە شای رووخاند، زۆر گرووپ و لایەنی بەبیروڕای جیاوازەوە لە دەوری یەکتری کۆ کردەوە، کە زۆر لەوان هیچ چەشنە پێوەندییەکیان لەگەڵ فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی نەبوو.

پێشەنگ و جڵەوداری شۆڕش، ئایەتوڵا خومەینی بوو کە دەرک و خوێندنەوەییەکی رادیکاڵی لە بیروباوەڕە مەزهەبییەکانی شیعە هەبوو. خومەینی دام و دەزگای بەڕێوەبەرییەتی وای رێکخست کە لەگەڵ یاسا کۆن و ترادیسیۆنە ئیسلامییەکان یەکدەهاتەوە. شۆڕشی ئیسلامی مەزهەبێکی لەو چەشنەی دەویست کە بە تەواوەتی لەگەڵ قورئان بێتەوە، واتە مەزهەبێک کە بە سەر هەموو بوارێکی سیاسی ـ ئابووری ژیانی خەڵکدا دەسەڵاتی هەبێ. لە سەردەمی لە دایک بوونەوەی نوێی یاسا ئیسلامییەکاندا، ژن و پیاو لە یەک جوێ کرانەوە، ژنان ناچار کران لە شوێنە گشتی یەکاندا سەروڕووی خۆیان داپۆشن، هاوجینس بازەکان سزای مردنیان لەسەر سەپێندرا و لادان لە چوارچێوەی پێوەندی ژن و مێردایەتی بەدەر بە نرخی تاوانی مردن تەواو کرا. دەبێ بگوترێ کە جێ بە جێ کردنی ئەم یاسا توند و تیژانە هەروەها رەهەندی بەهێزی هەستی نەتەوایەتی لە پشت راوەستا کە بەتایبەتی لەگەڵ هەر شوێن و کاریگەرییەکی کولتوری رۆژئاوا لە دژی رادەوەستا.

ئەگەرچی ئەو بیروباوەڕە سەرەکی یەی کە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی لە سەر دامەزرابوو، پەرە پێدانی شۆڕش لە هەموو جیهانی ئیسلامەتی لە دژی رۆژئاوا بوو، بەڵام ئەم ئامانجە لەو وڵاتانەی کە کەمایەتی شیعەی تێدا بوو، وەدی نەهات و شۆڕشی ئیسلامی لەم پێوەندیەدا سەرنەکەوت. وەلێ جێگای سەرنجە کە فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی و بزووتنەوەی رەنگاوڕەنگە وشیار کەروەکانی ئیسلامی لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا بە شێوەیەکی پان و بەرین لە جیهانی ئیسلامەتیدا پەرەی ئەستاند. یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، واتە دەوڵەتێک کە دام و دەزگاکانی بە شێوەیەکی ئیسلامیی رێکخرابێ و هەروەها تێکرای کۆمەڵگا حوکمە ئیسلامیەکانی لە هەموو بوارەکاندا بە سەردا زاڵ کرابێ، بەڵام گەیشتن بە ئامانجێکی وا هێشتا رێگایەکی دووری بۆ برین لە بەر ماوە و ئەم رەوتی [ئیسلامی کردنە] هێشتا بە تەواوەتی نەگەیشتووەتە چڵەپۆپە و هێشتا زۆر دەستە و تاقم هەن کە لە دژی دەردەکەون.

زوبەیدە (لە زانستگای کالیفورنیای ئامریکا)[1] دەزگای بەڕێوەبەری و دەسەڵاتدارییەتی ئێران بە سەر سێ گرووپ دا دابەش دەکا کە لە نێو یەکدا لە دژی یەکدی و ململانێ و بەربەرەکانی دان:

**رادیکاڵەکان:**

ئەمانە ئێستاش دەیانگەوێ پەرە بە شۆڕش بدەن و شۆڕشی ئیسلامی بە شێوەیەکی لێ بڕاوانەتر بۆ دەرەوە بنێردرێ.

**کونسیرڤاتیڤەکان، کۆنەپارێزەکان:**

ئەم گرووپە بە زۆری لەو تێکۆشەرە مەزهەبییانە پێکدێ کە لەو باوەڕەدان، شۆڕشی ئیسلامی ئێستا گەیشتووەتە ئاستێکی لەبار و بەرادەی پێویست پێگەیشتووە و هەر بۆیە دەبێ لەمەوبەدوا بپارێزرێ، واتە کەسانێکن کە بۆ خۆیان بە پلە و پایە گەیشتوون و زیاتر لە بیری پاراستنی پلەی خۆیان دان.

**پراگماتیکەکان:**

ئەمانە باوەڕیان بە ریفۆرمی ئابووری هەیە و دەیانهەوێ بازاڕی نێوخۆ باوەش بۆ بازاڕی دەرەوە ئاواڵە بکا و سەرمایەداری بێگانە بتوانن سەرمایەکانی خۆیان لە ئێراند وەگەڕ بخەن و بەگشتی ئەمانە باوەڕیان بە بازاڕ وتیجارەتی ئازاد هەیە. هەروەها ئەم

[1]- Zubaida, S. 1996; How successful is The Islamic Republic in Islamizing.

گرووپە لە دژی بە کارهێنانی دەقاودەقی یاسا ئیسلامییەکان لە سەر ژنان، بنەماڵە و سیستەمی قەزایین. ئەم تاقمە زۆر جاران لە بەرنبەر باڵی رادیکاڵدا هەڵویست دەگرن و لە دژایان رادەوەستن.

زوبەیدە لەو باوەڕەدایە، بەو شێوەیە کە مەزەندە دەکرا، شۆڕشی ئیسلامی نەیتوانیوە بە پان و بەرینی، سیستەمی کۆنی بەڕێوەبەری رۆژئاواییی سەردەمی شا و هەروەها شێوە ژیانی خەڵکی بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامی زۆربەی یاساکان لە پێوەندی لە گەڵ بنەماڵە کە رژێمی پێشوو دایناوبوو، نەگۆڕیوە و وەک خۆی هێشتوویەتەوە. هەروەها ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا رۆڵێکی چالاکانەتر دەگێڕن لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی وەک عەرەبستانی سعوودی.

**بلاو بوونەوەی ئیسلامێکی سەر لە نوێ لە دایک بوو:**

ناکرێ تەنیا لە تێرمە مەزهەبیەکاندا، ئیسلامی سەرلەنوێ لە دایک بوو ببینینەوە و تێی بگەین، بەڵکوو پێویستە ئەم سەرهەڵدانە نوێیە وەک دژ کردەوەیەک لە بەرانبەر کاریگەری و دەسەڵاتی رۆژئاواش ببیندرێ و لێبکۆڵدرێتەوە. واتە دژ کردەوەیەک کە دەیهەوێ بایەخە کولتووری و نەتەوایەتییەکانی خۆماڵی لە بەرانبەر رۆژئاوا دا بەهێز بکا. هەروەها بێ سوود و ناتەواویشە کە وشیاریی نوێی ئیسلامی تەنانەت بە جۆری زۆر فۆندەمەنتالیستی شێوە تەنیا وەک نوێ کردنەوەی باوەڕە ترادیسیۆنە ئیسلامییەکان ببیندرێ. ئەوەی کە لەو ماوەیەدا لە [وڵاتانی ئیسلامی] روویداوە زۆر لەوە پێچەڵپێچ و بە گرێ و گۆڵترە کە هەروا [بە سانایی بەسەریاندا باز بدەین. . ] لەم چەند دەیەی دواییدا بزووتنەوە فۆنەمەنتالیستە ئیسلامیەکان لە زۆر وڵات لە باکووری ئەفریقا، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئافریقا شوێن و کاریگەری زۆریان لە سەر موسڵمانەکان داناوە. لەم پێوەندیەدا ئەلجەزایر دەتوانێ نموونەیەکی باش بێ. لە دیسامبری **١٩٩١** دا "بەرەی نیجاتی ئیسلامی" سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنەکانی پارلماندا وەدەست هێنا. ئامانجە سیاسی یەکانی "بەرەی نیجاتی ئیسلامی" ئەوە بوو کە دەوڵەتێکی ئیسلامی وەک دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە ئەلجەزایر دابمەرزێنی. [بەڵام] ئەرتەش خۆی لە بارووددۆخەکە هەڵقورتاند و ئاکامی هەڵبژارنەکانی هەڵوەشاوە راگەیاند. [٢]

**لێکهەڵبەزینەوەی نێوان شارستانییەکان:**

زۆر کەسان لەو بارەیەوە نیگەران و ئالۆزن کە جیهانی ئیسلامەتی وەدوای بەرگری لێ کردن و دڵسۆزی نواندن بۆ بەشێک لە دنیا بکەوێ کە لە راستیدا ئەو بەشە لە دنیا چارەی [ئیسلامی سیاسی] نەوێ و وەک وان بیر نەکەنەوە. وا دێتە پێش چاو، وڵاتانی ئیسلامی لە بەرانبەر شەپۆلی دیموکراتیزە کردندا کەڕ و بێدەنگن و خۆیان لە دنیا دابڕیوە و تەریک خستوتەوە. لەو **٣٩** وڵاتە ئیسلامییەی کە ئیمڕۆ لە جیهان دا هەن، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان دەکرێ بە ناوی "لیبراڵ دیموکراتیک" ناوزەد بکرێن. تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەیە، بەڵام لەوێش ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە کە نیزامیەکان حوکوم دەکەن.

لە هێندێک وڵاتی (ئیسلامی) دا کە سەردەمانێک کەم تا زۆر دیموکراسی یەک هەبوو، ئەویش نەماوە یان کەوتووەتە ژێر زەخت و تەوژمی هەل و مەرجی تایبەتی و بەناو نائاسایی (ئەلجەزایر) . ئەگەر بێتوو بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئەلجەزایردا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، زۆر وڵاتی دیکەش بە دوایدا دەڕۆن. وڵاتی میسر کە حەشیمەتی **٥٥** میلیۆن کەسە، شەڕوانانی ئیسلامی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەوانیش بە تەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەو وڵاتەن. لە وڵاتانی مەغریب و لوبنانیش هەر هەمان هەلومەرج لەگۆڕێ دایە.

سیاسەتزان، ساموئیل هانتینگتۆن "Samuel Hantington" لە باوەڕدایە کە خەبات و ململانێی نێوان ئیسلام و رۆژئاوا لە پاش نەمانی شەڕی سارد و پەرە گرتنی گلۆبالیزم دەکرێ ببێتە بەشێک لە کێشەیەکی جیهانی کە بە ناوی "لێکهەڵبەزینەوەی نێوان شارستانییەتەکان" ناسراوە. ئیتر لەمەودوا دەڵەتە نەتەوەییەکان گرینگترین فاکتۆر لە پێوەندییە نێونەتەوەیەکاندا نین. لەمەو بەدوا شەڕوکێشەکان لە شێوەی کێشەی نێوان کولتووورە گەورەکان و شارستانییەتەکاندا رەنگ دەدەنەوە. ئێمە هەر لەو ماوەیەدا شایەتی کێشەیەکی ئاوەها لە بۆسنیا بووین کە لەوێدا بۆسنییە موسڵمانەکان لە دژی سێربەکان وەک نوێنەری کولتووری کریستیانی شەڕیان کرد. [٣]

---

[3][2]- Pilkington, E. 1991; Hopless democratic experiment. Guardian, 28 January.
[3]-Huntington, S. 1993 : One clash of civilizations, Foreign Affairs.



www.kurdistannet.org

دوو مەزهەبی ئیسلام و کریستیان هەر یەکە لە لایەکەوە لە سەر ڕاست و ڕەوا بوونی خۆیان و هەروەها ڕاستەقینە و خودایی بوونی خۆیان پێ دادەگرن. کریستیانەکان فێر بوون کە لەگەڵ کاپیتالیزم و دیموکراسی بژین و ئەگەریش باوەڕمان بە قسەکانی ماکس وێبر هەبێ، ئەوە دیاردەکانی وەک کاپیتالیزم و دیموکراسی لە ژێر کاریگەری دینی کریستیان (پرۆتیسیتاتیزم) سەیران هەڵداوە. بۆ زۆر کەس لە موسڵمانە "بە باوەڕەکان" گونجاندنێک لەو چەشنە لە ئیسلامدا زۆر ئەستەمە. ئەوان پێیان وایە بازاڕی کاپیتالیستی و دیموکراسی لیبراڵ تەنیا نیشانە و نموونەی دەرکەوتنی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوان و هیچی دی. لە نێو ئیسلامدا جیاوازییەک لە نێوان ژیانی شەخسی و کاروباری ئیداری و ڕەسمی دا نابیندرێ.
هەروەها ناکرێ لەبیر بکەین کە ئەم دوو دینە زۆر لایەن و دیوی هاوبەشیان هەیە، هەتاکوو لایەن و دیوی دژ بەیەک. ئەمەش لە خۆیدا شتێکی زۆر سەیر نیە، چونکە ئەم دوو دینە لە بنچ و بناوانەوە زۆر وەک یەک دەچن. هەر کام لەم دوو دینانە لە درێژەی مێژوودا بە سەدان شەڕی گەورە و خوێناویان قوماندووە. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە هەر دووک دین خاوەنی ترادیسیۆنی بەهێزی هێوری و سەبرو تۆلێرانسن. من هیوادارم ئەم دوو کولتوورە زۆر باشتر بتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دوور لە شەڕ، پێکەوە لەگەڵ یەکتری بژین.

**پەراوێزەکانی وەرگێر:**

ـ ئەم نووسینە لە کتێبی کۆمەڵناسی "Sociologi" لە نووسینی ئانتۆنی گیدێنس، وەرگێردراوە، ئەم کتێبە تایبەت بۆ خوێندکارانی کۆمەڵناسی لە زانستگەکانی ئورووپادا نووسراوە و هەرساڵ لە لایەن پرۆفسۆ گیدێنیەوە بابەتی نوێی لێ زیاد دەکرێ.
ـ ئانتۆنی گیدێنس خەڵکی ئینگلیز و پرۆفسۆری کۆمەڵناسییە لە لەندەن و هەروەها یەکێک لە فەیلەسۆفە ناودارەکانی سەردەمە. گیدێنس هەتا ئێستا بە دەیان کتێبی لە بواری کۆمەڵناسیدا نووسیوە و لە کۆمەڵناسیدا قوتابخانەی تایبەت بە خۆی هەیە و لە سەر Stcukturalism تیئۆرییەکی نوێی داهێناوە. هەروەها ناوبراو ڕاوێژکاری "تۆنی بلێر" سەرەک وەزیری ئینگلیزە.
ـ ئانتۆنی گیدنیس ئەم کتێبەی پێش لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبر نووسیوە و هەر بۆیە لەم بەشە لە نووسینەکەدا کە بەشێکی سەربەخۆیە بە ناوی "دین" ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی پاش ١١ی سێپتەمبر ڕەنگی نەداوەتەوە.
ـ تیئوریەکی ساموئیل واتە "لێکهەڵبەزینی شارستانییەکان" بە تایبەتی لە پاش ١١ی سێپتەمبر کەوتە بەر ڕەخنە و گازندەی رووناکبیرانی گەورەی وەک ئیدوارد سەعید و هی دیکە و بەتایبەتی بیرکردنەوەیەکی لەو بابەتە کە کێشەکان زیاتر قووڵ بکاتەوە و لە ڕوویەکی دیکەوە دەستی سیاسەتمەدارانی ئامریکای بۆ شەرفرۆشتن بە وڵاتانی دیکە لە ژێر ناوی شەڕ لە دژی دواکەوتووی و ناشارستانییەتی ئاواڵە بکا و تەنیا لە خزمەتی قازانج و بەرژەوەندییەکانی بەرەی شەرفرۆشدایە نەک ئاشتی و ئازادی و چارەسەری کێشەی گەلانی بن دەست. لە ڕاستیدا شەڕ و کۆشتار نیشانەی دواکەوتووین نەک شارستانیەت، بۆیە دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی ئامریکا ئیمرۆکە نوێنەرایەتی دواکەوتووی سیاسی دەکا، هەروەک چۆن تالەبان و ئەلقاعیدە و فۆنەمەنتالیستە ئیسلامیەکانی دیکەی نوێنەرایەتی دواکەتووی و پاشوەڕۆیی مەزهەبی دەکەن.

**تێبینی:**

ئەم وەرگێڕانە لە گۆڤاری "سیاسەت" ژمارە ١ بڵاوکراوەتەوە.

* * *

Dennis Overbye
گۆڤاری: Tempus

## زانست نە دینە نە سوورە و نە شین

**چۆن ئیسلام زانستی وەدەست هێنا و چۆنیش لە کیسی دا**

www.kurdistannet.org



کاتێک "هۆلاکۆ" نەوەی چەنگیزخانی مەغول لە ساڵی ١٢٥٦دا بە لەشکرێکی گەورەوە دەورەی شاری "هەڵەمووت"ی دا، رووناک بیری هەرە گەورەی ئەو سەردەمە "ناسرەدین تووسی" خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری ئەستێرە ناسی، ئیخلاق، ماتماتیک و فەیلسوفی دا بوو هەتا ئەو دەمە بە دەیان پەرتووکی لەو بوارانەدا نووسیبوو. تەنیا هۆیەک کە ناسرەدینی لەوێ نیشتە جێ کردبوو بوونی کتێبخانەیەکی گەورە لەو شارەدا بوو. کە "هۆلاکۆ" شاری داگیر کرد، "تووسی" لەگەڵی کەوت دواتر "هۆلاکۆ" شاری بەغداشی داگیر کرد و بوو بە دەسەلات داری هەرەگەورەی ناوچە. "هۆلاکۆ" بە پاسی ئەمەگناسی بۆ "تووسی" بینایەکی گەروەی بۆ لێکۆڵینەوە لە شاری مەراغەی باکووری رۆژئاوای ئێستای ئێران بۆ ساز کرد.

**یۆنانیەکان و قورئان رێگایان پیشان دا:**

ئەوەی کە بوو بە هۆی گۆڕانی ئایدۆلۆژیا لە لای "ناسرەدینی تووسی" واتە لە فیرقەی توندڕەوی شێعەی حەشیشە خۆری ئەساسیینییەوە دەست هەڵبگرێ و لەگەڵ "هۆلاکۆ"ی مەغول بکەوێ، تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە تووسی بە دوای ئیمکاناتەوە بوو کە لێکۆڵینەوەکانی بەردەوام بکا و گرنگ بۆ ئەو کاری زانستی بوو نەک بەستراوەیی ئایدۆلۆژیا. بە پێی قسەی پسپۆڕانی زانستی رێگا خۆشکەری ئەستێرەناسی مۆدێرن "تووسی" و قوتابیەکانین کە لە سەدەکانی ١٢ و ١٣دا زانستی ئەستێرەناسیان لە شارەکانی "هەڵەمووت" و "مەراغە"دا پەرە پێدابوو. نەتەنیا ئەسترەناسی بەڵکوو هەموو زانستەکانی دیکە لە رێگای "ئاتێنەوە" بۆ "ئەلەکساندریا"، بەغدا، "شام " و "کوردۆبا"ی ئیسپانیا لە نێوان کۆشکی خەلیفەکان و ژووری تاریکی کیمیازانان دا لە خولانەوەدا بووە. موسڵمانەکان کە لە قورئاندا ئامۆژگاری کراون کە بە دوای زانست دا بگەڕێن و نیشانەکانی بوونی خودا لە سورشتدا ببینەوە، لە ژێر شوێن دانەری زانستی کۆنی یۆنانیەکاندا بوون کە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا گەورەترین ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستیان لە جیهاندا دامەزراند. لە ماوەی ٥٠٠ ساڵدا زمانی عەرەبی هاومانا بووە لەگەڵ فێر بوون و زانست. ئێستا شوێنەوارە زێڕینەکانی ئەو سەردەمە لە زانستگا پێشکەوتووەکانی ئێستا دا وەک "جەبر" لە ماتماتیک، "ناوی ئەستێرەکان" و تێڕوانین بۆ "زانست وەک ئاکامی لێکۆڵینەوە" هەر ماوە.

دوکتۆر جەمیل راغیب، پرۆفیسۆری مێژووی زانست لە زانستگای "ئۆکلاهاما"ی ئامریکا، دەڵێ: *"هەتا سەرەتای سەدەی شازدە، ئورووپا شتێکی وای نەبوو کە بتواندرێ لەگەڵ دنیای ئیسلام دا بەراورد بکرێ."* بە پێی قسەی مێژوو ناسەکان هەر زانستەکانی رۆژهەلات و دونیای ئیسلامەتی بوو کە وزەی خستە رێنسانس و شۆڕشی زانستی لە ئوروپای رۆژئاوا پێکهات. عەبدولحمید سەبرا پرۆفیسۆری خانەنشین لە زانستگای "هاروارد" دەڵێ: *"شارستانیەکان لێک هەڵناپرژێن بەڵکوو لەیەکتر فێر دەبن و ئیسلامیش لەوبارەوە نموونەیەکی باشە."* پێوەندی رووناکبیری نێوان ئیسلام و یۆنانیەکان بە یەکێک لە گەورەترین رووداوەکانی مێژوو دادەنرێ، بە پێی قسەی "سەبرا" ئەم پێوەندی یە نەک تەنیا شوێنەواری گەورەی لەسەر ئیسلام دانا بەڵکوو لەسەر ئوروپا و هەموو جیهانیشی دانا.

**وێنە دژ بە یەکەکان:**

دوکتۆر عوسمان بەکر لە زانستگای "جۆرج تاون" دەڵێ: *"هیچ دژایەتی یەک لە نێوان ئیسلام و زانستدا نییە."* فاروق ئەلباز" جوگرافی زان کە کاتی خۆی راوێژکاری سەرۆک کۆماری میسری" ئەنوەر سادات" بووە. دەڵێ: *"هەتاکوو پتر بزانی زیاتر بوونی خودات لەلا دەسەلمێندرێ."* یەکەم موسڵمانی خەلاتی نۆبێل لە فیزیکدا عەبدول سەلام وتی: شتێک بە ناوی زانستی

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

مودێرنی ئیسلامی نییە و هەر ئاواش لە رۆژئاوا لەسەر ئیسلام بیر دەکرێتەوە، ئەمەش لە خۆیدا بووەتە مایەی دڵشکاوی هێندێک لە زانایان لە وڵاتانی ئیسلامی دا. بە پێی قسەی دوکتۆر بەکر، پێوەندی نێوان زانست و ئیسلام، یەکێک لە دەجەلە گەرمەکانی نێو وڵاتانی ئیسلامی یە. بەشێک پێیان وایە دەبێ زانستێکی وا لە وڵاتانی ئیسلامی پەرە پێ بدرێ کە بڕوایەکی رۆحانی و دینی بەسەردا زاڵ بکرێ، بەشێکی دیکەش لەو باوەڕەدا کە کۆنەپارێزی مەزهەبی لە رۆژهەڵات دا بووەتە ئاستەنگێک لە بەردەم پێشکەوتنی راتەقینە و پاقژدا.

**سەردەمی زێڕین:**

...کاتێک لەشکرەکانی محەممەد کە لە سەدەکانی ٦ و ٧ دا هەر لە ئیسپانیاوە هەتا "پارس"یان لە ژێر رکێف دا بوو، تەنیا خاکی ئەو ناوچەیانە داگیر نەکردبوو، بەڵکوو شوێنەوارەکانی "ئەفلاتۆن"، "ئەرەستو"، "ئەرەشمیدۆس"، "سوقرات" و زاناکانی دیکەی یۆنانیان کەوتبووە بەردەست. دیارە زۆر بەرلەوەتر کولتوری "هلینیستی" بە هۆی "ئەلکساندر" و کەمایەتیە مەزهەبییەکان و هەروەها مەسیحیەکانەوە بەرەو رۆژهەڵات پەلوپۆی هاویشتبوو. موسڵمانە نەخوێندەوارەکان لە کاتی داگیر کردنی ناوچەکان دا، مرۆڤە بلیمەتەکانی ناوچە داگیرکراوەکانیان دامەدەمەزراند کاری ئیداری و حیساب و کتێبیان بەوان دەسپارد. هەر لەو ماوەیەدا بوو بەر لەوەی بیری زانا و فیلەسۆفە یونانیەکان بگاتە رۆژئاوا لە لایەن رۆژهەڵاتی و موسڵمانەکانەوە هەڵ لوشرا و خۆیان کردبە خاوەن زانست. لە سەدەی هەشتەم خەلیفە "ئەبوو عەبباسی مەئمون" ئەنیستیتۆیەکی لە بەغدا بە ناوی "ماڵی ئەقڵ" دامەزراند. یەکەم شوێنەوارێک کە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، کتێبی ئەستێرەناس "فیتۆ لێمایس" بوو بە ناوی "سیستەمی گەورە" کە لەودا باسی ئەوە کراوە کە چۆن خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی دیکە بە دەوری عەرزدا دەخولێنەوە، ئەم کتێبە لە ماوەی ٥٠٠ ساڵدا سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی ئەستێرەناسەکان بوو. لوتکەی سەردەمی زێڕین لە نێوان سەدەکانی ٩ و ١٠ دا بوو کە زانا هەرەگەورەکانی سەدەم وەک "ئەبو عەلی حەسەن" ناسراو بە "ئیبن هەیسەم"، "ئەبو رەیحانی بیرونی" و "ئەبو عەلی سینا" سەریان هەڵدا.

- "**ئبنە هەیسەم**" ساڵی ٩٦٥ لە عێراق لە دایک بوو، بە هۆی لێکۆڵینەوە لە پێوەندی نێوان رووناکایی و بینایی چاو، بەردی بناغەی بۆ چاوپزشکی دانا. بە پێی قسەی دوکتۆر "داڤید لیندبەرگ" لە زانستگای "ڤیسکۆسین" ئیبنەهەیسەم لە پلەی زانایانی وەک "ئەرەشمیدۆس"، "کێپلێرس" و "نیۆتۆن"دا دادەنرێ.
- ماتماتیک زان، ئەستێرەناس و جوگرافی زان "**ئەبو رەیحانی بیرونی**" لە ساڵی ٩٧٣ لە ئوزبەکستانی ئێستا لە دایک بوو. ١٤٦ پەرتووک کە سەرجەم ١٣ هەزار لاپەڕە دەبێ، لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە. هەروەها لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و جۆگرافیانەی لەسەر وڵات هیندوستان کردووە.
- "**ئیبنە سینا**" لە بوخارای ئوزبەکستان لە ساڵی ٩٨١ لەدایک بوو. ناوبراو هەم فەیلوسۆف و هەمیش پزیشک بوو. فەرهەنگێکی پزشکی کە لە یەک میلیۆن وشە پێک هاتووە نووسیەوە. ئەم پەرتووکە هەتا سەدەی ١٦ لە رۆژئاوادا کەڵکی زانستی لێ وەردەگیرا.

**رێنسانسی زانست:**

...لە سەدەی ٩ هەتا سەدەی ١٢ شوێنەوارە زانستیەکان لە زمانی عەرەبی یەوە لە ئوروپا و بەتایبەتی لە ئسپانیا وەرگێڕدرانە سەر زمانی عبری و لاتین. دوکتور "کینگ" لە فرانکفۆرت دەڵێ: "ئاکامی ئەو وەرگێڕانانە لە زمانی عەرەبی یەوە بوو بە هۆی ئەوە کە زانست و بیر بە شێوەیەکی بەر بلاو لە رۆژئاوادا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و دواتر کۆمەڵگای رۆژئاوا لە ژێر ئەو ئاڵوگۆڕانانەدا دەورەیەکی نوێی لە ژیاندا دەست پێکرد.

**بەرەو هەڵدێر چوونی رۆژهەڵات:**

بۆ چی پێشکەوتنی زانست بەو شێوەیە لە رۆژئاوادا پەرەی گرت، لە رۆژهەڵاتدا پێش نەکەوت؟ بە پێی قسەکانی "سەبرا" لە زانستگای "هاروارد" لە راستی دا کەس وڵامێکی پڕ بە پێستی بۆ ئەم پرسیارە پێ نییە و بیروڕای جیاواز هەیە. هێندێک پێیان وایە مەغولەکان لە رۆژهەڵات لە لایەک و خاچ پەرستان لە رۆژئاوا لە لایەکی دیکەوە ئیمپراتۆری ئیسلامیان لە سەدەی ١٢ دا بەرەو هەڵدێر برد. مەسیحیەکان ئیسپانیایان لە دەست موسڵمانەکان دەرهێنا و هەر بە هۆیەوە کتێبخانە گەورەکانی "کۆردۆبا" و

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

"تۆلیدۆ" کە پڕ بوون لە پەرتووکی عەرەبی کەوتنە دەست ئەوان. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ناوەندە زانستیە ئیسلامیەکان لە یەک دەببڕێن و هەروەها پێوەندی ئیسلام لەگەڵ ڕۆژئاوا بپچڕێ...

لە کاتێکدا لە ڕۆژئاو زانست گەیشتبووە پلەیەک کە بۆ خۆی، خۆی فینانسە دەکرد و بە هۆی تکنیکی نوێ وەک مەکینەی هەڵم لە هەموو لایەکەوە پارە بۆ لای ناوەندە زانستیەکان رادەکێشا. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا زانست پێویستی بە یارمەتی خەلیفە و سوڵتانەکان بوو کە ئەوانیش لە بیری شتی وادا نەبوون.

دوکتور "ئەلباس" لە زانستگای "بۆستۆن" دەڵێ: *"عوسمانییەکان کە لە سەدەی ١٥ دا کە هەموو خاکی عەرەبیان داگیر کردبوو، تەنیا بێجگە لەوەی داگیر کەرد و بیناسازکەی ئازا بوون، دەنا پیاوی عیلم و زانست نەبوون"* ...

**ئیسلام و شەڕی زانست:**

هاتنی وڵاتانی ڕۆژئاوی کۆلۆنیالیست بە جارێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی وەخەبەر هێنا و بە حەسرەتەوەو چاویان بڕیبووە ئەو هەموو پێشکەوتنە تکنیکی، ئابووری و نیزامییە کە ڕۆژئاوا وەدەستی هێنابوو. هێندێک ریفۆرمخوازی ڕۆژهەڵاتی دەیانەویست لە دامەزراندنی سیستەمی نوێی پەروەردە، زانست و تکنیکی ڕۆژئاوایی فێری موسڵمانەکان بکەن و لانی کەم ئەوەی ڕۆژئاوا لە رابردوو دا لەوانەوە بە میرات پێگەیشتبوو، بگەڕێننەوە بۆ ڕۆژهەڵات... بە پێی قسەی "بەکر" لە زانسگای "جۆرج تاون" هێندێک وڵاتی وەک مالایزیا، ئوردۆن و پاکستان قورسایەکی زۆریان خستە سەر فێربوونی زانست و تەنانەت لە وڵاتێکی کۆنەپارێزی وەک سعودیەدا تەواوی زانستە سرۆشتیەکان بە زمانی ئینگلیزی لە قوتانخانەکاندا دەگوترێتەوە. بەڵام بە پێی قسەی پرۆفسۆر "پەرویز هوود بۆی" لە ئیسلام ئاباد، نە تەنیا وڵاتانی ئیسلامی لە بواری زانست دا پێش نەکەوتوون بەڵکوو هەر لە جێگای خۆشیان ماونەتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی رەسمی کە ناوبراو لە کتێبێکدا بڵاوی کردووەتەوە موسڵمانەکان لە بواری زانستدا یەکجار لاواز و هەژارن. لە کاتێک دا ٥ لە سەدی حەشیمەتی دنیا موسڵمانن، بەڵام تەنیا کەمتر لە یەک لە سەدی لێکۆڵەرەوەکانی جیهان موسڵمانن. بە پێی قسەی "هوود بۆی" تەنیا ئیسرایل دوو بەرامبەری هەموو وڵاتانی ئیسلامی لێکۆڵەرەوەی هەیە. "هوودبۆی" زۆر هۆکاری کۆمەڵناسییانە و ئابوورییانە لەم پێوەندیەدا دەستنیشان دەکا، بەڵام دەردی هەرە گەورە لەودا دەبینێ کە سەدان ساڵە موسڵمانەکان هەموو زانستێک لە قورئاندا دەبیننەوە. "هوود بۆی" دەڵێ: *"ئەو باوەڕەی کە هەموو زانستێک لە قورئانەوە سەرچاوە دەگرێ، وای کردووە کە موسڵمانەکان بیری نوێ، ئانالیز، رەخنەگرتن و دۆزینەوەی شتی نوێ وەپشت گوێ بخەن و لەراستی دا توانای پێشوەچوون لە نێو ئەواندا بمرێ."* "برۆنۆ گیدرۆنی" کە فیزیک زانی دانیشتووی پاریسە و بۆ خۆشی موسڵمانە دەڵێ: *"موسڵمانە توندڕەو پاشوەڕۆکان، تەنیا لە بەر ئەوەی زانست بە هی ڕۆژئاوا دەزانن، دووری لێ دەکەن و بەلایدا نارۆن."* هوود بۆی دەڵێ: *"موسڵمانی وا هەیە دەڵێ ئاوا کاتێک لە ئوکسیژن و هیدرۆژن پێکهاتووە کە خودا بیهەوێ، دەنا پێک نایە"*...

زانست شتێکی نێونەتەوەیی یە، زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەرەوەکانی دونیا لەسەر ئەو باوەڕەن کە زانست هیچ بەستراوەییەکی ئێتنیکی، مەزهەبی و نەتەوەیی نییە. تەنیا دونیایەک هەیە، پرسیار و وەڵام لە سەر ئەم دونیایەش لە پرۆسەیەکی درێژ خایەندا بە لە پەردەنەمانی گومانەکان ڕوون و ئاشکرا دەبن. زانست شتێکی نێونەتەوەیی یە و لە بنەڕەتدا شتێک بە ناوی زانستی ئیسلامی بوونی نییە.

**تێبینی:**

ئەم وەرگێڕانە لە گۆڤاری "کوردستانی ئیمڕۆ" ژمارە ١٦ بڵاوکراوەتەوە.

* * *

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

زەکی لائیدی، لێکۆڵەرەوەی فەرانسایی




# جیڤانۆکە کۆنەکان. شەڕەنوێیەکان

***چۆن لە گەڵ دوژمنێک شەڕ بکرێ کە خۆی خزاندووەتە نێو تۆڕەکانمان و لە دەوربەرماندا لە هاتوچۆدایە؛ چۆن دەکرێ لەگەڵ قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا بەربەرەکانی بکرێ کە لە هەمانکاتدا قاچاخفرۆشی بەنابەریش دەکا؛ »زەکی لائیدی« لێکۆڵەرەوەی فەرانسایی لەو باوڕەدایە کە ئیمرۆ جیهان لە بەرانبەری زۆر جۆری شەڕی نوێدا راوەستاوە کە ناکرێ بە شێوەی چەکداری بەربەرەکانیان لەگەڵ بکرێ.***

هەر لە کەوتنەخوارەوەی یەکەم بۆمبە ئامریکاییەکان لە ئەفغانستان، بیروڕای گشتی جیهانی یەکدەس و یەکدەنگ نەبووە. کەس لەوە سەری سوڕ نامێنێ کە بۆچی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک ئامریکا لە پاش ١١ی سێپتێمبەر دژکردەوەی وا لەخۆی نیشان دەداو هەڵوێستێکی وا هێرشکەرانە دەگرێتە بەر، لە لایەکی دیکەشەوە کەس نابێ خەیاڵی ئەوەبکا کە ئەم بۆمبارانەی ئامریکا دەتوانێ کێشەیەک چارەسەر بکا. شەڕە گەورە و خوێناوییەکان لە ڕابردوودا دەیانتوانی ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشەکانی دنیا ببینەوە بەڵام لە پاش ١١ی سێپتێمبەر کێشە و پێچەڵپێچی شەڕ لە گەڵ ئەوەی مافی ڕەوای دژەهێرش جارێکی دیکە لە جێگای خۆی دەمێنێ، زیاتر دەردەکەوێ.

بە بێ ئەوەی پێشبینی بکەین کە لە پاش ئەم شەڕە چ دەقەومێ، هەر لە ئێستاوە دەتوانین دوو دەرس لەم قەیرانە کە هەتا ئێستا زنجیرە دژکردەوەیەکی جۆراوجۆری لە پاش خۆی بە جێهێشتووە، وەربگرین:

یەکەم: ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەر وەک تاوانێک لە بەرانبەر نەزمی جیهانیدا چۆن دەکرێ لێکبدرێتەوەو چ مانایەک دەبەخشێ؟

دووەم: ئەوەی کە زۆر کەس لەوماوەیەدا وەک کێشەو لێکهەڵبەزینەوەی نێوان شارستانییەتەکان واتە کێشەی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا تێی تێگەیشتوون چییەو چۆن پێناسە دەکرێ؟

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەر بە ڕوونی دەریخست کە ئەو نەزمە جیهانییەی کە لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٩ لە پاش ڕووخانی دیواری بەرلین هاتبووە کایەوە، گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی. لە دەسپێکی ئەو قۆناخەداو بە تایبەتی لە پاش شەڕی کوییەت، مەزەندەی ئەوە دەکرا کە لە سەر وێرانەکانی یەکییەتی سۆڤیەتی تێکڕووخاو، نەزمێکی نوێی جیهانی دابمەرزێ. بەڵام ڕووداوی ترسناکی ١١ی سێپتێمبەر کە بە هۆی کەسانێکی نەبەستراوە بە دەوڵەتێکەوە قەوما، نیشانیدا کە ئەو مەزەندانە هەڵە بوونەو پێویستەسەرلەنوێ بە خۆماندا بچینەوە. هەرلەئێستاوە، ئێمە نابێ لەوە زیاتر باسی سیستەمێکی نێونەتەوەیی بکەین، بەڵکوو دەبێ باسی نەزمێکی نوێی سیستەمی کۆمەڵایەتی جیهانی بکەین. لەم سیستەمە نوێیەدا دەبێ وێڕای دەوڵەتە نەتەوەییەکان، بازار و هەروەها ئاکتۆرە غەیرەدەوڵەتییە کۆمەڵایەتییەکان بەشدار بن. ئیمڕۆ پێوەندی نێوان ئاکتۆرە نادەولەتییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر گرژ و شەڕانیتر دەبێ. [. . . ]

ئامریکا دەیهەوێ لە دژی ناوەندی کۆکردنەوەی داهاتی تیرۆریزمی ئیسلامی خەبات بکا، بەڵام لە یەکەم لیستەی ڕەشێکدا کە بڵاوی کردووەتەوە، ناوێک لە چکۆڵەترین ناوەندی ماڵیی سعوودی نەبراوە. عەربستانی سعوودییەک کە دۆستی هەرەبەوەفای ئامریکا لە دنیای عەرەبە و هەروەها نزیکترین وڵاتیشە بە تۆڕی بینلادین. ئاکتۆرەکانی بازاڕ ڕەنگە ئامادە بن لە خەباتی دژی تیرۆریستیدا بەشدار بن بەڵام لە هەمانکاتیشدا لە بەرانبەر هەر چەشنە کراوەیەکی بەبێ قەیدو شەرتدا دوودڵی نیشان دەدەن. تۆڕی تیرۆریزم بەوشێوەیە ڤین و بێزارییەکانی خۆی بە سەر ئامریکادا هەڵڕشت و لەو ئیمکاناتەی بازاڕ و دیمۆکراسی پێکیهێناوە، کەڵکی خرابی وەرگرت. ئەوەی کە بۆ ئامریکا زۆرتر تراژیدیایە، ئەوەیە کە هەتا ئێستا وابیر دەکرایەوە کە کلیلی

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
چارەسەرییەکانی جیهان لە لای "بازاڕی دیموکراتیکە" بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوە لەبیرکرابوو کە دوژمن ڕاست دەتوانێ کەڵکی خراپ هەم لە بازاڕ و هەم لە دیموکراسی وەربگرێ. لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە ئیمڕۆ جیهان خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئاکتۆرەکان کە لە هەمانکاتدا کە پێ لەسەر هاوکاری دادەگرن، لە هەمانکاتیشدا خسڵەتی " کانیبالیسم" (ئینسانخۆری) یان هەیەو هەربۆیە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر تێکەڵ پێکەڵ و بێ چوارچێوەتر دەبن. لە خەباتی دژی تیرۆریزمدا دەوڵەتە هەرە زلهێزەکان لە بەرانبەر دەوڵەتە هەرە هەژارەکاندا ڕاوەستاون، بەڵام لە هەمانکاتدا خسڵەتی عەشیری و دواکەوتوانەی ترادیسێۆنی کە وێدەچوو لە گەڵ لۆژیکی "فینانس ترانکسیۆنە" دوو ڕووەکاندا یەکانگیر بووبن، ئەوە ئیمڕۆ لە هەمبەری یەکتری ڕاوەستاون، واتە ستروکتورە بەهێزەکان لە هەمبەر ستروکتورە گەڕۆک و لاوازەکاندا. ئەمە لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێک بە مانای جیهاد لە دژی McWorld نیە، بەڵکوو جیهادە لە نێوەوەی McWorld.

ئیمڕۆ ڕەهەندی نوێی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی بە هۆی پێشینەی "تیرۆریزمی ئیسلامی" خەریکە بە دوو بەرە دابەش بکرێ. بەڵام ڕوون و ئاشکرایەو لە کەس شاراوە نیە، ئەوەی کە دەبینرێ تەنیا هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی ئەو هەموو تاوان و جەریمەیەی کە ئیمڕۆ لە ئارا دایە. ئەو جۆرە شەڕانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا، بێنە گۆڕێ، بریتی دەبن لە کێشە لە سەر نارکۆتیک، پەنابەری غەیرەقانوونی و هەروەها کێشە لە سەر ژینگە. تایبەتمەندییەکانی ئەم شەڕە نوێیانەش هەروەک ئەم شەڕەی ئێستایە (شەڕی دژی تیرۆریزم) ، یانێ نەدەکرێ دژکردەوە نیشان نەدەی، تەنانەت ئەگەر بە چەکیش بووە، نە بە شەڕیش هیچکام لە کێشەکان چارەسەردەبن.

ئێمە وردەوردە هەوڵدەدەین باشتر لە جیهانێک تێبگەین کە لەودا بەردەفرۆشی قاچاخفرۆشی نارکۆتیک خەریکە لە گەڵ ئەو پەنابەرانەی کە لەدەس بەدبەختی و چارەڕەشییەوە هەڵدێن و بە تەمای ژیانێکی خۆش ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، گرێ بدرێن. بەلەمەکانی پڕ لە پەنابەری مەراکیشی کە لە لایەن هێزەکانی دەریایی سپانیاوە، تەقەیان لێدەکرێ، دەکرێ وەک سەرەتای دەسپێکی "شەڕی پەنابەر" لە داهاتوودا بژمێردرێ.

ئاکامەکانی باروودۆخی ئیمڕۆیی دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازی نێوان باکوورو باشووری جیهان وەک گرینگترین مەسەلەی نێونەتەوەیی زیاتر قووڵتر بێتەوە. گرفتی پڕکردنەوەی ئەم قووڵاییە پرمەترسییەی جیهان یەکلایەنە ناکەوێتە ئەستۆی لایەک، بەڵکوو وەک یەک دەکەوێتە سەرشانی باکووری ئێگۆیست و تەنیا لەبیری خۆدابوو هەروەها باشوورێک کە ڕێبەرەکانی زێدەلەحەد چاوچنۆک و تەماح بازن. لە باروودۆخێکی ئاوەهادا دەبێ سیلەی هیوادارییەکان بەرەولای ڕەهەندی باشی ئەم کەوانەیەی خوارەوەڕابکێشرێ. واتە یەکەم چارەسەری کێشەی فەلەستین و ڕازی کردنی عەرەبەکان. دووەم: میزانکردنی ئابووری جیهانی و کەمکردنەوەی ناهاوتاییەکان. سێهەم: هەوڵدانی زیاترو بەخۆداچوونەوەی دەوڵەتەکان لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشدا.

ئەڵبەت نابێ لەبیر بکەین کە دارشتنی ئەم جۆرە پلان و گەلاڵە گشتی یانە ئەوپەڕی ساویلکەیشی پێوەدیارە. ئەو هێزانەی کە لەم پێوەندییەدا دەبێ بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ، لە هەمانکاتدا پێکەوە یەکجار نەساز و پێچەڵپێچن و ئەمەش چارەسەری کێشەکان زۆر زەحمەت دەکا. بەڵام ئەوەی کە لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بکرێ ئەوەیە کە هەل بەفیڕۆ نەدرێ و هەتا دەکرێ قازانجی وەخت بکرێ، ئەگەر ناکرێ کۆمەڵە کەنداو ساز بکرێ، ئەوە هەوڵ بدرێ چۆمەکان ساز بکرێ، ئەو چۆمانەی کە کۆنترۆڵیان لە دەستی خۆماندا بێ. هەر لەبەر ئەمەشە زۆر گرینگە کە لەلایەن ئامریکاوە سیاسەتی گوێ نەدان و لەدژ دەرکەوتنی ڕێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکان بە لاوە بنرێ، نەزم و یاسایەکی باشتر لە پێوەندی لە گەڵ بازرگانی جیهانیدا دابمەزرێ و هەروەها یارمەتی بدرێ کە درووستبوونی یەکیەتی ئوروپا بگاتە چڵەپۆپەو تەواو بوون. لە ڕاستیدا ئەرکی بەپەلە ئەوە نیە کە نەزمێکی نوێی جیهانی سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە، بەڵکوو ئەوە گرینگە کە لانیکەم بتوانرێ کێ بە کێ و بشێویەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ.

تەنیا قسەی زل زل بەس نیە، ئەگەر هاتباو کۆمەڵگای جیهانی لەم قەیرانەی ئیمڕۆ دەرسی وەرگرتبا، ئەوا دەبوا پێش هەموو شتێک هەوڵ بدرابا کە ئامریکا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر هاوکارییەهەمەلایەنەکان لە گەڵ بەشەکانی دیکەی دنیا و بە ڕاستی و لێبراوانە بۆ بنەبڕ کردنی تیرۆریزم هەوڵ بدا. لە ڕاستیدا لەم دوو مەیدانەدا هیچ کارێک نەکراوە.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر دەرس لێوەرگرتن لە خاڵی ژمارە دوو واتە کێشەی نێوان شارستانییەتەکان، پێش لە هەموو شتێک باڵەوەوە دەسپێبکەم کە هەر دوو بۆچوون لە سەر ئیسلام لە لایەک ساویلکانە و لە لایەکی دیکە بە پەلە و توندڕەوانەیە کە لە خراپ تێگەیشتن کولتوریانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەرپەرچ بدەمەوە، واتە چ ئەوەی کە دەڵێ ئیسلام لە بنەڕەتدا دینێکی باشە بەڵام بە لارێدا براوەو چەواشە کراوە، چ ئەوەش کە دەڵێ نەخێر ئیسلام هەر لە هەوەڵەوە لە گەڵ کولتوری توندو تیژە و شەڕ لە دایک بووە. ئێمە زۆر باش دەزانین کە لە ڕاستیدا ئیسلام هەروەک دینەکانی دیکە زۆر باش دەتوانێ خۆی تێکەڵ بە سیاسەت بکاو بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسی کەڵکی لێوەرگیرێ. بەڵام هەروەها ئەمەش ڕاستەو نابێ وەپشت گوێی بخەین کە هەر ئێمڕۆ ڕادیکاڵترین و کۆنەپارێزترین هێزە ئیسلامییەکان خەریکە بە لاوە بنرێن (نموونەی ئێران نیشانی داوە کە ڕێگەو شوێنی ڕادیکاڵەکان قایم و بتەو نیە، بەڵکوو لەرزۆکە، هەتاکوو دام و دەزگای دەوڵەتی و قانوونی زیاتر جێگەی خۆیان بتەوتر بکەن، ڕادیکاڵەکان زیاتر وەلا دەنرێن).

بەڵام بۆچوونی پێچەوانەش واتە ئەوەی کە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لە گەڵ گرووپێکی چکۆڵە پێناسە دەکا کە دەیهەوێ بە زۆر و زۆرداری بیروڕاکانی خۆیان بە سەر زۆرایەتی موسڵمانەکاندا بسەپێنن، هەڵەیەو لە ڕاستیدا لە تێگەیشتنێکی وشکی ڕۆژهەڵاتناسییەوە سەرچاوە دەگرێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی زۆر نزیکایەتی لە گەڵ ئەو بزووتنەوانە بە هەبوونی خسڵەتی دیکتاتۆریانە هەیە، کە بنکەی کۆمەڵایەتییان لە نێو خەڵکی فەقیرو هەژار بە هەبوونی بایەخە پاشوەڕۆکان هەیەو بە دانی وادەو بەڵێنی ژیانێکی خۆشتر سەرنجی لێشاوی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

بنکەی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لە نێو خەڵکی هەژارو فەقیردا پێ بە پێی شکان و سەرنەکەوتنی سیاسەتی نێوخۆی ڕژیمە عەرەبەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بە هێزتر دەبێ. ڕێگەچارەش بۆ ئەم پێشوەچوونە لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوە بووە کە لە باتی پاراستنی مافی هاوڵاتیبەتی خەڵک، خودی ڕژیمەکان ئیسلامیتر بوونە. ئەمەش وەک وەڵامێک لە سەرەوە بۆ ڕەوتی بە هێزبوونی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لە ژێرەوە واتە لە نێو خەڵکییەوە بووە. لەم پێوەندییەدا باری خراپی گوزەرانی خەڵکی و نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە بەهێز کردنی فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامییدا نەخشی زۆر گرینگ دەگێرێ. بیری ئەوەی کە موسڵمانەکان لە ڕابردوودا خاوەنی شارستانیەتێکی وا بەهێز بوون کە لە گەڵ شارستانییەتی ڕۆژئاوادا لە بەربەرەکانیدا بووەو تەنانەت ڕۆژئاواشیان خستبووە ژێر شوێنەواری خۆیان، بیرێکی ناوەندییە لە نێو بیرمەندانی ئیسلامیدا. ئەگەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵدا نەپارێزرابایە، ئەوە بێگومان ئیسلام نەیدەتوانی ببێتە خاوەنی هێزێکی وا میغناتیسی بۆ ڕاکێشانی خەڵک.

بێگومان هەر ئەم خۆبەستنەوە بە ڕابردوو لە لایەن موسڵمانەکانەوە نەبووایە ئەوە ئاورێکیان وە سەر باروودۆخی ئێستایان دەداو لە باری گوزەرانی خراپی کۆمەڵایەتی ڕزگاریان دەبوو. هەروەها دەکرێ بگوترێ کە ڕەنگە ناسیۆنالیزم بیتوانیبایە ئەم بیرکردنەوەیەی لە بیر و زەینی موسڵمانەکان دەرهاویشتبا. بۆ نموونە لا باکووری ئافریقا، ناسیۆنالیزم کەوتبووە ژێر کارکردوو شوێنەواری کەمالیزمی تورکی، لە کاتێکدا خودی کەمالیزم بنکەو بساتی ئیمپراتۆری موسڵمانی خەلیفەکانی لە بەین بردبوو، بەڵام قەد پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بە سەر ئەو بیر و بۆچوونەدا نەکراو لە ڕاستیدا ڕابردوو لە لای موسڵمانەکان وەک نەخشی سەر بەردی لێهاتووەو لە نێو نەچووە.

لە باروودۆخێکی وەهادا، ئیسلامییەکان ڕێگایەکی چەواشەی سیاسی پیشانی موسڵمانەکان دەدەن. ئەوان برایانی دینی خۆیان هان دەدەن کە گەورەیی و شکۆی ڕابردوو بە گەڕانەوە بۆ پاشوەڕۆیی و ترادیسیۆن جارێکی دیکە وەدەس بخەنەوە. شکان و بەمەبەست نەگەیشتنی دەوڵەتە نەتەوەییە ئیسلامییەکان لە[ سیاسەتدا] لەو بەشەی جیهاندا لە ڕاستیدا دەرکەی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر بیر و بۆچوونە ئیسلامیستییەکان لە سەر پشت خستووە. شەڕی پێشووی ئەفغانستان واتە شەڕ لە دژی سۆڤیەت لە دوو بارەوە گرینگیەکی یەکجار زۆری لە سەر ئیسلامیستەکان دانا. لە لایەکەوە ئەو وزەو توانایەی خستە بەر ئیسلامیستییەکان کە ئەوان دەتوانن بە سەر نوێنەرێکی ڕۆژئاوا وەک سۆڤیەتدا زاڵ بن، لە لایەکی دیکەشەوە تێکرووخانی خودی سۆڤیەت بە جۆرێک لەرزۆکی و پابەرجانەبوونی دەوڵەتە نەتەوەیەکانی خستە ڕوو.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

بەڵام وشیار بوونەوەی ئیسلامی لە خۆیدا تووشی گەلێک کەند و کۆسپ هاتووە، وەک ئەوە کە ناتوانێ و لە توانایدا نیە گەلاڵەیەکی پێشکەوتووی ئیسلامی لە بەرنامەکانی خۆیدا بگونجێنێ و هەمیشە و بەردەوام هەوڵ دەدا، خەڵکی دیکەو بەرانبەرەکانی خۆی وەک دنیای ڕۆژئاواو ئیسرائیل یان هەدووک پێکەوە، بە شەیتانیان بچوێنێ و خەتی ڕەشیان بە سەردا بکێشێ. نەبوونی مافی هاووڵاتییەتی لە جیهانی ئیسلامەتیدا بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ نەخۆشی بێ هۆیەتی پەرە بگرێ. ئەمە لە خۆیدا پارادۆکسێکی زۆر سەیرە کە هاوکات لە گەڵ پەرەگرتنی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا کەس مافی ئەوەی نیە باس و مناقشە لە سەر ئیسلام بکا و ئیسلام ناکەوێتە بەر ڕووانینێکی ڕخنەگرانە. ئەڵبەت دەبێ لەم پێوەندییەدا ئێران هەڵاوێرێ، چونکە ئەو جۆرە باس و خواسانە لەوێ هەیە. (کەوایە زۆر سەیر نیە کە لەندەن بووەتە پێتەختی موسڵمانەکان) . جیهانی ئیسلام بە تەنێ نیە کە هەموو بەدبەختی و چارەڕەشییە مێژووییەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی لایەنی دیکە، بەڵام بە نەبوونی باس و مناقشەیەکی ڕەسمی لە سەر ئەم بابەتە، بووەتە هۆی ئەوە کە هەموو بەدبەختییەکانی جیهانی ئیسلام یەک لایەنە بخرێتە ئەستۆی ڕۆژئاوا.

لێرەدایە کە دمەڵ و کوانی فەلەستین مانای ڕاستەقینەی خۆی وەدەس دێنێ. هیچ شک و گومانێک لەوەدا نیە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئامریکا هاوپەیمانییەتی لە گەڵ ئیسرائیل دەکا، ئەڵبەت بێجگە لە هەوڵەکانی کلینتۆن سەرەڕای زەخت و تەوژمەکانی کۆنگریس نەبێ، کە دەیەویست هەڵەو چەوتییەکانی ئامریکا ڕاست بکاتەوە. هەر ئەم پشتیوانی و هاوپەیمانەتی ئامریکا لە گەڵ ئیسرائیلە کە هەستی موسڵمانەکانی بریندار کردووە. بەڵام ئەگەر بێتو ئیسلامیزم لە گەڵ کێشەی فەلەستین هاومانا بکرێ هەڵەیەو بەڵکوو ناکرێ ئەو قەیرانە قووڵەی کە سەرتاپای جیهانی ئیسلامی داگرتووە تەنیا لە هەبوونی هۆکارێکی تاک و تەرادا لێکبدرێتەوە. سروشتییە کە دیتنەوەی چارەسەرییەک بۆ کێشەی فەلەستین دەتوانێ زۆر قازانجی سیاسی بۆ ئامریکا بەدواوەبێ، بەڵام کێشەی جیهانی ئیسلام زۆر لەوە قووڵترە کە تەنیا بە کێشەی فەلەستینەوە ببەسرێتەوە. کێشەی ئیسلام بەرلە هەموو شتێک کێشەیەکی خۆماڵی جیهانی ئیسلامەو بەڵکوو کێشەو لێکهەڵبەزینەوەی نێوان شارستانییەتەکان نیە. بەڵام ئەمە لە خۆیدا هەروا ئاسان نیەو دەبێ باکووری جیهان لەم کێشەیە بە ڕادەی پێویست خۆی بە بەرپرسیار بزانێ.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی Dagensnyheter لاپەڕەی ئەدەبی

**تێبینی:**

جیڤانۆک: ئەفسانە (بە زۆری لە کرمانجی سەروودا بە کار دەبرێ)

* * *

Carl Rudbeck

**سەرنووسەری گۆڤاری** Timbros

## ئیسلام و لیبرالیزم

لە نەکاو ئیسلام کەوتووەتە بەر نووکی تیژی هێرشەکان. دەنگە نارازییەکان لە هەموو لایەکی جیهانەوە بەرز دەبنەوە کە ڕووداوەکانی نیۆیۆرک و واشینگتۆن [١١ی سێپتەمبر] بخەنە ئەستۆی دینێکەوە کە گۆیا تێکەڵاوی لەگەڵ تێرۆر و تووند و تیژی زۆرترە لە دینەکانی دیکە. هەوڵەکە ئەوەیە کە تێکرای موسڵمانەکان لەبەر خاتری کردەوەی کۆمەڵێکی یەکگجار فەناتیک و توندڕەوەی ئیسلامی تاوانبار بکەن، کە لە ڕاستی دا ئەو کردەوە هیچ پێوەندیەکی لەگەڵ میلونان موسڵمانی دیکە ی‌نیە. لە بار وو دۆخێکی وەهادا پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی هەمە لایەنەی ترادسیۆنی لە سەر ئیسلام بکرێ و بزاندرێ ئایا بەڕاست ئیسلام

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

چیە و لەسەر چ بنەمایەک راوەستاوە، لێکۆڵینەوەیەک کە بێلایەنانە و دوور لە قین و مەبەستی لەپێشدا دیاری کراو ئەنجام بدرێ. لێکۆڵینەوە گەورە و پڕبایەخەکەی پرۆفیسۆر Michael cooks کە لە کتێبی " Commanding Right and Forbidding Wrong in Islamic Thought" بلاو کراوەتەوە، دەتوانێ لەم بارەیەوە یارمەتیدەرێکی باش بێ. سەربردەی لێکۆڵینەوە لە تێزێکی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەش، ئەو کاتەی کە ئەم ئایەتە بۆ محەممەدی پێغەمبەر هاتە خوارەوە و دوایش لە سوورەی سێ دا نووسرا *[خەڵکێک کە کاری چاکە دەکەنە پێشەی خۆیان، لە خراپە و ناپەسەند دوورەپەرێز دەبن و باوەش بۆ کاری شایستە و پەسند ئاوەڵە دەکەن. . . ]* ئایەتەکانی نێو کتێبی پیرۆزی ئیسلام لە ماوەی هەزار تا هەزار و پێنپسەد ساڵدا لە لایەن زۆر کەسانەوە تەفسیر و لێکدانەوەیان لە سەر کراوە، کە بێگومان ئایەتولا خومەینی دوایین لێکدەرەوە نەبوو. فوندامەنتالیستەکان لە زۆر ولاتی ئیسلامیدا رێنوێنی و دەستووراتی قورئانیان لە نێو سیستەمی قەزایدا گونجاندووە. تاڵەبانەکان لە ئەفغانستان چەن ساڵێک لەمەوبەر دامەزراوەیەکی نوێیان کردەوە کە ئەرکیان بلاو کردنەوەی "چاکە" و پێش گرتن بە "خراپە" بوو. لە عەرەبستانی سعوودیە دا ئەنستیتۆیەکی دەوڵەتی دامەزراوە کە ئەرکی بلاو کردنەوەی "چاکە" و بەربەرەکانە لەگەڵ "خراپە"یە.

ئەو ئایەتانەی کە لە لایەن "کوک"ەوە وەک بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەکەی هەڵبژێردراون، زۆر روون و ئاشکران. هەمووی ئێمەلە دژی خراپە و خوازیاری چاکەین. بەلام ئایا بە راستی کاتێک ئێمە خراپەیەک دەبینین چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی ئێمە و ئێمە وەک تاک دەبێ چ دژکردەوەیەک لە خۆمان نیشان بدەین؟ ئایا ئەمە دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەت یان بەرپرسیاران و یان دەکەوێتە سەر شانی تاک کە لە دژی کاری ناپەسند و خراپە و هەڵە تێبکۆشێ؟ لەم پێوەندیەدا بەتایبەتی لەگەڵ خاڵی ئاماژە پێکراوەدا، جیاوازیەکی زۆر لە زۆر بوارەوە لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەتدا هەیە. لە ئیسلام دا وەک چۆن لە لایەن زۆر دین ناس و رێبەرانی ئاینیەوە لێکدراوەتەوە، خودا ئەرکی ئاماژەپێکراوی خستووەتە ئەستۆی هەر موسڵمانێک کە بە باشترین شێوە جێبەجێی بکەن. فەیلەسوف و دینناسی گەورەی ئیسلامی، ئیمامی غەزالی کە لە سەرەتای سەدەی ١١ دا کۆچی دوای کرد نوێنەری جۆرە بیرێکی ئەوتۆی دەکرد. . . لێرەدا ئەرکێکی گەورەی ئێحلاقی دەکەوێتە سەر شانی هەر موسڵمانێک کە لە کاتی دیتنی شتێکدا کە بە پێچەوانەی دین ئەنجام بدرێ، هەڵوێست بگرێ و بە کردەوە خۆی لە کێشەکەوە هەڵقورتێنێ (ئەڵبەت لێرەدا جیاوازی لە نێوان دینناسەکاندا هەیە کە ئایا ژنیش هەمان ئەرکی دەکەوێتە سەر شان یان نە).

نموونەیەکی بەناوبانگ کە وەبیرهێنانەوەی لەم پێوەندیەدا پێویستە، چیرۆکی زێڕینگەرێکی خەڵکی "مەرو" لە ساڵی ٧٤٨ کە لە بەرامبەر ئەبوو موسلیم (سەرۆکی راپەڕینی سەکەوتووی عەبباسیەکان لە دژی ئەمارەتی دەسەلاتداری ئەو دەم) رادەوەستێ و پێی دەڵێ:*"من بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم کە لە دژی تۆ شەڕی جیهاد بکەم، بەلام لەبەر ئەوەی هێز و دەسەلاتی ئەوەم نیە کە ئەم شەڕە بە هۆی هێزی باسکەکانمەوە ئەنجام بدەم، ئەوا ئەم شەڕە بە زمان لەگەڵ تۆدا دەکەم."* ئەبو موسلیم بەم قسانە دەیری دەبێ و ئەم پێشەسازە کەلەڕەقە، نەچەماوەیە، هەر لەوەێ دەکوژێ، ئێستا گۆڕی ئەم کابرایە زیارەتەلانە و سەدان ساڵە خەڵکی دەچنە زیارەت کردنی. ئەم بە سەرهاتە چکۆڵەیە بوو بە هۆی قووتبوونەوەی پرسیارێک کە شارەزایانی ئیسلامی بە سەدان ساڵە باس و مەناقشەی لەسەر دەکەن. ئەگەر ئێستا هەر موسڵمانێک بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ کە لە بەرامبەر ناحەقییەکاندا لە دەسەلاتداران وەلام بخوازێ، ئەدی ئەمە دەبێتە هۆی چ و چ دەبێ؟ ئایا چۆن دەکرێ بالانس و هاوتایەک لە پێوەندی لەگەڵ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە کەسیەتیە و نەزمی کۆمەلایەتی کۆمەڵگایەکی قایم و جێگرتوودا ببیندرێتەوە؟ ئایا بۆ پێش گرتن لە هەرج و مەرج و بشێوی نابێ لە جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکەدا خوێ ببوێردرێ؟ وەلامەکان هەروەک لێکدانەوەکان فرە و جۆرواجۆرن. هەتاکوو لە دامودەزگای سیاسی دەسەلاتداریەتی نزیک بی ئەوە لێک دانەوەکان لەو چەشنەن کە نابێ تاک ئەرکە ئێخلاقیە کەسیەتیەکان راپەڕێنێ و دەبێ خۆی لێ ببوێرێ.

گومان لەوەدا نیە کە رێککەوتنێکی هەمەلایەنە لە سەر خاڵی ئاماژە پێکراو نابینرێ، بەلام لە نێو ئیسلامدا جەرەیانێکی وا لە ئارادایە کە تاک هان دەدا کە لە دژی دام و دەزگای حکوومەتی ناحەق و دەسەلاتداری خۆشنەویستوو راپەڕێ.

مەسیحییەت بە پێچەوانە زۆرجاران رێبەرە ناحەقەکانی قبوول کردووەو لە ژێر فەرمانیدا ماوەتەوە. وەک باوە لە مەسیحییەتدا دەگوترێ. " ئەمە قامچییەکە دەبێ مرۆڤە داماوەکان ژانەکەی بچێژن". زۆرکەم لە فیلەسوفان و دینناسە مەسیحییەکان وەک ئیمامی غەزالی تاکیان هان داوە کە لێپرسینەوە لە دەسەلاتدارە سەرەڕۆکان بکەن و ئەگەر هاتوو خۆیان نەگۆڕی و یارمەتی

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

چارەسەرکردنی وەزعی ئاڵۆزیان نەکرد، ئەوە بە هەر ئامرازێکی مومکین هەوڵ بدرێ ڕاست بکرێنەوە. ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە بەرحەقەکان لە کتێبی پیرۆزی موسڵمانەکاندا یان لانیکەم لە کتێبە لێکدانەوە ئائینییەکاندا مۆری سەلماندنیان لە سەر دانراوەو پەسەند کراون.

چۆن مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ خراپە و ناپەسەندییەکان بەربەرەکانی بکا، پرسیارێک بوو کە بوو بە هۆی باس و مناقشە لە لای زانایانی ئایینی لە سەدەکانی نێوەڕاست لە ئوروپا. زانایان ئەم ئەرکەیان بە سەر زۆر کاتێگۆری چکۆڵە چکۆڵە کە هەر کامەیان وەلامی تایبەت بە خۆی دەویست، دابەش کردبوو کە کووک لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە هەموویان دەکا. زۆر بە شێوەیەکی گشتی جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە بە سەر سێ شێوەدا دابەشکراوە:یەکەم؛ هێزی باسک دووەم؛ زمان وسێهەم دڵ. واتە مرۆڤ بۆ پێشگرتن لە کاری خراپەو ناپەسەند دەیتوانی لە زۆر و لێدان و برین یان لە زمان و قسەو ڕخنەگرتن (سەرکۆنە بە دەم) یان بێزلێکردنەوەو مەحکوومکردن لە دڵ و دەروونیدا کەڵک وەرگرێ. بەشێک لە زانایان لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم ئەرکە لە پلەی یەکەمدا دەکەوێتە ئەستۆی دەسەلاتدارەکان، لە پلەی دووهەمدا دەکەوێتە ئەستۆی زانایان و ڕووناکبیران و لە غەیری ئەمانەدا خەڵکی ئاسایی نابێ لە هیچ چەشنە شێوەیەکی مەترسیدار بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە کەڵک وەرگرن، ئەوان دەبێ تەنیا بەوە ڕازی بن کە کەسانی خراپی وەک کفربێژ، عارەقخۆر، مۆسیقار و ژن و پیاوی بێ ئێخلاق لە دەروونی خۆیاندا مەحکووم بکەن. لێرەدا هاتووە "ماندۆلین" [ئامرازێکی مۆسیقایە] و شووشەی شەراب شکاندن، کارێکی خودا پەسەندانەیە بەلام ئەوانەش کە ئەم کارە ناکەن لە شەڕ و گێچەڵ بەدوورن چونکە دوورەپەرێزی دەکەن و خۆیان لە کاری خەڵکی دی هەڵناقوورتێنن.

پاشان تەواوی ئەو کاتێگۆرییانە سەر لە نوێ بە سەر بەشی جیا جیادا دابەشکراون، بۆ ئەوەی لێبکۆڵدرێتەوە لە ڕاستیدا لە چ هەلوومەرجێکدا ئەرکی ئاماژە پێکراو جێبەجێ دەکرێ. زۆربە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە خۆبپارێزرێ، ئەگەر هاتوو دەرکەوت کە مەترسی گەورەی بەدواوە دەبێ یان ئەوەی لە باتی ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک مرۆڤ بۆخۆی تووشی هەڵەی قورستر ببێ.

ڕووناکبیرانی گەورەی ئیسلامیش لەم پێوەندییەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە و لە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە کۆڵیونەتەوە. یەکێک لە لێکۆڵەرەکان گەیشتە ئەو ئەنجامە کە کاتێک لە ڕاستیدا بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکێک نرخی تەواوی خۆی وەدەسدێنێ کە ئەو ئەرکە بە دڵخوازی ئەنجام درابێ و هەروەها دەربکەوێ کە ئەو ئەرکە لە ڕێگای عیشق بە خودادا ئەنجام دراوە. [. . . ] " ئیمانوئێل کانت" کە پێی لە سەر ڕاوەستانی توند و قایم لە سەرئێخلاق دادەگرت، ڕەنگە ئەم بۆچوونەی سەرەوەی زۆر بە دڵ بووبێ.

کووک هەموو قوتابخانەیەکی ئیسلامی هەر لە حەنبەلی و موتەزەللی وە بگرە هەتا وەهابی کە مەزهەبی زۆرایەتی سعوودییەکانە و هەروەها شیعەیزم کە ئێستاشی لەگەڵ بێ باس و مناقشەی لە ئێرانی ئیمڕۆدا لە سەر دەکرێ، بە سەر کردووەتەوە. هەرچەندە کووک بۆ خۆی پێیوایە کە ڕەنگە خوێنەرانی کتێبەکەی جارجارێک هەموو زانیارییەکان نەتوانن وەربگرن، بەلام لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ کراوەتە بناخە بۆ کتێبەکە. ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە نووسەر بێجگە لە زمانی عەرەبی، زمانەکانی فارسی و تورکیش بە باشی دەزانێ.

کووک هەولی لێکۆڵینەوەی ئەوە دەدا کە بزانێ ئیسلام بە گشتی چۆن لە قەدەغە بوون یان نەبوونی ئەرکی تاک دەڕووانێ؟ لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەتدا ئەم ئەرکە لە زۆر بارەوە جیاوازی هەیە. کووک دەڵێ مەبەست لە ئەرکی تاکە کەس پێش لە هەموو شتێک ئەوە نیە کە ئالیکاری کەسانی قوربانی تاوان بکرێ، بەڵکوو مەبەست ئەویە کە پێش بە کردەوەی خراپ و ناپەسەند بگیردرێ. ئەمە لە جێدا بە خاتری ڕەزامەندی خودا ئەنجام دەدرێ، نەک لە بەر خاتری هەستی مرۆڤدۆستانە. کاتێک مەسیحییەک پێش بە دەسدرێژی جینسی دەگرێ لە بەر ئەوەیە ژنێک لە دەسدرێژی پیاوێک ڕزگار بکا، بەلام کە موسڵمانێک ئەم کارە دەکا، لانیکەم لە بەر ئەوەیە پێش لە بێ ئێخلاقی و ئاکاری چەپەڵی ئەو کەسە بگرێ. هەروەها جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە لە لای موسڵمانەکان بە تەواوەتی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە مەسیحییە کە دەڵێ" *ئەوەی کە بۆ خۆی لە هەموو هەڵە و تاوانێک بێبەرییە، دەبێ یەکەم بەرد بهاوێژێ.* " بە دانانی شەرتێکی لەم چەشنە، هەر زوو دەردەکەوێ کە ئەرکی

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

ئاماژە پێکراو هیچ مانایەکی نامێنێ. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ هیچ جۆرە لەزیادەگوتنێک نیە، ئەگەر بگوترێ، لیبرالیزم زۆر بە زەحمەت تووانیویەتی لە نێو کولتوری ئیسلامدا ریشە دابکوتێ. کووک دەڵێ:" *ئیسلام بە خەڵکی دەڵێ باوەڕ بە چی بکەن و چۆن بژین بەڵام لیبرالیزم ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی بڕیار بدا کە باوەڕی بە چی بێ و چۆن بژی.*" کووک زۆر بە زەحمەت لێرەدا ساچان (کومپرێمیس) دەبینێ، ئەوەی لە کولتوری ڕۆژئاوادا دەگوترێ anything goes- individualism (هەموو شتێک پێوەندی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە) زۆر بە زەحمەت دەتوانێ لە نێو موسڵمانە وشک و کۆنەپارێزەکاندا جێ پێیەک بۆ خۆی بکاتەوە. زۆربەی ئەو دیناسانەی کە لە کتێبەکەی کووک دا ئاماژەیان پێکراوە، لە سەر ئەوە هاودەنگن کە دەڵێ هەڵەیە ئینسانەکان لە سەر هاوخوێنەکانی خۆیان واتە ئینسانەکانی دیکە سیخوڕی بکەن یان بە کردەوە وەدووی گوناحکارەکاندا بگەڕێن، تەنیا لە بەر ئەوەی سزایان بدەن. بەڵام ئەمە تەنیا لایەک لە مەسەلەکەیە. زۆربەی مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی ئیسلام ئەو بیرە زۆر نوێ و ڕۆژئاواییە کە دەڵێ:" *گوناحێک کە بۆ ئینسانەکانی دیکە هیچ زەرەد و زیانێکی نیە، پێویست ناکا گوناحکارەکەی سزا بدرێ*"، پەسەند ناکەن و ئێستاش وا بیر دەکەنەوە کە ئەمە لە لایەن خوداوە هەڵەیەو موسڵمانێکی باش و بەباوەڕ دەبێ ئەوەی لە تواناداهەیە بۆ پێشگرتن لە کاری ناشایست بیکا. [. . .]

ئەم بەراورد و لەبەریەکدانانە لە نێوان دین و بیرمەندانی جۆراوجۆردا تەنیا چەند لاپەرەیەکی لە کتێبە گەورەکەی کووک لە خۆ گرتووە. [. . .] لە ڕاستیدا کەس تەنانەت میکائیل کووکیش ناتوانێ کولتوری دەوڵەمەند، پان و بەرین و هێندێک جار جیاوازی ئیسلامی لە کتێبێکدا کورت بکاتەوە. لە گەڵ ئەوەش کتێبەکەی کووک دەتووانێ لە سەر ئەو تایبەتمەندییانەی وەک تێکەڵاوی دین و سیاسەت و "*ئەرکی باشتر کردنی دنیا لە سەر شانی هەر موسڵمانێک*" کە زۆرجاران بە ئیسلامەوە بەستراونەتەوە، ڕوونکردنەوەی پێوست بدا بە خوێنەران.

**سەرچاوە:**

بەشی ئەدەبی ڕۆژنامەی Dagensnyheter

**تێبینی:**

ئەم کتێبە لە لایەن دەزگای چاپەمەنی زانستگای Cambridge لە ئینگلیز بلاوکراوەتەوە.

* * *

**Per Jönsson**

## ئامریکا و دۆستە نەحسەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

**(ڕۆلی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ١٩٤٥ـ٢٠٠١)**



بۆ یەکەم جار نەوت بوو کە ئامریکای لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، تێوەگلاند، پشتیوانی کردن لە ئیسرائیل لە ڕاستیدا مێژوویەکی نوێتری هەیە. لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی هەتا ئیمڕۆ، هەموو سەرەککۆمارەکانی ئامریکا چ ویستبێتیان یان لە مەجبووری کردبێتیان ئەوە خۆیان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵقورتاندووە، شەڕیان هەڵخراندووە یان دایانمرکاندووەتەوەو داهاتێکی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە لەم ناوچە پڕهەستیارەدا تەرخان کردووە. سیاسەتی "بۆش" و "

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

بەرەنوێیەکەشی لە دژی تیرۆریزم" هەمان درێژەی ستراتیژی کلاسیکی ئامریکاییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە لەودا هاوپەیمانییەتێکی لەرزۆک لە دژی پرمەترسیترین دوژمنی کاتی دامەزراوە. نیو سەدەیە ئامریکا لە پێشوەچوونە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، خۆ هەڵدەقوورتێنێ.

لە بەرەبەری کۆتای شەڕی دووەمی جیهانیدا، لە فێڤرییەی ساڵی ١٩٤٥ " فرانکلین دی روزڤێلت"، سەرەککۆماری ئەودەمی ئامریکا، لە نێو پاپۆڕێکی هەڵمدا لە دەریای سوور چاوی بە ئیبنە سعوود شاو دامەرزێنەری دەوڵەتی سعوودیە دەکەوێ. وڵاتێک کە تەنیا چەند ساڵ بەر لەو ڕێکەوتە نەوتی لێ دۆزرابوەوە. ئیبنە سعوود ئەو کۆنە شەڕوانەی سەحرای عەرەبستان، ٢٠٠ سەر مەڕی زیندوو هەروەها کیسەیەک حەبی بەهێزبوونی جینسی پێ بوو، ئیتر نازانرێ ئایا ئەمانەی بۆ سەوقات لەگەڵ خۆ هێنا بوو یان تەنیا بۆ تویشووی ڕێگای خۆی ئامادە کرابوون. سەرەڕای ئەم جۆرە خۆ ناساندنە ناحەزەی ئیبنە سعوود، روزڤێلت بەڵێنی پێدا کە ئامریکا لە سەر ئیبنە سعوود حیسابی تایبەتی دەکاو عەرەبستانی سعوودیە وەک ناوەندی بە هێزی جیهانی عەرەب دەبینێ.

بەم شێوەیە زلهێزێکی وەک ئامریکا یەکەم هەنگاوی بۆ خۆ تێوەگلاندن لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، نا. لەم ڕێکەوتە بە دوواوە، هەموو سەرەککۆمارەکانی ئامریکا بەهەر نرخێک بۆیان تەواو بووبێ لەم ناوچە پرهەستیارەی جیهاندا، شەڕیان هەڵخراندووە یان شەڕیان دامرکاندووە.

ڕەنگە هەتا ئێستا "بۆشی چکۆڵە" پێی وابووبێ کە ئەو دەتوانێ بە سەر قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا باز بداو خۆی لێیان گێل بکا، هەروەک ئەوە لە بەرانبەر ڕاپەڕینە نوێ و سەرەنج ڕاکێشەکەی فەلەستیندا کردی. ئەو تەنیا خۆی بەوە ڕازی کرد کە درێژە بە سیاسەتی پێشووی کلینتۆن لە سەر بۆمبارانی جاربەجاری عێراق و هێشتنەوەی ئابڵۆقەی سەر سەدام، بدا.

بەڵام هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر نیۆیۆرک و واشینگتۆن، دام و دەزگای ئیداری بۆشی ناچار کرد کە سەرنجی سیاسەتی ئاسایشی ئامریکا بەرەو لای ناوچەکانی نێوان دەریای نێوەڕاست و هیمالایا ڕابکێشێ. لەو " بەرە نێونەتەوەییەی کە بۆش لە دژی تیرۆریزم" وەڕێی خستووە، جارێکی تر گەڕاوەتەوە سەر سیاسەتی کۆن و کلاسیکی جاران لە ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا واتە " سازکردنی هاوپەیمانەتی لەرزۆک لە دژی پرمەترسیترین دوژمنی کاتی".

لە کاتی شەڕی ساردا، بە زۆری کێشەی سۆڤیەت و "کۆمۆنیزمی جیهانی" لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ڕۆژەڤ دا بوو. یەکەمین قەیرانی دەورانی شەڕی سارد لە ئێراندا ڕوویدا. لەو سەردەمەدا بەشی باکووری ئێران لە لایەن سەربازانی سوورەوە لە ساڵی ١٩٤١ و هەروەها لە هەمانکاتیشدا بەشی باشوورەکەشی لە لایەن ئینگلیزەوە داگیر کرابوو، پاییزی ساڵی ١٩٤٥ لەو بەشەی کە سۆڤیەت داگیری کردبوو، ڕاپەڕینەکان سەریان هەڵداو کۆمارێکی سەربەخۆ دامەزرا. [لێرەدا مەبەستی نووسەر کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستانە] لە پاش هەڕەشەی دووقۆڵی ئامریکا_ئینگلیز و هەروەها دانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لە لایەن ئێرانەوە بە سۆڤیەت، ئەرتەشی سوور خاکی ئێرانی بەجێهێشت و هێزە ئێرانییەکانیش ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت کرد.

چەند ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٥١، سەرەک وەزیری ئێران محەمەد مسەدەق، نەوتی ئێرانی کە هەتا ئەو دەم لە ژێر کۆنترۆڵی ئینگلیزدا بوو، نەتەوەیی ڕاگەیاند. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە ئینگلیز و ئامریکا پێکەوە تۆڵە لە ئێران بکەنەوەو تەوژمی ئابووری بخەنە سەر ئەم وڵاتە. کاتێک دەرکەوت کە ئێران بۆ ڕزگاربوون لەو بارووдۆخە کە تێی کەوتووە، خەریکە پەنا بۆ سۆڤیەت بەرێ، ئەوە لە لایەن دەزگای سیخوڕی ئامریکاوە CIA کودیتا لە دەوڵەتی ئێران کراو مسەدەق لە سەر کار لابرا. پاش کودیتا شیرکەتە ئامریکاییەکان دەسەڵاتیان گرت بەسەر دەرهێنانی نەوتی ئێرانداو شای ئێرانیش کرا بە یەکێک لە دۆستە هەرە نزیکەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا.

هەر لەو دەمەوە دەرکەوت کە نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر لە پێشتر و گرینگتر بوو لە خەبات لە دژی تەنینەوەو بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی. کاتێک ڕۆزڤێلت و سەرەککۆمارەکانی دوای وی دۆستایەتی خۆیان لەگەڵ ئیبنەسعوود بتەو کرد، وادەهاتە پێشچاو کە ئامریکا بە نەبوونی ڕابردووی کۆلۆنیستیانە باشتر لە ئینگلیزی کۆنە کۆلۆنیالیست، ڕێگە بۆ پێشکەوتن و مۆدێرنیزەکردنی وڵاتی عەرەبستان بکاتەوە. بەڵام بەکردەوە وادەرنەچوو، بەڵکوو ئامریکا لە بینینی ڕۆڵی باوکایەتی بۆ عەرەبستان، ڕێگەی بۆ بەڕێوەبەرییەکی فیئۆدالیانە خۆش کرد. لە گەڵ ئەوەی کاتی خۆی حکوومەتی ئینگلیز بوو

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
کە دەوڵەتی عەرەبستانی بە مەبەستی قایمکردن و مانەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیستانەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا دامەرزاندبوو، بەڵام لە کاتێکدا ئینگلیزییەکان قوتابخانەو پرۆژەی پێشکەوتوویان لە کۆلۆنییەکانی خۆیاندا درووست دەکرد، ئامریکاییەکان بە بیانووی پاراستنی سەربەخۆیی سعوودیە، بە لایانەوە گرینگ نەبوو کە چۆن ئیبنە سعوود و هەزاران شازادەی دەوروبەری پەخشان تەخشان بە سەر پارەی نەوتی وڵاتەکەیانەوە دەکەن.
هەرلە کۆنەوەو ئێستاشی لەگەڵ بێ، بۆ ئامریکا نەوتە لەبن نەهاتووەکەی سەحرای عەرەبستانە، تاقە هۆکاری دۆستایەتی و هاوپەیمانییەتی لە گەڵ سعوودیە نەک شتی دیکە. هەربۆیە هیچکام لە سەرەککۆمارەکانی ئامریکا بە کردەوە نەیانویستووە یان نەیانوێراوە باسی مۆدێرنیزە کردنی بەڕێوەبەری و حکوومەتداری سعوودیە وەک شەرت و مەرجی هاوپەیمانییەتی بێننە گۆڕێ.
" جۆن ئێف کندی" هەوڵێکی داو توانی شا "فەهەد" ڕازی بکا کە بە شێوەیەکی فەرمی "بەردەداری" هەڵوەشێنێتەوە.
لە ماوەی سەرەککۆماری "کارتێر" و "ڕەیگان" بە ڕەزامەندی ئامریکا، سعوودیە پشتیوانییەکی قورس و قۆڵی ماڵی لە عێراق لە شەڕ لە دژی ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٨ـ١٩٨٠ کرد. لە ساڵی ١٩٨٤، واشینگتۆن لە گەڵ ڕژیمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن، وەک دووەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا، پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی خۆی ئاسایی کردەوە. ئەمە وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە لایەن ئامریکاوە لە ئێران دەهاتە نرخاندن کە پێنج ساڵ بەر لەو ڕێکەوتە (١٩٧٩ـ١٩٨١) تاج و تەختی شا لە لایەن ئایەتوڵا خومەینییەوە تێکومەکان درابوو، هەروەها باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران داگیر کرابوو.
دواتر ئامریکا و سعوودیە پێکەوە وێرای دیکتاتۆرە نیزامییەکانی پاکستان یارمەتی ماڵی و نیزامیان بە شەڕی گریلایی لە ئەفغانستان لە پاش هاتنە نێوەوەی ئەرتەشی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٩ کرد. هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە عوسامە بینلادین بۆ یەکەم جار دەرکەوت و وردە وردە بیری ڕێکخستنی توندو تیژی کەوتە کەلەوە. دەرکەوتنی بینلادین لە خۆیدا ئاکامی سیاسەتی دامودەزگای "ڕەیگان" بوو کە لە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە شەڕ لە دژی " دەسەڵاتی شەیتانی" کۆمۆنیزمدا پشتیوانی دەکرد.
گرینگترین کاتی دوایەی دەس لەملان بوونی ئامریکا و سعوودیە لە ساڵی ١٩٩١ـ١٩٩٠ هاتە کایەوە، ئەویش بۆ وەدەرنانی ئەرتەشی لە شەڕ قاڵبووی سەدام حوسێن لە کویەت کە لەچاوتروکاندنێکدا، هەموو خاکی نەوتاوی نیوە کەنداوی عەرەبی خستبووە مەترسییەوە. بۆ ئەم شەڕە "بۆشی گەورە" بە یارمەتی ماڵی هەرە گەورەی سعوودیە (٧٠ میلیارد دۆلار) و بە ڕەزامەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێزێکی نێونەتەوەیی (زیاتر لە نیو میلیۆن سەرباز) کۆ کردەوە. لە گەڵ ئەم هێزە تەنانەت وڵاتانی لە گەڵ یەکدی نەسازاوی وەک سووریە، میسر و مەراکیش ڕەگەڵ کەوتن.
بڕیاری سعوودیە لە سەر ڕێگە پێدان بە هاتنی هێزە هاوپەیمانە ٢٨ حکوومەتییەکان بۆ نێو خاکی سعوودیە و هەروەها جێگربوونی هێزە ئامریکاییەکان لەو وڵاتە و نەگەڕانەوەشیان پاش شەڕی کویەت، دواتر بوو بە بەڵا هەم بۆ سەر بنەماڵەی ئیبنەسعوود و هەمیش بۆ سەر ئامریکا. ڕێکخراوە فۆندەمەنتالیستە ئیسلامییەکان و لە نێو ئەواندا دارودەستەی بینلادین "القاعدە" قەبووڵیان نەکرد کە خاکی پیرۆزی مەکەو مەدینە بکرێنە بنکەی سەربازە جلکورتە کافرە ڕۆژئاواییەکان. ئیتر لەوەدەمەوە بنەماڵەی پاشایەتی سعوودیە و بنکە ئامریکاییەکان کەوتنە بەر هێرشی تیرۆریستی کە ڕووداوی فرەتێداکوژراوی [١١ی سێپتەمبر] گەورەترینی ئەو هێرشانە بوو. ئەگەر نەوت و شەڕ لە دژی کۆمۆنیزم هۆکارە هەرە گرینگەکانی پشتەوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵەتی نێوەڕاستی ئامریکان، کەوایە پشتیوانی ئامریکا لە ئیسرائیل بە زەحمەت جێگەی تێگەیشتنە. [. . . ]

**ئامریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

**کرۆنۆلۆژیا:**

:١٩٤٥

"فرانکلین دی روزڤێلت"، پەیماننامەی دۆستایەتی لەگەڵ سعوودیە دەبەستێ.

:١٩٤٧

"گەڵاڵەی دابەشکردن" لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگەتووەکانەوە لە سەر فەلەستین سەر ناگرێ و ئاکامەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٤ی مایی ساڵی ١٩٤٨ خۆی ڕابگەیەنێ.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

:١٩٥٣

مسەدەق سەرەک وەزیری ئێران لە لایەن دەزگای CIA کودیتای لێ دەکرێ و لە سەر کار لا دەبرێ لە پاش ئەوەی نەوتی ئێرانی ژێر سەیتەرەی ئینگلیزی نەتەوەیی کرد. شا پەهلەوی دەبێتە یەکێک لە دۆستە هەرە نزیکەکانی ئامریکا لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا.

:١٩٥٦

قەیرانی سوئێز: ئامریکا دەولەتانی ئیسرائیل، ئینگلیز و فەرانسا ناچار دەکا کە هێرشەکانیان بۆ سەر جەماڵ عەبدوول ناسر ڕابوەستێنن.

:١٩٦٧

شەڕی شەش ڕۆژە: ئیسرائیل سەحرای سینای میسر، بەرزاییەکانی جۆلان، کەناری ڕۆژئاواو غەزە داگیر دەکا.

:١٩٧٣

شەڕی ئۆکتۆبەر: بە نێوبژیویکەری ئامریکا، بە پێی ڕێککەوتنامەی " کەمپ دەیوید" ئیسرائیل سەحرای سینا چۆڵ دەکا.

:١٩٧٩

شای ئێران لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا دەرووخێ و باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران لە لایەن ڕژیمی توندڕەوی ئیسلامی خومەینییەوە داگیر دەکرێ. سۆڤیەت ئەفغانستان داگیر دەکاو دەبێتە هۆی ئەوەی ئامریکاو سعوودیە پشتیوانی بێ سنووری خۆیان بدەن بە گریلا ئەفغانییەکان.

:١٩٨٠

عێراق هێرش دەکاتە سەر ئێران، سعوودیە بە ڕەزامەندی ئامریکا خەرجی دەمودەزگای شەڕی سەدام حوسێن وەئەستۆ دەگرێ.

:١٩٩٠

عێراق کویەت داگیر دەکا و دەبێتە هۆی دامەرزاندنی هێزە هاوپەیمانەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتی ئامریکا و پشتیوانی کردنی ماڵی سعوودیە کە شەش مانگ دواتر هێزەکانی سەدام حوسێن لەوێ وەدەردەنێردرێ.

:١٩٩٣

ڕێککەوتنامەی "ئۆسلۆ" بە پشتیوانی ئامریکا واژوو دەکرێ و ئیسرائیل و ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین PLO ددان بە ناسینی یەکتریدا دەنێن.

:١٩٩٦

هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر بنکە نیزامییەکانی ئامریکا لە سعوودیە و کوژرانی ١٨ سەربازی ئامریکایی.

:١٩٩٨

هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر باڵوێزخانەکانی ئامریکا لە "کینیا" و "تانزانیا" و کوژرانی زیاتر لە ٢٠٠ کەس.

:٢٠٠٠

دەسپێکردنی سەرهەڵدانی "ئەلئەقسا" لە فەلەستین. تەقینەوەی بۆمب لە Uss Cole ئامریکایی لە یەمەن و کوژرانی ١٧ کەس.

:٢٠٠١

١١ی سێپتەمبەر

**سەرچاوە:**

Dagensnyheter

٢١ی سێپتەمبری ٢٠٠١

* * *

**Vanna Beckman**

**گۆڤاری Ordfront 9/ 2002**

## **شەڕوانانی جیهادکەری ئیسلامی** Made in USA

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

Vanna Beckmanکتێبەکەی John K. Cooley بە ناوی "شەڕی پیرۆز" کە لە ڕابردووی ۱۱ی سێپتێمبەر دەکۆڵێتەوە، خوێندوەتەوەو ئەم هەڵسەنگاندنەی خوارەوەی لە سەر نووسیوە:

*" کاتێک مرۆڤ بڕیار دەدا کە بچێتە شەڕی بەرهەڵستکارە هەرە گەورەکانی، دەبێ زۆر بە وردی ئەو ئینسانانەی کە لەم پێوەندییەدا وەک دۆست، هاوپەیمان یان سەربازی بەکرێگیراو، هەڵدەبژێردرێن، هەڵسەنگێندرێن. زۆر بە وردی لێکۆڵینەوە لە سەر هاوپەیمانەکان بکرێ کە ئایا ڕابردووی خراپیان نیە و ئایا ڕۆژێک لە پشتەوە خەنجەرت لێنادەن؟"*

ئەمە ڕاستییەکە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆم دا تەجرووبە کراوەو هەتا ڕۆژی ئیمڕۆش وەک بنەمایەک پەسەند کراوە. دەبوا سەرەککۆمار کارتێر ئەم بنەمایەی لە بیر بایە کاتێک بڕیاری دا کە لە دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان هاوکاری لە ئیسلامیستەکان وەربگرێ. ڕاکێشرانی ئیسلامییەکان بۆ نێو خەباتی دژی کۆمۆنیزمی جیهانی زەحمەت نەبوو، بەڵام کارتێر خەیاڵی ئەوەی نەکردبوو کە ۲۰ ساڵ دواتر وڵاتەکەی ڕاست دەکەوێتە شەڕ لە گەڵ ئەوانەوە.

"شەڕی ناپیرۆز" ناوێکی زۆر پرپەیێستە بۆ کتێبەکەی "جۆن کەی" کە هەتا ئێستا ئینگلیزییەکەی دوو جاران چاپ کراوەتەوە و هەروەها لە لایەن "ئیدوارد سەعید" پشەوە پێشەکی بۆ نووسراوە. [. . .].

کتێبەکەی جۆن کەی [. . .] زانیارییەکی زۆری کەم بیستراو دەدا بە خوێنەر: مێژووی موسڵمانەکانی چین هەر لە زەمانی چەنگیزخانی مەغولەوە، بەسەرهاتی فیرقەی حەشیشە خۆری شیعە لە باکووری وڵاتی پارس لە سەدەی سێزدەهەم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی "لەزگینەکان" کە بە هۆی ئەفغانەکانەوە پشێوانی دەکرێن و وڵاتەکەیان لە نێوان داغستان و باکووری ئازەربایجان دا دابەشکراوە، چەند نموونەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە زانیارییەکانی کتێبەکەن. [. . .]

. . . مرۆڤ تێگەیشتنی نوێ وەردەگرێ کە یەکیەتی سۆڤیەت لە ترسی وشیار بوونەوەیەکی ئیسلامی کە هەڕەشەی لە یەکیەتی خاکی سۆڤیەت کردووە، بۆ پاراستنی یەکێک لە هاوپەیمانەکانی هێرش دەکاتە سەر ئەفغانستان. لە لایەکی دیکەشەوە چۆن ئامریکا تەپڵی شەڕی لێداوە لە بەر ئەوەی پێیوابووە کە ڕووسەکان بە نێو خاکی ئەفغانستان دا دەیانهەوێ بەرەو ئەقیانووسی هیند بڕۆن. ئامریکا پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە دە ساڵ دواتر یەکیەتی سۆڤیەت هەرەس دێنێ و کێشەی ئەفغانستانیش دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی.

زۆر زانیاری دیکە لەم کتێبەدا هەن کە هەتا ئێستا نەگەیشتوونەتە میدیا و باس و بڵاو نەکراونەتەوە. بۆ نموونە باسی "کلووبی باخی وەحش". کلووبی باخی وەحش ناوێکی خوازراو بوو کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسی میسری "حەسەنینین هەیکەل" بەو گرووپە نهێنیە دەگوترا کە لە سەرۆکی دەزگای دەرەوەی سیخوری فەرانسە "گریڤ دو مارێنش" لە حەفتاکاندا، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی عەرەبستانی سعودیە کەماڵ ئەدهەم، سەرەککۆماری میسر ئەنوەر سادات، شای ئێران و شا حەسەنی دووەم لە مەراکیش پێکهاتبوو. ئەرکی سەرەکی ئەم گرووپە ڕاپەڕاندنی کار و خەباتی دژی کۆمۆنیستی لە جیهانی سێهەم دا بوو، بە بێ ئەوەی خۆیان ئاشکرا بکەن. یەکێک لە کارە هەرە بەرچاوەکانی ئەم گرووپە ئامادەکردنی ئەنوەر سادات بۆ سەفەری ئیسرائیل لە ساڵی ۱۹۷۷ بوو کە سەرئەنجام بوو بە هۆی مۆر کردنی پەیماننامەی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیل دا. هەروەها ئەم گرووپە لە دژی هێرشی سۆڤیەت لە ئەفغانستان کەوتنە کار و هاوکارییەکی باشی ئامریکایان کرد.

پاکستان، چین، عەربستانی سعودیە و میسر لە کێشەی ئەفغانستان دا گرینگترین دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئامریکا بوون. ئامریکا هەموو دەسەڵاتێکی دا بە بەرپرسە پلە بەرزەکانی دەزگای ئاسایشی پاکستان ISI و هەروەها لە میسر و ئامریکاوە چەک و چۆڵی لە ژمارە نەهاتوو بۆ پاکستان ڕەوانە دەکرا کە موسڵمانەکانی بۆ شەڕی گەورەی جیهاد پێ ئامادە بکەن. . .

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
بە هۆی ڕێکخراوە خێر خوازە ئیسلامییەکانەوە و کۆڕ و کۆمەڵی سەربە مزگەوتەکانەوە، هەزاران لاوی موسڵمان بۆ شەڕی جیهاد ئامادە کران. ئەو لاوانە لە کەمپی Connecticut و کەمپێکی نهێنی لە سکۆتلاند Skottland فێری مەشقە سەرەتاییە سەربازییەکان وەک گوللە هاویشتن دەکران. زۆر کەس لەو موسڵمانانە لە کەمپی جۆراوجۆری نهێنی نیزامی لە لایەن دەزگای CIA وە لە نێو خودی ئامریکادا ئامادە دەکران. بە تایبەت لە پێشاوەر و کویەتەی پاکستان لە ژێر فەرمانددەری دەزگای ئاسایشی پاکستان دا مەشقی سەربازییان پێدەکرا. لاوانی موسڵمان لە پاکستان، مالایزیا، فیلیپین، میسرو هەموو وڵاتە عەرەبییەکان کۆ دەکرانەوەو پاشان لە لایەن CIA وە فێری هەموو جۆرە مەشقێکی سەربازی وەک مەشقی ستراتیژی، خراپەکاری ناڕاستەوخۆ، تەقاندنەوە، فێربوونی چەکە مۆدێرنەکان، بۆمبدانانەوە و ئاگرتێبەردان دەکران.

جۆن کەیبۆ نووسینی کتێبەکەی لە زۆر سەرچاوەی دەوڵەمەند، کتێب، دەنگ و باسی میدیا و ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی کەڵک وەردەگرێ. ناوبراو لە ماوەی چل ساڵدا وەک ڕیپۆرتێر لە ڕۆژنامەی "کریستیان ساینس مانیتۆر"، ڕادیۆی ئامریکا و تەلەڤزیۆنی ABC لە وڵاتەکانی دەورووبەری دەریای نێوەڕاست دا کاری کردووە.

جۆن کەی باسی ئەوە دەکا کە چۆن پاش شەڕی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٩ کاتێک موسڵمانە جەنگاوەرەکان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان بە تەواوی گۆڕدرابوون وەک ئینسانی دیکە گەڕانەوە. ئەو موسڵمانانە بووبوون بە خاوەنی ئایدۆلۆژییەکی بتەوی ئیسلامی و هەروەها لە لایەن CIA وە کرابوون بە جەنگاوەری بەتواناش. ئەوان هەر لە گەڕانەوەدا دەستیان کرد بە ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان لە میسر، ئەلجەزایر، یەمەن، عەرەبستانی سعودیەو تونیس. لە پێشدا بە ڕەزامەندی دەوڵەتەکانی خۆیانەوە نێردرابوون بۆ ئەفغانستان بۆ شەڕکردن لە گەڵ کۆمۆنیزمی جیهانی ئێستاش بووبوون بە بەڵا بۆ سەر خۆیان. هەروەها لە وڵاتە موسڵمانەکانی بچڕاو لە یەکیەتی سۆڤیەت، هەر ئەو موسڵمانانە لە خراپەکاری و کردەوەی تیرۆریستی دا بە تایبەتی لە چیچان، تاجیکستان و شەڕەکانی قەرەباغ ڕۆڵی زۆر گرینگیان گێڕا. [. . .]

دەزگای ئاسایشی پاکستان لە شەڕی دژی سۆڤیەت ئەزموونی بە سوودی وەرگرتبوو، هەربۆیە ئامریکا ئەو مەترسییەی هەبوو کە پاکستان ئەو ئەزموون و زانیارییانە لە دژی هیند لە کەشمیر دا بە کار بێنێ.

جۆن کەی کتێبەکەیدا تەنیا باسی بڵاوبوونەوەی "پەتای تیرۆریزم" . . ناکا، بەڵکوو پەنجەی بۆ مەسەلەیەکی یەکجار گرینگی وەک کێشەی نارکۆتیکا کە لە "ناوچەکانی مانگی زێڕین" (ئەفغانستان، پاکستان و ئێران) بە هەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە و قازانجەکەی بە سەدان میلیارد دۆلار لە ساڵدا مەزەندە دەکرێ، ڕاکێشاوە. [. . .]

جۆن کەی باسی کۆبوونەوەیەکی نێوان بەرپرسی دەزگای سیخوری دەرەوەی فەرانسە "مارێنش" و سەرەککۆمار ڕەیگان لە ساڵی ١٩٨١ دەکا. لەو کۆبوونەوەیەدا ڕەیگان گووتویەتی: " تەواوی نارکۆتیکە دەسبەسەرداگیراوەکان بە ئێوە دەدەم بە مەرجێک ئەو بەڵایەی "ڤیتکۆنگ" بە سەر ئەرتەشی ئامریکا لە ڤیتنام هێنای، ئێوەش بە سەر ئەرتەشی سۆڤیەتی بێنن، لە ڕێگای نهێنییەوە نارکۆتیکا بگەیەنن بە سەربازەکانی سۆڤیەت، ئێوە باش دەزانن کە مێشوولوولەیەک چۆن دەتوانێ زەحمەت و گرفتی گەورە بۆ ورچێک پێکبێنێ. " . . .

سەربازە ئەفغانییەکان لە هەر دوولا [ چ ئەوانەی شەڕی پیرۆزیان دەکرد و چ ئەوانەی لە سەنگەری کافران دا دەجەنگین] لە وەرزی پێگەیشتنی گوڵی خاشخاش [تریاک] دا دەستیان لە شەڕ بەردەدا و هەتا بیانتوانیبایە تریاکیان دەفرۆشت. بەرهەمهێنان و فرۆشتنی مادەی مۆرفین و هیرۆئین بوو بە گەورەترین سەرچاوەی ماڵی بۆ هەموو لایەک چ لە بەرەی شەڕی پیرۆز و چ لە بەرەی شەڕی ناپیرۆز.

لێرەدا هەم ئامریکایەکان و هەمیش تاڵەبانەکان دوو ڕووانە جووڵانەوە. هیچ سەرەککۆمارێکی ئامریکا نەبووە کە "شەڕ لە دژی نارکۆتیکا" ڕانەگەیەنێ. ڕێکخراوی خەبات لە دژی نارکۆتیکا لە ئامریکا بە ناوی DEA هەتا ئێستا بە میلیارد دۆلاری لەم ڕێگەیەدا لە کیس داوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە CIA و هاوپەیمانەکانی لە بڵاوکردنەوەی نارکۆتیکا دا نەخشی گرینگ دەگێڕن.

بە هەمان شێوەش تاڵەبانەکان دەیانگووت: *"موسڵمانە ڕاستەقینەکان نابێ لە بڵاوکردنەوەی نارکۆتیکادا دەستیان هەبێ"*. لە لایەکی دیکەشەوە نارکۆتیکا سەرچاوەی پارە بوو بۆ ئەوان.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

هەموو کەس دەیزانی کە قاچاخفرۆشانی نارکۆتیکا لە ڕێگای پاکستانەوە چەک و چۆڵیان دەبردە ئەفغانستان و لەو سەرەوە نارکۆتیکیان لە گەڵ خۆیان دەهێنایەوە. لە بەر ئەوەی ناردنی مۆرفین لە تریاکی خۆشەنەکراوە ئاسانتر بوو، لە نێو ئەفغانستان دا، کارگەی بەرهەمهێنانی مۆرفین وەک کارگ هەڵتۆقین و لە هەموو ئەفغانستان دا بڵاو بووەوە. [. . . ] ئێمرۆ ئەفغانستان، پاکستان و ئێران گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی هیرۆئین لە جیهان دان و بە هەزاران ئینسان لە هەر چوار قوژبنی جیهان بە هۆی ئەوانەوە دەمرن.

**تێبینییەکانی وەرگێڕ:**

ـ ئیدوارد سەعید یەکێک لە گەورەترین ڕۆژهەڵاتناسەکانی سەردەمە، بە ڕەگەز فەلەستینی و دانیشتووی ئامریکایە. یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی، کتێبێکە بە ناوی "ڕۆژهەڵاتناسی". ئیدوارد سەعید لە پێشەکی کتێبی شەڕی پیرۆز دا دەنووسێ: "ئەم کتێبە نیشان دەدا کە بزووتنەوە میلیتانتە ئیسلامییەکان تەنیا لە لایەن هەژارە سەرلێشواوە هیوا بڕاوەکانی کۆمەڵگای ژێر ستەم و چەپۆکی ئیسلامی دانەمەزراون، بەڵکوو زلهێزێکی وەک ئامریکاش لە دروستکردنیاندا دەستی هەبووە". . . " ئەم کتێبە لە خۆیدا هاوتای نیە و ئێمە دەبێ زۆر خۆمان بە بەختەوەر بزانین کە ئەم کتێبەمان وەدەس کەوتووە. "

ـ ئەم ووتارە کورت کراوەتەوە.

* * *

**Maj Wechselmann**

**گۆڤاری سوئێدی Ordfront 9/ 2002**



## پێویستی یمان بە بوونی ڕاستی و یەکسانی هەیە

[. . .]

لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، بۆ پاراستنی خەڵکی سیڤیل لە کاتی شەڕ و کێشە نێونەتەوەییەکاندا، کۆنوانسیونەکانی ژنێڤ پەسەند کران و هەتا ئێستا ١٧٢ دەوڵەت واژووی کردوون.

لە بەشی چوارەمی یەکێک لە بەڵگەنامەکانی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ دا کە تایبەتە بە "پاراستنی خەڵکی سیڤیل" ئەم مادانەی خوارەوە هاتوون:

***مادەی ٣٠١:***

*" خەڵکی سیڤیل چ بە شێوەی کۆمەڵ یان تاک دەبێ لەو مەترسییانەی کە لە کاتی هێرشی چەکدارانەدا، ڕەنگە بێنە گۆڕێ، بپارێزرێن. . . "*

***مادەی ١٤:***

*" دەبێ ئەو **شتانەی** کە لە زیندوو مانەوەو ژیانی خەڵکی سیڤیل دا شوێنی ژیانی دادەنێن بپارێزرێن". . . " لە برسان کوشتنی خەڵکی سیڤیل وەک یەکێک لە مێتۆدە نیزامییەکان قەدەغەیە، هەر لە بەر ئەمەشە کە دەسبەسەرداگرتن، دوورخستنەوە یان لە نێوبردنی ئەو شتانەی کە لە زیندوو مانەوەی خەڵکی سیڤیل دا وەک خواردن، تۆو،ماڵات، ئاوی خواردنەوە و کەرەسەی گواستنەوەو دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە شوێنی ژیانی دادەنێن، قەدەغەن. "*

***مادەی ١٤٧:***

*" ئەم تاوانانە خوارەوە وەک جەریمەی گەورە لە دژی [ خەڵکی سیڤیل و سروەت و سامانیان] دەژمێردرێن: کوشتنی خەڵکی سیڤیل بەئەنقەست. . . یان بریندار کردنی لەش و وە مەترسی خستنی ساق و سڵامەتی. . . "* [. . .]

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

[ زیاتر لە پەنجا ساڵە ئەم مادانەو هی دیکە لە کۆنوانسیۆنی ژنێڤ دا نووسراون و وڵاتانی ئیمزاکەر هەر بۆ خۆیان پێشێلیان دەکەن، ئەمانەی خوارەوە تەنیا چەند نموونەیەکی ئەو هەمووو پێشێلکەریانەن. ]

ـــــــ [ هێشتا ڕەنگی بەڵگەکانی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ وشک نەبووبوونەوە کە] شەڕی کۆریا لە ساڵی ١٩٥٠ دەستی پێکرد. لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٥٢ــ ١٩٥٠ نزیک بە ٣٠٠٠٠٠٠ ئینسان کوژران. کەشتییە شەڕکەرە ئامریکاییەکان ٩٠ لە سەدی کارەبای پێویستی خەڵکی سیڤیل و هەروەها دوو بەنداو کە کەڵکی کشتوکاڵی لێوەردەگیرا لە نێو برد و تەقاندیانەوە. تەیارە شەڕکەرە ئامریکاییەکان ڕادەیەکی زۆری لە ژمارە نەهاتووی بۆمبی ناپاڵمیان بە سەر خەڵکی سیڤیل دا لە گوندەکاندا بەردایەوە. پێتەختی کۆریای باکوور "پیۆنگیان" کە ٦٢٠٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەبوو، زۆر خراپتر و قورستر لە "درێسن" بۆمباران کرا.

شەڕی کۆریا [یەکێک لەو شەڕانەی مێژوویە] کە لە میدیا شاردرایەوە.

<u>کەسێک لە بەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسرا.</u>

ـــــــ لە شەڕی ڤیتنامدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٥ــ ١٩٦١ دا ٥٤٠٠٠ سەربازی ئامریکایی، ٨٠٠٠٠٠ ،١ ڤیتنامی و ٨٠٠٠٠٠ کامبودجیایی کوژران. یەکێک لە ئامانجە نیزامییەکان لە بۆمبارانەکانی هیندوچین دا ئەوە بوو کە ناوچە بەرفراوانەکان لە خەڵکی چۆڵ بکرێ. . . لە ماوەی ١٠ ساڵی شەڕدا لە لایەن ئامریکاوە "دیوکسین" بە کار دەبرا کە خواردەمەنی لە نێو دەبرد. . . لە ماوەی شەڕدا ١١٤٠٠٠٠ مین و ١٥٠٠٠٠ بۆمب کە سەرجەم لە ٢٠٠٠٠٠٠٠ بۆمبی چکۆڵە پێکهاتبوون، هەروەها بۆمبی ئاگر کەرەوە بە کار برا. . .

*<u>کەسێک لە بەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسرا.</u>*

ـــــــ یەکیەتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان ١٦٠٠٠٠٠٠ مینی دژی نەفەری چاند. لە ماوەی ١٠ ساڵی شەڕدا ٥٠٠٠٠٠٠ ئەفغانی ئاوارە کران و ١٠٠٠٠٠٠ ئەفغانی کوژران، زۆربەیان لە کاتی ڕاکردن و خۆحەشارداندا. هەروەها ١٩٠٠٠ سەربازی سۆڤیەتیش کوژران.

<u>کەسێک لە بەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسرا.</u>

[ دیسان شەڕێکی دیکە لە ئەفغانستان ٢٠٠١ هەڵگیرساو دیسانەکەش کەس وەک تاوانباری شەڕ ناناسرێ. ]

ـــــــ ئەم شەڕانەی لەم ساڵانەی دواییدا کراون، ناونراون "شەڕی نەشتەرگەری" واتە لەم شەڕانەدا لانیکەمی زەرەد و زیانەکان وە خەڵکی سیڤیل دەکەون، وەک شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، بۆمبارانی سێربێستان لە لایەن ناتۆ وە ١٩٩٩، "شەڕی دژی تیرۆریزمی" ڕوسیا لە دژی چیچینەکان، شەڕی ڕۆژئاوا لە دژی ئەفغانستان و هەروەها شەڕی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان. بەڵام قوربانییەکان لە شەڕی بە ناو "نەشتەرگەری" ئێجگار زۆرتر بووە لە شەڕەکانی دیکە. شەڕی کەنداو لە دژی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ وەک یەکێک لە پیسترین شەڕەکان کە لەودا زەرەدی هەرە گەورە وە خەڵکی سیڤیل کەوتووە، ناسراوە. بە پێی ڕاپۆرتەکان ٥٠٠٠٠٠٠ سەر بزن و مەڕ ٨٠٠٠٠٠ سەر وڵاخ بە هۆی ئاوی ژاراویکراو. . . فەوتاون. بەغداد کە حەشیمەتی ٤، ٥٠٠٠٠٠ کەسی هەیە سێ مانگ لە سەر یەک کارەبای لێبڕدراوە، شارەکانی دیکەی عێراق زیاتر لە نیو ساڵ کارەبایان لێبڕدراوە. . . بە پێی ڕاپۆرتی خودی ڕێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکان نەبوونی ئاو و کارەباو پاک و خاوێنی نەخۆشی جۆراوجۆری بڵاو کردووەتەوە. . .

لە ماوەی شەڕی کەنداودا کەمتر لە ٥٠٠ سەربازی ئامریکایی و وڵاتانی هاوپەیمان کوژران و هەروەها ١٣٠٠٠٠ سەربازی عێراقی کوژراون. [بەڵام هەواڵێک کە کەمتر کەوتووەتە بەر سەرنج ئەوەیە کە ] ٢٣٠٠٠٠ سەربازی ئامریکایی کە لە شەڕی کەنداودا بەشداریان کردووە، ئێمڕۆ نەخۆشن و وەک کەسانێک کە هێز و توانای کارکردنیان لە دەس داوە، پێناسە کراون، هۆی نەخۆشییەکەش گۆیا بە کار بردنی ئاسنی ئورانی لە کار خراو لە شەڕی کانداو دا بووە بە هۆی خودی ئامریکاوە.

کەسێک لە بەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسراوە.

ـــــــ ناتۆ لە شەڕی کۆسۆڤۆ ٢٩٠٠٠ تۆن بۆمب کە چەند کیلۆیەک ئورانی لە کارخراوی تێدا بووە بە سەر سێربێستاندا بەرداوەتەوە. . . ٧٠ لە سەدی شیرکەتە نەوتەکان و ٧٥ لە سەدی کارگەکانی سێربێستان وێران کران. . .

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

ـــــــ ئەو رادە ئورانەی کە لە سێربستان دا بە کار برا لە بەراورد لە گەڵ ئەو رادەیەی کە ئامریکا لە بۆمبارانەکانی ئەفغانستان دا بە کاری بردووە، زۆر کەم بووە. لە ئەفغانستان دا بۆمبی GBU 37 بە کار براوە کە هەر دانەی نزیک بە ۱. ٥تۆن ئورانی لەکار خراوی تێدایە. هەروەها لە ئەفغانستان دا بۆمبی Daisy cutters بە کار بردراوە کە قورسای هەردانەی دەگاتە ۷ تۆن. . .

[. . .]

[ هێشتا کەسێک وەک تاوانباری ئەم شەڕەش کە ئێستاش درێژەی هەیە نەناسراوە. ڕەنگە هەر لە بەر ئەم تاوانانەش بێ کە ئامریکا لە دژی کرانەوەی مەحکەمەیەکی نێونەتەوەی ڕادەوەستێ و تەگەرە دەخاتە بەر کرانەوەی]

**تێبینی:**

ئەمە ووتارێکی دوورو درێژ بوو کە کورت کراوەتەوە. وەک دەبیندرێ بە زۆری لە زانیارییەکانی ووتارەکە کەڵک وەرگیراوە. نێو ئاخنی نووسینەکە لە لایەن وەرگێڕەوە دانراوە.

* * *

**John Pilger**

## تیرۆر. تیرۆری بەدوادا دێ



ئایا بەراستی کێ هەیە، سەری لەوە سوڕ نەمێنێ کە هێرشەکانی دژی ئامریکا [۱۱ی سێپتەمبر] لە جیهانی ئیسلامەوە، سەرچاوە نەگرێ؟ دوو ڕۆژ پێش ڕووداوی [۱۱ی سێپتەمبێر] ۸ کەس بە هۆی بومبارانی تەیارە ئینگلیسی و ئامریکاییەکان لە ناوچەیەکی سیڤیلی باشووری عێراق دا کوژران. هەتا ئەو جێگەی من ئاگادار بم، بە ئاقە وشەیەکیش چیە، ئەم ڕووداوە لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا دەنگی نەداوە.

بە پێی ئاماری Health Education Trust لە لەندەن لەو قەسابخانەیە کە "شەڕی کەندا"ی ناونرا، چ لەماوەی شەڕەکەدا و چ بە ماوەیەکی کەم دوای شەڕەکە ۲۰۰۰۰۰ کەس عێراقی کوژران. کوژرانی ئەم ئینسانانە نەکرا بە هەواڵێک کە ویژدان و شعووری خەڵکی ڕۆژئاوا بهەژێنێ. هەتا ئێستا لانی کەم یەک میلیۆن سیڤیل کە نیوەیان منداڵن بە هۆی ئابلۆقەی وەحشیانەی ئابووری بۆ سەر عێراق کە لە لایەن ئینگلیز و ئامریکاوە دانراوە، گیانیان لە دەس داوە. لە پاکستان و ئەفغانستان دا لە سەر پاشماوەی مجاهیدەکان، بزووتنەوەی فەناتیکی تاڵەبان سەری هەڵدا، کە لە خۆیدا بە زۆر ی بەرهەمی دروستکراوی دەستی CIA، ڕێکخراوەی سیخوڕی ئامریکا بوون. ئەو کەمپە نیزامییانەی ئەفغانستان کە جێگەی مەشقی تێرۆریستەکان و عوسامە بین لادین (ئەو کەسەی کە گویا گەلاڵەی [۱۱ی سێپتەمبەر]ی دارشتووە)، بە پارەی ئامریکاو بە پشتیوانی ئامریکا درووست کراون. ئەگەر پشتیوانی ئامریکا نەبوایە، ڕەنگە هەر لە مێژە کۆتایی بە داگیرکەرییە غەیرە قانوونییەکانی خاکی فەلەستین هاتبا.

زۆر پێش لەوەی خەڵکی موسڵمان بە تێرۆریستانی جیهانی بناسرێن، بۆ خۆیان و بەر لە هەموو شتێک لە لایەن فوندامەنتالیزمی ئامریکاوە قوربانی تێرۆرزمن. ئەو پاشوەڕۆی و فەندامەنتالیزمی ئامریکایەی کە بە هەموو دەسەڵاتی نیزامی، ئیستراتیژ و ئابووری، گرینگترین هۆکاری تێرۆریزمن لە جێهاندا.

بەڵام ئەم ڕاستیانە لە مێدیاکانی ڕۆژئاوادا کە ڕاپۆرتەکان لە باشترین حاڵەتدا چکۆڵەترین بەشی تاوانەکانی ئیمپریالیزم بلاو دەکەنەوە سانسۆر دەکرێن. یان وەک Richard Falk پرۆفیسۆری پێوەندیە نێونەتەوەیەکان لە زانستگای Princeton دا دەڵێ:"



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

سیاسەتی دەرووی ولاتانی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی پاوانخوازانە یەک لایەنە لە هێڵەکی ئیخلاقی، قەزای دەدرێ و تەواوی مافەکان بەئەوان دەدرێ، واتا هەوڵ دەدرێ وێنەیەکی پۆزەتیڤ لە بایەخە ڕۆژئاواییەکان نیشان بدرێ، کە لە لایەک لە هەر چەشنە تاوانێک بێبەرییەو و لە لایەکی دیکەشەوە کەوتووەتە بەر مەترسی. هەر ئەمەش ئەو مافە بەوان دەدا کە چۆنیان پێخۆش بوو هێرشە ترسناکە سیاسیەکانی خۆیان بکەن. "

تۆنی بلێر سەرەک وەزیری حکوومەتێکە کە چەکی کوشتن دەفرۆشێتە ئیسرایل، کە عێراق و یۆگۆسلاڤی بە بوومبی چەند هێشوو multiple تێکەڵ بە ئۆرانی لەکار کراوە بوومباران دەکا، کە گەورەترین سادیرکەری چەک و چۆڵ بۆ خەڵک کوژەکانی ئیندۆنزیایە، بەلام ئێستا هاتووە و باسی "شەیتانە نوێیە کۆمەڵ کوژەکان" دەکا. . . کاتێک مرۆڤ ئەم قسانەی بلێری گوێ لێدەبێ بیری بۆ وشەی "ئەحمەق" یەکێک لەو وشانەی کە بووەتە وێردی زمانی بێلر دەچێ. بێگومان ئەم قسانە هیچ تەسکینی دڵی بنەماڵەی ئەو هەزاران کوژراوەی خەڵکی ئاسایی ئەمریکا نادا کە تەجروبەی کوشتارێکی واترسناکیان کرد، ئەم کوشتارە بە دەستی کەسانێک ئەنجام درا کە ڕەنگە بەدبەختی و چارەڕەشییەکانیان ئاکام و بەرهەمی سیاسەتی ڕۆژئاوا بێ.

دامودەزگای ئامریکایی وا بیران دەکردەوە کە ئەوان دەتوانن ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بخولقێنن، بگۆڕن و بەپێچەوانە پیشان بدەن، بە بێ ئەوەی کەس بتوانێ زەربەیەک لەوان یان لە خەڵکی ئاسای ئامریکا بدا. هێرشەکانی ڕۆژی سێ شەمبە [١١ی سێپتەمبێر] لە پاش مێژوویەکی دوور و درێژ لە ناحەقی و بەڵێن شکێنی لەبەرامبەر موسڵمانان و خەڵکی عەرەب دا هاتنە گۆڕێ: لێکهەڵوشانی ئیمپراتۆری عوسمان، دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرایل، چوار شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرایل و ٣٤ ساڵ داگیرکەری وەحشیانەی نەتەوەیەکی عەرەبی (فەلستین) . . . هەموو ئەمانە لە چەند سەعاتێکدا کەوتنە پێش چاو لەو کردەوە ترسناکەی کە لە ڕۆژی سێ شەمبەدا لە لایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام درا کە خۆیان بە قوربانی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا دەناسێنن. ئامریکا کە قەد تەجروبەی شەڕێکی مودێرنی نەچێشتووە، ئێمرۆکە لیستەی کوژراوی زیاتر لە ٢٠٠٠٠ [لیستەی کەمتر لە ٣٠٠٠ ] کەسی هەڵواسیوە. وەک Robert Fisk دەڵێ:" خەڵکی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لە غەمی کوژرانی خەڵکی بێتاوانی ئامریکادا داغدار دەبن. بەلام لە هەمان کاتدا پرسیار لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانی ڕۆژئاوا دەکەن کە بۆ تۆزقاڵێک سرنجیان نەدایە سەر مردنی ٥٠٠٠٠٠ منداڵ لە عێراق و هەروەها کوژرانی ١٧٥٠٠ کەس لە خەڵکی بێتاوان بە دەستی ئیسرایل لە پێوەندی لەگەڵ داگیرکردنی لوبنان دا لە ساڵی ١٩٨٢.

بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، زۆر کردەوەی وەحشیانەی ئامریکا هەن کە ببنە ڕووداوی پێش پێنەگیراوی وەک ١١ی سێپتێمبەر. تەنیا قین و نارازایەکان لە سیاسەتی ئامریکا لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیادا نین. لە پاش شەڕی سارد ئامریکا و هاوپەیمانەکانی و لەسەرووی هەموانەوە ئینگلیز بە هەموو شێوەیەک لە دەسەلاتی سیاسی و ئابووری خۆیان کەڵکی خراپیان وەرگرتووە، ئەمە لە کاتێک دا بووە کە جیاوازیەکانی نێوان بەشە فەقیر و دەوڵەمەندەکانی جیهان و بەگشتی جیاوازییە ئینسانیەکان لە هەموو وەختێکی تر زیاتر قوڵتر بوونەتەوە.

ئیلیتێکی تایبەتی کە ژمارەیان لە ملیاردێک ئینسان تێ ناپەڕێ، دەستیان بە سەر ٨٠ لە سەدی هەموو سەرمایەی جیهاندا گرتووە، زۆر کاری ناعادلانە کە نیە بە مەبەستی پاراستنی ئەم دامودەزگا و دەسەلاتی سیاسیە ئەنجام نەدرێ. ئابلۆقەی غەیر قانوونی لەسەر کوبا، فرۆشتنی چەک و چۆڵ و کەرەستەی کوشتن کە بە زۆری لە پاوانی ئامریکا دایە، هەڵوێستی یەک لایەنەی ئامریکا بە مەبەستی چاڵ کردنی ڕێکەوتننامەی "کیۆتۆ" کە هێندێک چارەسەری بۆ کێشەی ژینگەی تێدا ڕچاو کرابوو، هێرش و دژایەتی کردن لەگەڵ پلان و ڕێگەچارە لاوازە ئابووریەکانی ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی کە ئەم ڕێکخراوەیە بۆ خۆی وەک نوێنەری وەزارەتی دارایی و بانکە مەرکەزیەکانی ئوروپا دەجووڵێتەوە، شەرت و مەرجی بانکی جیهانی و بنیاتی ئەرزی نێو نەتەوەی لە سەر ولاتانی فەقیر بۆ دانەوەی قەرزە لە ژمارە نەهاتووەکانیان، شەڕی ویتنام ئامالی کۆلۆمبیا و هەروەها ڕاوەستاندن و لە نێو بردنی وتوێژی ئاشتیانەی نێوان کوریای باکوور و باشوور کە ستاتۆی کوریای باکوور وەک یەکێک لە دەوڵەتە چەتەکان لە لایەن ئامریکاوە ناسراوە. ئەمانەی سەرووە هەموویان نموونەن لە سیاسەتەکانی ئێمرۆیی ئامریکا لە جیهاندا.

تیرۆری ولاتانی ڕۆژئاوا بەشێکە لە مێژووی سەردەمی ئیمپریالیزم، ئەم وشانە ڕۆژنامەوانەکان نەدەوێرن بیڵێن و نەدەشوێرن بینووسن. ڕاگوێزران و چۆڵ کردنی ناوچەی Diego Garcia و ئاوارە و ڕاوانانی خەڵکەکەی لە دەیەی شەستەکان دا لە لایەن

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

حکومەتی یۆڵسۆنی ئینگلیزەوە بە هیچ شێوەیەک لە لایەن چاپەمەنیەوە باس نەکرا و بێدەنگەی لێ کرا. ئیمڕۆ ئەو ناوچەیە کراوە بە شوێنی چەکە ئەتۆمیەکان و بنکەی تەیارە جەنگییە ئامریکاییەکان بۆ گەشت و چاوەدێری بەسەر رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا. رەفتار و کردەوەی ئینگلیزیەکان لە Malya جیاوازییەکی ئەوتۆی لە هی ئامریکاییەکان لە ڤیتنام دا نەبوو، بەڵکوو ئامریکاییەکان لە ئینگلیزییەکانەوە فێر بوو بوون. گوندەکانی ئابڵۆقەی خواردەوەمەنی خرابووە سەر و کرابوون بە جۆرە ئۆردووگایەکی نیزامی و زیاتر لە نیو میلیۆن ئینسان کۆچی زۆرەملیان پێکرا، لە ڤیتنامدا خەڵک ڕاوەدنێردران، لە جێگەی خۆیان دەردەکران و عەرزەکان ژاراوی دەکران، بەلام ئیمڕۆ خەریکە بە هۆی فیلمەکانی هولیودەوە لە بیر بچنەوە. لە جەریانی عەمەلیاتی Phoenix کە لە لایەن CAI یەوە بەڕیوە برا، نزیکەی ۵۰ هەزار کەس کوژران، ئەم عەمەلیاتە کرا بە سەرمەشقی تیرۆر لە شیلی و ڕیبەری بە شێوەی دیموکراتیانە هەڵبژێردراوی خەڵک "ئالندە" کوژرا. ۱۰ساڵ دواتر نیکاراگۆاش کاول کرا.

ناو هێنانی یەک بە یەکی تێرۆرەکان ئەوەندە زۆرن کە لەم وتارەدا جێگەیان نابێتەوە. وا خەریکە جارێکی دیکە ئیمپریالیزم سەر هەڵدەداتەوە. نیزامییەکانی ئامریکا لە بنکەکانیان لە ۵۰ ولاتی دونیا دا خەریکی بەڕیوەبردنی عەمەلیاتی نیزامین. . . . چ پێوەندیەک هەیە لە نێوان ئەم شتانەی باس کران و ڕووداوی ترسناکی ۱۱ی سێپتەمبر؟ ئەگەر بێتوو بچیە نێو خەڵکی هەژار و فەقیر کە زۆربەی حەشیمەتی سەر زەوی پێک دێنن، تەوە ئەو پێوەندیە زۆر ئاشکرا خۆ دەردەخا. ئینسانەکان نەزان و گێل نین. ئەوان دەبینن کە چۆن سەربەخۆییان لێ دەستێندرێتەوە، خاک و سەرمایەیان چۆن بە تالان دەچێ و چۆن منداڵەکانیان دەکوژرێن. ئەوان زۆژ لەگەڵ زۆژ زیاتر ڕەخنە و گازندەکانیان ئاراستەی کوێخایەتی و تالانکەری باکوور دەکەن.

تیرۆر، بێگومان تیرۆر و فەناتیزمی بەدوادا دێ. دەبێ چەوساوەکان و زوڵم لێ چووان زۆر بە سەبر و لە سەرەخۆ بن، لە مێژ نیە و تەنیا چەند ساڵێکە کە گرویە فوندامەنتالیستە ئیسلامییەکان کە حازرن خۆیان لە ئیسراێل و ئامریکادا بتەقێننەوە، دامەزراون، واتە لە پاش ئەوەی ئامریکا هیوای دامەزراندی حکوومەتێکی بەرحەقی فەلەستینی بۆ خەڵکێک کە گیرۆدەی دەستی زوڵمی ئیمپریالزمن، ڕەد کردەوە و وەپشت گوێ خست. رق و تووڕەیی دەنگە دوورەکان ئیمڕۆ دەبیسرێ، دەرد و ناڵینی ڕۆژانەی دوورە ولاتان و شوێنە کاول کراوەکان، ئیمڕۆ لە ولاتی ئامریکا و لای ئامریکایەکان میوانە.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی Aftonbladet

۱٤ی سێپتەمبری ۲۰۰۱

**تێبینییەکانی وەرگێر:**

ــ جۆن پیلگێر John Pilger، نووسەر، ڕۆژنامەوان و دروستکەری فیلمی دۆکیمەنتارەو لە لەندەن دەژی. دوو دانە لە کتێبە بەنێوبانگەکانی کە بۆ سەر زۆربەی زمانەکان وەرگێردراون، بریتیین لە " ڕۆژەڤی شاراوە" و " ئەوەی کە ئێمە بۆمان نەبوو بیزانین".

ــ ئەم ووتارە سێ ڕۆژ پاش ڕووداوی ۱۱ی سێپتێمبەر لە سوئید بلاو کراوەتەوە، ڕەنگە ئوورژیناڵەکەی هەر ڕۆژێک دوای ۹/۱۱ نووسرابێ، هەربۆیە هێندێک لە زانیارییەکانی هەڵەن.

ــ بە "لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی" لە ڕاستیدا گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێجگە لە گەلی کورد نەبێ زەرەدیان نەکردووە، با ئەم کارەش ڕۆژئاوا لە بەر قازانجی خۆی کردبێتی.

* * *

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

شەریف حەتاتە

پزیشک و ڕۆماننووسی بەناوبانگی میسر

# میسر وەخەبەر دێ. بەڵام بەهۆی فۆندەمەنتالیستەکانەوە




*خەڵکی گوندێکی چکۆڵەی جوتێرنشینی نزیک قاهیرە چ دژکردەوەیەک لە بەرانبەر شەڕی ئەفغانستاندا لە خۆ نیشان دەدەن؟ نووسەری میسری شەریف حەتاتە چیرۆکی وەخەبەر هاتنێکی سیاسی دەگێڕێتەوە کە بە داخەوە شەقڵی فۆنەمەنتالیزمی پێوە دیارە.*

وەرزی خەرمان هەڵگرتن بوو لە گوندا. دەشتێکی کاکی بە کاکی بە دەریایەک لە گوڵە پەموو داپۆشرابوو. لە سێبەری دارەتوویەکی پیردا دانیشتبووم، لە دەوروبەرمدا کۆمەڵێک جوتێری دم و چاوو لەش تۆزاوی بە چنچکە لە سەر فەرشێک لە کلۆشی ڕەنگ جواندا دانیشتبوون. ئەوان لە درێژایی ڕۆژدا باقە دروێنە کراوی مەزراکەیان خستبووە گەرووی مەکینەی خەرمانکوتدا. ئێستا خەریکی حەسانەوە بوون، دم و چاوە چرچ و لۆچەکانیان ماندووی پێوە دیار بوو. چاییە وەک خەڵووز ڕەشەکانیان هەڵدەقوڕاند. جوتێرێکی لاوی چوار شانەی سەر پێچراو، بەرەولای من سەری وەرسووڕاند و پرسی: " دوکتۆر، *ئامریکاییەکان ئەو هەمووبۆمبە بە سەر موسڵمانە بەدبەختەکانی ئەفغانستاندا بەردەدەنەوە، تەنیا لە بەر ئەوەی بینلادین یان تاڵەبانەکان بکوژن؟"*

ڕاوەستام بزانم ئەوانی دیکە چ دژکردەوەیەک لە خۆ نیشان دەدەن. کابرایەکی پیر بە تاقە چاوەکەیەوە، تیژ لێی ڕووانیم و گوتی: *" نە، تۆ دەزانی ئامریکاییەکان دەیانهەوێ بچنە ئەفغانستان و وڵاتەکانی دیکەی نزیک ئەوێ، چونکە نەوت و تریاکی زۆریان لێیە. هەر لە بەر ئەمەشە ئینسانە برسییەکان دەکوژن. ئایا ئەوان هیچ ڕوحم و بەزەییەکیان هەیە؟ تۆ دەزانی خەڵکانی لە سەروو دانیشتوو، ئەوانەی دەسەڵاتدار، هیچ ڕوحم و بەزەییەکیان نیە، ئەمە شتێکە هەموومان دەیزانین. "*

جەماعەت بە نیشانەی سەلماندن سەریان بۆ دەلەقاند و ئەویش درێژەی بە قسەکانی دەدا: *" تەنیا ئەوەی لای ئەوان گرینگە دەسەڵات و پارەیە، کاتێک لە گەڵ ئەوان حیسابیان پاک کردەوە، ئەوجار نۆرەی ئێمەش دەگا، ڕەنگە لە عێراقەوە دەس پێبکەن. "*

سەرۆکی جەماعەت کە کابرایەکی خاوەن کارگەیەکی چکۆڵەی بەرهەمهێنانی جوجەڵە بوو، بە کۆخەیەک سەرەنجی جەماعەتەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو گوتی: *" کاتێک »موبارەک« ڕایگەیاند کە ئەو لە دژی ئەم شەڕەی ئێستایە و نایهەوێ بچێتە نێو بەرەی هاوپەیمانەکانەوە، هەموو خەڵکی گوند شاد بوون. بەڵام کاتێک بۆش ئەمەی بە تەلەفۆن بە موبارەک گوت و ڕایگەیاند کە دەبێ فەلەستینییەکان دەوڵەتی خۆیان هەبێ، ئێستا ئەو شتێکی دیکە دەڵێ. "*

جوتێرێکی درێژی ڕەقەڵە کە کڵاوێکی سوور و جلوبەرگێکی سپۆرتی لە بەردا بوو، بە قەڵسییەوە دەستەکانی لە یەکدی داو گوتی: *"ئامریکاییەکان دەیانهەوێ کە ئەو تەنیا پشتگرییان بکا، بەڵام دواتر لە بیری دەکەن کە چیان لە سەر فەلەستین گوتووە. "*

ژنێک کە بە چنچکە تۆزێک لە ئێمە دوورتر خەریکی جلوبەرگ شوتن لە سەر جۆگەلەیەک بوو، سەری بەرز کردەوەو بە دەنگی بەرز گوتی: *" هەروەک هەمیشە پیاوەکان دەکوژرێن و ئەو ژن و منداڵانەش کە نەکوژراون، ئەوە دەبێ هەر ئێش و ئازار بچێژن. "*

سەرۆکی جەماعەتەکە هەستایە سەر پێ و گوتی: *" گوێ بگرن! هەستن، دیسان وەختییەتی دەس بەکار بکەینەوە، ئەگەر چی گوێشمان لە قسەکانی دوکتۆر نەبوو. هیوادارم بتوانێ سبەینێ پاش نوێژی شێوان بێتە لامان. "*

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

بەڵام من بۆ ڕۆژی دوایە، بە ماشینەکەم گەڕامەوە بۆ قاهیرە. لە پشت فەرمانەکەوە، سەرو بێچمیان لە پێش چاوم ون نەدەبوو، قسەکانیان لە گوێمدا دەزرینگایەوە. ئەوان ئەو جوتێرە نەخوێندەوارانە بوون کە بە درێژای ڕۆژ لە مەزرادا کاریان دەکرد، ڕۆژنامەیەکیان نەدەخوێندەوەو زۆر بە کەمی گوێیان لە تەلەفزیۆن دەگرت. ڕەنگە جارنەجارێک شەوانە لە دەوری یەکتری کۆ ببانەوە، کەسێک ڕۆژنامەی بۆ خوێندبانەوە یان لە ماڵە کەسێک چاویان لە تەلەفزیۆنی مانگی دەسکرد کردبا. بەو حاڵەشەوە ئەوان هەروەک جاران لە دەنگ و باس و ڕووداوەکانی جیهان بێ ئاگا نەبوون. بەڵام ئەمجارە بە ئاگابوونی ئەوان لە گەڵ جارەکانی دیکە جیاوازی هەیە و زۆرتر لەوەیە کە ئێمە لێی تێگەیشتووین. پێش ئەوەی ئێمە لە سەر مەزرایەکە لە دەوری یەکتری کۆ ببینەوە، جوتێرێک بۆی گێڕامەوە کە هەموو خەڵکی گوند سەرقاڵی ئەو باس و خواسە گەرمەن کە ئیمرۆ لە سەر هێرشی تیرۆریستی دەکرێ یان ئەوەی چی مومکینە لە داهاتوودا ڕوو بدا. هەموو خەڵکی گوند لە بۆمبارانەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان تورەو بێزارن.

ئیمرۆ ڕوو لە هەر کوێیەکی میسر بکەی باس باسی " شەڕی بەربەریانەی دژی ئەفغانستان" و " مەترسی شەڕهەڵایساندن لە دژی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە" یە. بۆ میسر ئەم وەخەبەر هاتنە سیاسییە پاش ساڵان تینوەتی و تامەزرۆیی بەشداری چالاکانە لە باسە سیاسییەکاندا، ئاکامی ئەو قانوونە غەیرە دیمۆکراتیانەن کە ساڵ لە گەڵ ساڵ بە هۆی حکوومەتەوە دارێژراون و جێبەجێ کراون. ئەم مەسەلەیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای میسری هەر لە دەوڵەمەندو هەژارەوە بگرە هەتا لایەنگرانی حکوومەت و دژەکان و هەروەها شارو گوندی داگەتووە.

خەڵک لە گەڵ قوربانییە ئەفغانییەکان لە گەڵ ئەو بێ تاوانانەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشی بەربڵاوی تۆڵەئەستاندنەوەی ئامریکا هاودەردی نیشان دەدەن. تۆڵە ئەستاندنەوە لە هێرشێکی تیرۆریستی کە هێشتا کەس نازانێ کە کێیە گەڵاڵەکەی دارشتووە. ئەوان لەو هەموو تاوان و جەریمەیەی کە ڕۆژانە دەکرێن و هەروەها لە داهاتووی خۆیان دەترسن.

گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم وەخەبەر هاتنە سیاسییە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە ژێر باڵی گرووپە سیاسییە ئیسلامییەکان و ئەوان شەقڵی سیاسی خۆیانی پێوە دەنێن. ئیمرۆ بۆ زۆربەی خەڵک، دژ و بەرانبەری بۆش، عوسامە بینلادینە. ئەو کەسەی کە لایەن هیندێک ڕۆژنامەی پۆپۆلیستەوە وەک "ئەستێرەی درەوشاوەی ئیسلام" ناوی براوە.

لێکدەرەوەیەک لە یەکێک لە ڕۆژنامە گەورەکانی لایەنگری حکوومەتدا، وشیاری سەبارەت بە شیان و ئیمکانی دووبەرەکی مەزهەبی و ڕووبە ڕوو بوون لە گەڵ شەڕێکی هەمەلایەنە وەک چۆن بۆش ناوی " شەڕی خاچ پەرەستی" لێناوە، دابوو. بەڵام سەرنووسەری گۆڤارێکی نیوە چەپ ئاماڵ نووسیبووی: *" ئێمە نە ئامریکاو نە تاڵەبان، بەڵکوو شتێکی دیکەمان دەوێ."* تەواوی ئە خۆپیشاندانانەی کە لە زانستگاکاندا کران، لە لایەن ئەخوانی موسلیمین و گرووپە نزیکەکانی وەک ئەوان ڕێکخران.

ڕۆژنامەکان چ ئەوانەی سەر بە حکوومەت بوون یان نەبوون و هی ئۆپوزیسیۆن بوون یان ئەوانەی بە ناو سەربەخۆ بوون، هەر کامە بە شێوەیەک لە دژی بۆمبارانی ئەفغانستان ڕاوەستان و هەوەها لە دژی چوونی میسر بۆ نێو هاوپەیمانییەتی ئامریکا هەڵوێستیان گرت. . .

هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە سەر خاڵە بنچینەییەکان لە گەڵ یەکتری هاودەنگ بوون و تورەیی لە ئامریکا گەیشتە چڵە پۆپە. تەنیا ڕۆژنامەوانێک کە بەوە بەناوبانگە، پێوەندی بە دام و دەزگای ئامریکاوە هەیە، لە ووتارێکدا بە ئاشکرا بەرگری لە شەڕ و بەرەی هاوپەیمانەتی دژی تیرۆریزم کرد. . . .

تەلەفزیۆنی دەوڵەتی هەروا لە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شەڕی ئەفغانستان بە شێوەیەکی سارد و بەلایەنانە کە زۆر جاران باسی توانای دەزگای شەڕی ئامریکایان دەکردو هەروەها بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی پسپۆڕانی شەڕ، بەردەوام بوو. هاودەنگی لە گەڵ قوربانیانی شەڕی ئەفغانستان بە شێوەیەکی سەرسوڕ هێنەر بوو، بەڵام لە بەرانبەر قوربانییەکانی هێرشی تیرۆریستی لە دژی ناوەندی بازرگانی جیهانی و پینتاگۆن زۆر جاران ڕستەی دووپاتکراوەی بە داخ بوون، دووبارە دەکرایەوە.

یەکێک لە دۆستەکانم کە لێکۆڵەرەوەی ئەنەستیتۆیەکی لێکۆڵینەوەیە پێی گوتم: " ئیمرۆ ئەو کەسانە کە بە تەواوەتی کەوتبوونە ژێر شوێن دانەری شێوازی ژیانی ئامریکایی، تێدەگەن کە بە ڕاستی ئەو جۆرە ژیانە چ مانایەکی هەیە و ئەمەش لە خۆیدا باشە. "

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

دوێنێ بەیانی لە گەڵ کورەکەم خەریکی هەڵهاتنی بەیانیان بووین، چاومان بە سێ کچۆڵە کەوت کە لە سەر شەقامەکەی ئەو بەردا هەڵدەهاتن، بۆ ساتێک چاومان بریبووە، دم و چاو نیگا دەروشاوەکانیان، پێکەنینیان و هەڵبەزین دابەزینی پەلکە ڕەش و درێژەکانیان لە پشتەوە. کورەکەم سەری بۆ لای من وەرچەرخاندو گوتی: دەمهەوێ بزانم داخۆ چەندە منداڵ، چەندە ئینسانەکان لە جیهاندا، دەبێ بکوژرێن، هەتاکوو بۆرسەکانی Dow Jones و Nasdaq بەرز بینەوە.

**سەرچاوە:**

لاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەی Dagensnyheter

* * *

**Lennart Pehrson**

**ڕۆژنامەی Dagensnyheter**

## "ڕووناکبیر و بیرجیا ئامریکاییەکان دەخرێنە نێو لیستەی ڕەشەوە"

لە پاش ١١ی سێپتێمبەر، ڕۆڵی ئاکادیمییە ئامریکاییەکان زیاتر کەوتووەتە بەر باس و گفتەگۆ. ڕخنەگرانی کۆنەپارێز، ئاکادیمی و ڕووناکبیرانی بیرجیا بە خاڵێکی لاواز لە بەرگری لە دژی تێرۆریزمدا لەقەڵەم دەدەن. پرۆفیسۆرە دەسنیشانکراوەکان، ئەوانەی خراونەتە نێو لیستی ڕەشەوە بیرووڕای ئامریکایی لە گەڕانەوەی مێکارتیزمێکی MeCarthyism نوێ ئاگادار دەکەنەوە.

ڕێکخراوی کۆنەپارێزی، American Council of Trustees and Alumni

"ACTA " لەو ماوەدا کەوتووەتە ناوەندی باسەکانەوە، چونکە ڕاپۆرتێکی لە ژێر ناوی

Defending civilisation بڵاو کردۆتەوە کە لەودا ئاکادیمییە ناودارە ئامریکاییەکان وەک کەسانی توندڕەوی جێگەی باوەڕپێنەکراوو ستوونی پێنجەم لە شەڕی دژ بەتێرۆریزمدا ناسێندراون.

ئەم ڕاپۆرتە بە تایبەتی لەو بارەوە بوو بە هۆی خرۆشاندنی هەستەکان کە لەودا ئاماژە بە ١١٧ گووتنی جۆراوجۆر لە زانستگاکانی ئامریکادا کراوە کە لەواندا بە جۆرێک ڕخنەو گازندە بۆ سەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئامریکا کراوە. بۆ نموونە لە زمانی مێژووناس Richard Bertholds گێردراوەتەوە کە گووتوویەتی: *"ئەوانەی پێنتاگۆن بۆمباران دەکەن، من چەپڵەیان بۆ لێدەدەم"*. (گۆیا ناوبراو دوایە قسەکانی خۆی وەرگرتووەتەوەو داوای لێبووردنی کردووە). بەڵام زۆربەی ئەو گووتنانە لە باس و گفتووگۆی گەرم و زیندووی دێمۆکراتیکدا زۆر ئاساییین، بۆ نموونە کەسێکی وەک Jesse Jackson، دادپەروەری مافی هاووڵاتیان تەنیا لەبەر ئەوەی لە زانستگای Harvard law School گووتوویەتی *"ئامریکا پێویستە پردەکان و پێوەندییەکان ساز بکا نەک بۆمبباران بکاو دیوارەکان بەرز بکاتەوە"* کەوتووەتە نێو لیستەی ڕەشەوە. Joel Beinin پرۆفیسۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە زانستگای Stanford کەوتووەتە نێو لیستەی ڕەشەوە لە بەر ئەوەی گووتوویەتی: *"ئەگەر هاتوو سەلمێندرا کە وا بین لادینە کە پیلانی هێرشی ١١ی سێپتێمبەری دارشتووە، ئەوە پێویستە ئامریکا ناوبراو بداتە مەحکەمەیەکی نێونەتەوەیی و بە تاوانی کاری دژی مرۆڤانە مەحکەمە بکرێ."*

Todd Gitlin پرۆفیسۆری فرەپێوەندییەکان لە زانستگای نیۆیۆرک لە لیستەی ڕەشدا دانراوە لە بەر ئەوەی لە وەڵامی ڕۆژنامەوانێکدا گووتوویەتی: *"لەو زانستگایەی منی لێم نارەزاییەکی زۆر لە بەرانبەر سیاسەتی شەڕەنگێزی بۆش دا هەیە."*

Noam Chomsky پرۆفیسۆری زانستی زمان لە Massachusetts Institute of Technology خراوەتەوە لیستەی ڕەشەوە چونکە گووتوویەتی *"تاقە ڕێگەی بنەبڕکردنی تێرۆریزم، بەشداری نەکردنە لە کردەوەی تێرۆریستیدا."*

لیستەی ڕەش بووەتە هۆی تووڕەیی و بێزاری دەربڕین لە ئامریکاو شێمانەی ئەوە دەکرێ کە

ACTA بەم کردەوانە دەیهەوێ دەنگە نارازییەکان و ئاڵوگۆڕی بیرووڕا کە لە هەلوومەرجی قەیرانیی ئیمڕۆدا لە هەر کاتێکی دیکە پێویستترە، کپ بکا. هەروەها ڕێکخراوی ACTA وەک هەڕەشە بۆ سەر باس و گفتوگۆی ئازادیانەی ئاکادیمی بە گشتی و بۆ سەر ئازادی بیروڕا دەربڕین بە تایبەتی دەبیندرێ. زۆربەی چاوەدێران لە سەر ئەو باوەڕەن کە ACTA


بەناوهێنانی بیرجیاکان لە لیستی ڕەشدا دەیهەوێ دەستی FBI، پۆلیسی فیدراڵی ئامریکا ئاواڵە بکا، کە جارێکی دیکە بابداتەوە سەر جاسووسی و سیخوڕی کردن لە سەر هاووڵاتیانی ئامریکا، وەک ئەوەی پێشتر لە پەنجاکاندا لە دژی کۆمنیستەکان و


www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
بیرجیاکان کردیان واتە سیاسەتی MeCarthyism. ڕێکخراوی ACTA زیاتر لە هەر ڕێکخراوێکی دیکەی کۆنەپارێز کەوتووەتە بەر ڕخنەو گازندە، ڕەنگە لە بەر ئەوە بێ کە یەکێک لە دامەزرێنەران و بیرداهێنەرە کۆنەپارێزەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، ژنی" دیک چێنی" جێگری سەرەککۆماریی حکوومەتی بۆشە.

سەرۆکی ACTA، "Jerry Martin" لە بەرگریکردنی ڕێکخراوەکەیدا لە بەرانبەری ڕخنەکاندا دەڵێ: *" ئەو پیرۆفیسۆرانەی کە کەوتوونەتە نێو لیستەکەمانەوە دەبێ توانای وەرگرتنی ڕخنەیان هەبێ. لیستەکە تەنیا شێوەیەکە بۆ ئەوەی بێ بەرپرسیارییەتی و بە لاوە مانەوەی زانستگاکان دەرکەوێ لە سەروبەندێکدا کە شارستانییەتەکەمان لە بەرانبەر تیرۆریزمدا پێویستی بە بەرگری و پاراستن هەیە."*

داخێکی گەورە کە بووە بە گرێ بە سەر دڵی ACTA وە ئەوەیە کە گۆیا زۆر خوێندکاری ئامریکایی پلەی بەرزی خوێندن لا زانستگاکاندا وەدەسدێنن بە بێ ئەوەی مێژووی ئامریکا یان شارستانییەتی ڕۆژئاوایان خوێندبێتەوە، [. . .].

ACTA بە لاسارییەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ فێربوونی مێژووی ئامریکاو شارستانییەتی ڕۆژئاوا بکرێ بە زۆرەملی لە خوێندنگاکاندا.


Jesse Jackson


Noam Chomsky


هاودەنگ لەگەڵ ACTA زۆر ڕێکخراوی جۆراوجۆری ڕاست ئاژۆی دیکە لە هەولی ئەوەدان ئەوەی کە ئەوان پێیان وایە دنیای ئاکادیمیکی ئامریکا لە شەستەکانەوە کەوتووەتە ژێر سەیتەرەو کۆنترۆلی چەپەکان، بگەڕێننەوە دۆخی کۆنەپارێزی جارانی. بۆ بەشێک لە کۆنەپارێزانی ڕاست ئاژۆ، ئیمڕۆکە زانستگاکان پاشماوەی بنکەی چەپەکانن کە لەودا خوێندکارانی لایەنگری بیری کۆنەپارێزی دەکەونە بەر لۆمەو سووکاییەتی پێکردن.

لە پاش ۱۱ی سێپتێمبەر ڕاکێشرانی پشتیوانی بیرووڕای گشتی ئامریکایی بۆ لای بۆش لە شەڕی دژی تیرۆریزمدا ڕێگە بۆ ACTA و ڕێکخراوەکانی دیکەی وەک وی لەبار بووە کە لە جاران زیاتر لە سەر بیرووڕاکانی خۆیان سوور بن و لە هەلوومەرجی تازە کەڵک وەربگرن.

هەتا ئێستا نیشانەیەکی وا نەدیتراوە کە دەنگە نارازییەکان بە کردەوە کپ بکرێن. لە پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ACTA دەستپێشخەرییەک کە لە لایەن Yale Law School دەسپێکرابوو، بوو بە هۆی ئەوەی زیاتر لە ۳۰۰ پرۆفیسۆری مافناس لە زانستگا جۆراوجۆرەکانی ئامریکادا، بنی بڵاوکراوەیەکی ڕخنەئامێز ئیمزا بکەن کە لەودا بە توندی لە دژی کرانەوەی مەحکەمەی نیزامی لە لایەن بۆشەوە هەڵوێست گیرابوو. لەو بڵاوکراوەیەدا کرانەوەی مەحکەمەی تایبەتی نیزامی کە لەودا گومانلێکراوە تیرۆریستەکان حوکمی مردنیان بەسەردا بسەپێ، بە شتێکی بە دوور لە مافپەروەری، نەحەوجێ و شێتانە لە قەڵەم درابوو. هەروەها ئاماژەش بەوە کرابوو کە ئەو جۆرە مەحکەمانە نەتەنیا لە گەڵ یاسا نێو نەتەوەیەکان ناتەبایان هەیە، بەڵکوو لەگەڵ یاسای حقوقی خودی ئامریکاش لە دژایەتی دان.

* * *

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41



مومیا ئەبو جەماڵ

# ئەو راپۆرتانەی لە جەهەندەمەوە دەنێردرێن

Karolina Ramqvist
Dagensnyheter
2002/٥/٢٥

٥ی مارسی **١٩٩٨** پاسەوانەکانی بەندیخانەی CSI Green لـــــــــــەPENNSYLVANIAی ئامریکا رژانە نێو بەشی تایبەت بە "بە مردن حوکم دراوان" و هەموو سلولەکانی دیکە و دەستیان گرت بە سەر کتێب و نووسراوەکانی داکۆکی لە مافی بەندییەکان و هەروەها بە سەر بەندییەکانیشدا کرایە بڕیار کە لەمەوبەدوا هەتا چەندە کتێب و نووسراوە دەتوانن لای خۆ رابگرن. بەڕێوەبەرانی زیندان بە بیانووی مەترسی ئاورتێبەربوون، لە سلولەکان دا کتێب و کاغەیان قەدەغە کرد.

مومیا ئەبو جەماڵ، تەمەن ٤٤ساڵ و بە مردن حوکم دراو کە ملی بۆ ئەم بڕیارە نوێیە رانەکێشا، لە لایەن بەندیخانەوە دەست گیرا بە سەر شتوومەکەکانی و لە هەموو مافێکی بەرگریش بێبەری کرا. ئەبو جەماڵ دەنووسێ: *"لە راستی دا مەبەستی بەندیخانە لەو ئاکسیۆنە، هێرش کردنەسەر بوو بۆ سەر بەندییە وەکیلەکان کە خۆیان داکۆکی لە مافی خۆیان دەکەن. ئامارێک لەم پێوەندیەدا بەڕوونی ئامانجی هێرشەکانی زیندانمان بۆ دەر دەخا، بۆ نموونە لە نێو ئەو کەسانە کە بەتاوانی لەژێر پێ خستنی دیسیپلینی زیندان بە تاوانی قورس حوکم دراون، بەندییە وەکیلەکان پلەی هەرەبەرز پێک دێنن: ٦٠، ٨ لە سەدی سەرجەمی ئەو حوکم دراوانە بەندییە وەکیلەکانن، ٤٠، ٥ لە سەد بەندییە رەشپێستەکانن و هەروەها ٣٧، ٩ لە سەد ئەو بەندییانەن کە جۆرێک نەخۆشی سایکۆلۆژیان هەیە، لە پاش وەکیلەکان کە لە پراکتیک دا فێری ئەزموونی دادپەروەری بوونە و دەتوانن بەرگری حقوقی لە خۆیان بکەن، بەندییە رۆژنامەوانەکانن کە کەوتوونەتە بەر زەخت و تەوژمی زیندان."* بە پێی دارشتنی یاسایەکی نوێ لە پێرەو و نێوخۆی بەندیخانە PENNSYLVANIA مافی ئازادی بیرورا دەربڕین لە بەندییەکان ئەستێندراوەتەوە و بەندییەکان بۆیان نیە کاری وەکالەت یان رۆژنامەوانی بکەن. ساڵی **١٩٨٢** مومیا ئەبو جەماڵ لە ئێزگەی رادیۆ "فلادیفیا" کاری رۆژنامەوانی دەکرد کە بە تاوانی کوشتنی پۆلیسێک گیراو و حوکمی مردنی بەسەردا سەپێندرا. ئیمرۆ مۆمیا **٢٠** ساڵی رەبەقە لە ژووری زیندانی تایبەت بە "بە مردن حوکم دراواندا" چاوەڕێی لە سێدارەدان دەکا. ئەگەر بێت و ئەبوو جەماڵ درێژە بە نووسین و لە چاپدانی وتارەکانی بدا، ئەوا مەترسی جوێ کردنەوەی لە سلولی تاکەکەسی دا لەبەر نراوە. هەروەها تۆمار کردنی دەنگ لە سەر شریتی لێ قەدەغە کراوە و بە پێی یاسایەکی نوێ ناتوانێ قەڵەمێکی تەواوی پێ بێ، تەنیا نێوی قەڵەمەکە واتە بەشە نەرمە پلاستیکیەکەی نەبێ.

سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستانەی کە لە پێشی ئەبوو جەماڵ نراوە، هێشتا کۆڵی نەداوە و هەروا درێژە بە ناردنە دەرەوەی وتارە توند و تیژەکانی بۆ رادیۆی "ناشیۆناڵ پوبلیک" و رۆژنامەکان دەدا و هەتاکوو ئێستا دوو کتێبی لە چاپ دراون. **٢** ساڵ لەمەوبەر کۆکراوەی نووسراوەکانی کە نووسینی نوێی وەک "راپۆرتێک لە سەکۆی مەردنەوە"ی لە گەڵ بوو، لە بەرگێکدا چاپ

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

کرا. ئەبوو جەماڵ لەم کتێبەدا کە لە کۆمەڵێک ووتار پێک هاتووە، تووندترین و تیژترین هێرشەکان دەکاتە سەر نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی سیستەمی ئامریکا. بابەتی وەک ماسمێدیا، ئالکەهۆڵ، تووتن، گۆشت، کونسمیسم (بە کار هێنانی لە زیادە بەدەری دەرووەی پێویستی)، کاپیتالیزم، مەسیحیەت، سپیەتی و پاپ موسیکی رەش لەو جۆرە بابەتانەن کە دەکەونە بەر نووکی رەخنەی قەڵەمی تیژی ئەبو جەماڵ. مێژووی کەسیەتی ئەبو جەماڵ راست وەک مێژووی خودی ئامریکا دەچێ "بریارێک کە مەحکەمەی پایەبەرزی ئامریکا لە ساڵی ١٩٥٧ پەسەندی کرد کە لە وەدا هاتوو: *(رەش پێستەکان لە بنەرەتدا خاوەنی هیچ چەشنە مافێک نین هەتاکوو سپی پێستەکان بیپارێزن)* یان ئەوەی کە کوتراوە: *(نە ئافریقایەکان و نە نەوە ئازادەکانیان لە ئامریکا، شایستەی هیچ چەشنە مافێک نین)*، ئیمرۆکەش بە جۆر و شێوازێکی دیکە درێژە بە هەمان سیاسەت دەدرێ. ئەمانە قسەی ئەبو جەماڵن و ئەو پێی وایە ئامریکا هەر تەنیا بۆ سپی پێستەکانە و نەک خەڵکانی دیکە. ئەو دەمەی ئەبو جاماڵ لە ئێزگەی رادیۆی "سپی" کاری دەکرد، ناچارما ناوێک بۆ خۆی هەڵبژێردرێ کە کەمتر ئتنیکی بێ واتە کەمتر رەش بێ، هەر بۆیە ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە William Welling Ton، ناوێک کە ئافریقایی نەبوو واتە کەمتر رەش بوو، ئەگەر هاتبا ئەبو جەماڵ کەمتر رەش بوایە ئەوا حوکمی مردنی مردنی بەسەردا نەدەسەپا و سەر لە نوێ مەحکەمە دەکرایەوە، ئەمە شتێکە کە ئەبوجەماڵ بۆ خۆی تۆزقاڵێک شک و گومانی لێ نیە.

ئیمرۆ ئەبو جەماڵ بوە بە رەمز، ئەو Malcolm X سەردەمە. ئەبو جەماڵ تەنیا کەسێک لە هەزارانی دیکە نیە کە لە سەر بنەمایەکی فاشیستی و رەگەزپەرستانە حوکم دراوە، بەڵکوو رۆژنامەوانێکە کە تیژترین رەخنەکان ئاراستەی سیستەمی ئامریکا و مێدیا دەکا و هەر ئەم شێوازە بەدەگمەن هەڵکەوتەی ئەویشە کە ئەوی ئاوا لای خەڵک خۆشەویست کردووە. ئەبو جەماڵ دەڵێ: *"پێشەسازی مێدیا زۆر بە دەگمەن یان هەرگیز هێرش ناکەنە سەر سیستەم، ئەوەی کە باوە ئەوەیە کە شێوازی ژیانی سیستەم هەتا هەتایە پەسند دەکرێ، رەخنەکان کەم رەنگن یان هەر نین."*

Ann Scharlott Alstadt سەبارەت بە ئەبوو جەماڵ دەنووسێ: *" چارەنووسی ئەبو جەماڵ هەر وەک کۆکاکۆلا و ئەپل پای، (جۆرێ خواردنی ئامریکای یە کە لە سێو دروست دەکرێ) چارەنوسێکی ئامریکایی یە."* لە راستی دا مومیا ئەبو جەماڵ لە رەشترین جێگای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە راپۆرتەکانی رەوانە دەکا، شوێنێک کە هەزار و داماوە ئامریکایەکانی تێدەخزێندرێ کە شایەت رۆژێک لە رۆژان بێتاوان بوونیان بسەلمێندرێ، شوێنێک کە بەندییەکان لە پێش چاوی پاسەوانەکانەوە بە زیندووی ساڵهای ساڵ لە چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدان دا دەمێنەوە و تەنیا پرسیارەکان ئەوەن کە ئایا مەیتەکان بەرەوە کوێ رەوانە بکرێن...

مومیا دەنووسێ: *"ئێمە بە دڵخوازی خۆمان بەرهەمێک بەکار دەبەین کە لە بنەرەتدا لە سەر سانسۆر و قەدەغەکاری لە سەر چین و رابردووی خۆمان دامەزراوە و لە حاست دەرد و چارەڕەشی چینە لاوازەکانی کۆمەڵگا چاو دەنووقێنێ."*

مومیا هیچ بیرێکی بێ سوود و هیچ ترس و خۆفێکی لا نیە، لە راستی دا ئەو هیچ شتێکی نیە، شتێکی وا کە بتوانێ لە دەستی بدا. ئەو تەنیا رۆژنامەوانێکە کە لە لایەکەوە لە بەندیخانەیەکدا بەند کراوە کە ئەدەبیات دەسووتێنن و بەندیەکان لەدەست لە مل کردنی منداڵەکانیان بێ بەش دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە بەندی بەندیخانەیەکە کە هیچ نەبێ لە لەبیر کردنەوە لە لای خۆی ئازادە و لە دونیای بیر کەردنەوەدا نووقم بووە.

**تێبینی وەرگێڕ:**

ناو و سیمای ئەبوو جەماڵ ئیمرۆ لە سەرانسەری جەماڵ ناسراوە، ئەو لە هەموو شوێنێک هەیە، لە سەر تی شرت لە سەر ئافیش و لەسەر مۆر هەڵکەندراوە.

* * *

**John Pilger**

## کێ تاوانباری شەڕە؟

لەو هەلومەرجە نائاسایی و دوور لە ئینسانییەدا کە لە زیندانی ئامریکا لە کوبا مامەڵە لە گەڵ بەدیلگیراوانی شەڕی ئەفغانستان دەکرێ، نیوەرۆکی "شەڕێ دژی تیرۆریزم" بە روونی دەردەکەوێ. ئەمە نیشان دەدا کە چۆن حکوومەتی بلێر سەرەتاییترین مافی هاووڵاتیانی ئینگلیزی بە خاتری وڵاتێکی بێگانە خستووەتە ژێر پێ.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

شەفیق ڕەسوول خەڵکی Birmingham یەکێک لەو پێنج ئینگلیزییە کە بە بێ مەحکەمە لە Camp X- Rayبە پێچەوانەی هەموو کۆنوانسیۆنێکی نیونەتەوی بەند کراوە. ئەو بەرزی ۱۸۰ سانتیمیترە و بەرلە بەدیلگیرانی لەشێکی کەڵەگەتی هەبووەو قورسایی مامنێونجی ۷۵ کیلۆ بووە، بەڵام ئێستا ۲۰ کیلۆ لە قورساییەکەی دابەزیوەو برایەکەی ئەوی بە کەسێکی وشک و ڕەقهەڵاتوو چوواندووە. بنەماڵەکەی پێیانوایە کە ئەویان لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن لە ۲۱ی فێبریوەری بە کەلەبچەکراوی لە نێو قەوەزێکی ئاسنیندا دیوە.

لە باروودۆخێکی وا کە ڕەسوولی تێدایە، لە لایەن سیخوڕەکانی دەزگای ئاسایشی ئینگلیزەوە M 15 وە بە پێچەوانەی کۆنوانسیۆنی ژنێف لە پێوەندی لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ بەدیلگیراوانی شەڕدا پرسوجۆ کراوە. لە هەمان کاتدا وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز دەڵێ کە ئەوان هیچ چەشنە ئاگادرییەکیان لە سەر چۆنییەتی بەدیلگیراوانی ئەو پێنج ئینگلیزییە لە هەوێلدا نیە.

. .

ئێستا واخەریکە دەربکەوێ کە هیچکام لەو بەدیلگیراوانەی کە لە زیندانی X- Ray ڕاگیراون، تاوانبار نین و ئەمە سەرجەمی ئەو ٤٠٠ دیلەی شەڕی ئەفغانستان، بێجگە لە ژمارەیەکی کەمتر لە قامکی دەستان نەبێ، هەموو دەگرێتەوە. لە پاش سێ مانگان لێکۆلینەوەی بەردەوام لە لایەن FBI و پۆلیسەکانی دیکەی ئامریکاوە، هێشتا تاقە بەڵگەیەک کە ئەو گیراوانە بە ڕووداوی ۱۱ی سێپتێمبر ببەستێتەوە، نەدیتراوەتەوە و نەتووانراوە وەک " ئەو تێرۆریستانەی کە دژ بە ئامریکا شەڕ دەکەن"، پێناسە بکرێن.

سەرەڕای ئەمە وەزیرانی حکوومەتی بلێر لە بەر دەم پارلماندا ئەو بەدیلگیراوانە بە" بە خەتەرناکترین ئینسانەکانی سەر عەرز" و " بێ ڕەحمترین بێ ڕەحمەکان دەناسێنن"، ئەم جۆرە گووتنانە کاوێژکردنەوەی قسەکانی دۆنالد رامسفێلد وەزیری بەرگری ئامریکایە. ڕامسفێلد هەر ئەو پیاوەیە کە درکاندی کە ئەو کۆمەڵێک کەسی لە پێنتاگۆندا داناوە کە تەنیا کاریان ئەوەیە کە سەبارەت بە " شەڕی دژی تێرۆریزم" بۆ دەوڵەت و میدیاکانی دەرەوە درۆ و دەلەسە هەڵبەستن.

وەکیلی بنەماڵەی شەفیق ڕەسوول، گەیریت پێرس دەڵێ: " لە باروودۆخێکدا کە شەفیق لەباری جیسمیەوە ئاوا وشک و ڕەق هەڵهاتووە، ئاگێنتەکانی ئێمە غەیرەقانوونی و یەک لایەنە بە دەستووری ئامریکاییەکان دەجووڵێنەوە کە لە باروودۆخێکی وامەترسیداردا خەریکی پرسووجۆو لێکۆلینەوە لەسەر بەدیلگیراوەکانن".

وەکیلێکی دیکە کە تێکۆشەرێکی لایەنگری مافی مرۆڤە بە ناوی "لویس کریستیان"، کە وەکالەتی فەیرووزی عەباسی، ۲۰ ساڵەی ئینگلیزی و بەرەچەڵەک ئاسیاییەکان، هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە حکوومەتی ئینگلیز کە هاریکاری حکوومەتی ئامریکای لە پێوەندی لەگەڵ گیران و مامەڵەکردنی غەیرەقانوونی لە گەڵ فەیرووزدا بە ئەنجام گەیاندووە، بداتە مەحکەمەی باڵا. وەکیلێکی حکوومەت بە خاتوو لویسی ڕاگەیاندووەکە جارێک لە گەڵ شکایەتەکەی لە مەحکەمەی باڵا ڕابوەستێ، چونکە هێشتا حکوومەتی بلێر قەراری نەداوەکە لە پێوەندی لەگەڵ بەدیلگیراوە ئینگلیزییەکاندا چ هەڵوێستێک بگرێ. بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە حکوومەتی ئینگلیز دەیهەوێ پرسیار لە ئامریکاییەکان بکا کە ئەوان دەتووانن چ جۆر دژکردەوەیەک سەبارەت بە پاراستنی مافی هاووڵاتیانی ئینگلیزی لە خۆیان نیشان بدەن. ئەو هاووڵاتییانەی کە هێشتا بەڵگەیەک لە دژیان نەدیتراوەتەوە. هەر ماوەیەکی لەمەوبەر بوو کە تەیارەئاژووی ئەلجەزایری، لوتفی ڕایسی لە گرتووخانەی ئینگلیزدا بەردرا لە پاش ئەوەی پێنج مانگان بە بێ ئەوەی تاوانی تێرۆریستبووبی بەسەردرا بسەپێ، ڕاگیرابوو.

دیتنەوەی هۆکارو بەڵگەی درۆزنانەو دوور لە ڕاستی لە " شەڕی دژی تێرۆریزم" ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ناڕاستی بوونیان ئاشکرا دەبێ، هەروەک چۆن بەشداری سەرەک وەزیر تۆنی بلێر لە جەریمەو تاوانی دژ بە مافە ئینسانییەکاندا دەردەکەوێ. مەبەستی بنەڕەتی لە کردنەوەی زیندانی X- Rayئەوە بوو کە بە پیشاندانی جۆرێک شانۆسازی بیرووڕای گشتی ئامریکا زیاتر بەرەو لارێ بەرن. ئەوان بە ئەنقەست و مەبەست وێنەی کەسانێکی کەلەپچەکراوی نێو قەوەزی ئاسنیان پیشاندا، هەتاکوو تێکشکانی خۆیان لە شەڕی ئەفغانستان کە مەبەست گرتن یان کوشتنی بنلادین یان ئەندامە پایەبەرزەکانی ئەلقاعیدە بوو، بشارنەوە. تەنانەت سەرۆکی تاڵەبانیش مەلا عومەر هێشتا نەگیراوە. تەنیا کەسێک کە ئەوان توانیان بە دیلی بگرن، باڵوێزی تاڵەبانەکان لە پاکستان بوو کە ئەویش مۆرەیەکی واگرنگ نەبوو. نرخێک کە خەڵکی ئەفغانستان بۆ ئەم شەڕە ئابرووبەرانەی ئامریکا دایان، بە پێی لێکۆلینەوەی زانستگای New Hampshire لانی کەم کوشتن بە فیڕۆ چوونی گیانی ٥ هەزار خەڵکی سیڤیلی ئەفغانی بوو. سەرەڕای

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
هەراوهوریاو پرۆپاگەندەی ئەوەی کە گۆیا رژێمی دەسکردی ئامریکایی ئەفغانستان لە گەڵ تاڵەبانەکان جیاوازی هەیە، گرنگترین ئاڵووگۆری حکوومەتی تازە ئەوە بووە کە شەڕی خوێناوی و فێئۆدالی نیۆخۆیی جارێکی تر بگەڕێنێتەوە بۆ ئەفغانستان. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر پاراستنی مافی ئینسانی خەڵکی ڕەشووڕووتو قوربانی کراوی ئەفغانستان ئەوەیە کە ئەم حکوومەتە دەسکردە نوێیەش ڕاست وەک تاڵەبانەکان خەڵکی ناچار کردووە کە مل بۆ یاساو شەریعەتی ئیسلامی ڕابکێشن.

قازییەکی ئەفغانی بە ناوی ئەحمەدولا زەریف دەڵێ لەسێدارەدانە ڕەسمییەکان و برینی ئەندامانی لەش هەروا درێژەی پێ دەدرێ بەلام ئاڵووگۆری بەسەردادێ. ناوبراو دەڵێ: "بۆ نموونە تاڵەبانەکان کاتێک کەسێکیان لە سێدارە دەدا، بۆ ئەوەی خەڵکی مەیتەکەیان دیبا، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە سەر داریان دەهێشتەوە، بەلام ئێمە هەرزوو مەیتەکان دێنینە خوارەوە، شایەت پاش چارەکە سەعاتێک". قازی شەریف زۆر بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە سزاو تاوانی وەک لادان لە پێوەندی ژن و مێردایەتی بۆ هەر دوو جینسی ژن و پیاو لە جێگەی خۆی دەمێنێ، واتە کوشتن بە شێوەی سەنگەسار (بە بەرد کوشتن) بەلام جیاوازییەکەی لە گەڵ هی تاڵەبانەکان ئەوە دەبێ کە ئێمە بەردی چکۆلە چکۆلە بەکار دەبەین. ئەمە هەر ئەو حکوومەتەیە کە سەرۆکەکەی (حەمید خەرزای) لە لایەن سەربازانی ئینگلیزییەوە پارێزگاری لێ دەکرێ.

لەکاتێکدا برسییەتی و قاتی وقڕی لە باکوور و ڕۆژئاوای ئەفغانستان بەربۆتە گیانی خەڵکی هەژارو ڕەش و ڕووت، ئامریکاییەکان ئەو ناوچانە هەروا بۆمباران دەکەن. لە لێکۆلینەوەیەکدا کە لە لایەن مانگی سوورەوە لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان کراوەو ڕاپۆرتەکەی ڕۆژی ٦ی فێبریوەری بلاو کراوەتەوەهاتووە:" ئێمە منداڵانمان دیووە کە لە دەشتاییەکاندا عەردیان هەڵکۆلیووەو بە شوێن ڕیشۆلی گژو گیادا گەڕاون کە لە باتی خۆراک کەڵکیان لێوەربگرن". لە زۆربەی گوندەکاندا لە بەر هەژاری و نەداری کچانی کەم تەمەن ناچار دەکرێن، شوو بکەن. هەر کچەی بە نرخی ١٠٠ کیلۆئارد بەشوو دەدرێ[باشترە بگووترێ دەفرۆشرێن]. لە ڕاپۆرتی گرووپێک لە لایەن ڕێکخراوی World Vision Health and Nutrition لە باکووری رۆژئاوای ئەفغانستانەوە هاتووە: " ژمارەیەکی یەکجار زۆر ژن و منداڵ لە دەشتایی و شیوو دۆڵەکاندا بە دوای گەڕان بە شوێن خواردنی گژو گیاو گەلای دارەکاندا لە ناوچەکەدا دەبیندرێن". ڕێکخراوی دوکتوورانی بێ سنووری فەرانسایی دەڵێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خەڵکی تووشی نەخۆشی بە هۆی برسییەتی دەبن. کادری دەرمانی Jenny Anderson دەڵێ " سیستەمی دابەشکردنی خواردەمەنی بە تەواوی لەکار کەوتووە". سەرەڕای ئەوەی لە لایەن ڕێکخراوی گەیاندنی خواردەمەنی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، خواردن بۆ زیاتر لە سێسەد هەزار کەس ڕەوانەی ئەفغانستان کراوە، بەلام ئەو خواردنە نەگەیشتووەتە ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی.

ئەم هەموو نەهامەتی و بەدبەختییە دەبینرێ و هێشتاش لە لایەن حکوومەتەکانی ئامریکا و ئینگلیزەوە کە ئەندامانی سەرەکی کوالیسیۆنی واشینگتۆن و بەرپرسیار لە شەڕی ئابڕووبەرانەی ئەفغانستانن، چارەسەرییەک نەدیتراوەتەوە، شەڕێکی ئابڕووبەرانە کە وەزیری دەرەوەی ئینگلیز ناوی "بەرگری وەک مافی بێ ئەملاوئەولای خۆمانی" لە سەر داناوە.

نەخشی حکوومەتی ئینگلیز زیاتر لەوبارەوە لەم شەڕەدا جێگەی تورەیی و بێزاری دەربڕینە کە حکوومەتی ئینگلیزی لە دەسەلاتی سیاسی خۆی کەڵکی وەرگرت هەتاکوو یەکیەتی ئورووپا زیاتر لە واشینگتۆن نزیک بکاتەوە.

ئەمە بە تایبەت جێگەی سەرسووڕمانە کە ئامریکا هاوکات لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی یۆگسلاوی، سلۆبۆدان میلۆسێڤیچ لە هاگ مەحکەمە دەکرێ، هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانی ئەوەیە کە بە جارێک شوێنەوارێک لە مەحکەمەی تاوانبارانی شەڕ نەهێلێ و بە جارێک دەرگای مەحکەمەی هاگ ببەستێ. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دام و دەزگای دەسەلاتدارییەتی بۆش لەوە دەترسن کە پرۆسێسەکانی مەحکەمەی هاگ وردە وردە بۆ هەمیشە بچەسپێ و لە ژێر کونترۆڵ و چاوەدێری نەمێنێ و لە کۆتاییدا مەحکەمەیەکی نێونەتەوەی هەمیشەیی دابمەرزێ، ئەمە لە خۆیدا واشینگتۆن لە دژی رادەوەستێ، چونکە پێیان وایە مەحکەمەیەکی لەو چەشنە ڕەنگە بێلایەنانە بجوولێتەوەو سبەی تاوانبارانی لای "ئێمەش" ڕاکێشرێنە ئەو مەحکەمەیە.

تاوانبارانی شەڕی لای ئێمە ئەو سیاسی و کاربەدەستە ئینگلیزی و ئامریکایانەن کەراستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ فەرمانی بۆمباران و کوشتنی هەزاران ژن و پیاو منداڵی بێتاوانیان داوەو هەرووەها لە بنیادنانی زیندانی Camp X Ray دەستیان هەیەکە لەودا پیاوانی وشک و ڕرقهەڵهاتوو بەند کراون بە پێچەوانەی مافە نێونەتەوەییەکان پرسو جۆو لێکۆلینەوەیان لە سەر دەکرێ. . .

* * *

**Tigran Feiler**

**گۆڤاری 9، 2002 Ordfrontسوئیدی**

## شەڕی سەلیبی بۆش گەیشتە ئامریکای لاتین

کاتێک "ئۆتۆ رەیچ" یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە مانگی مارسی ئیمساڵ لە باڵوێزخانەی ئامریکا لە "میکزیکۆسیتی" کۆنفرانسی چاپەمەنی بەست، رێگە نەدرا بە رۆژنامەی La Journal کە لە کۆنفرانسەکەدا حازر بێ. هۆی رێگە نەدان بە "لاجورنا" ئەوە بووە کە سەرووتارەکانی باوی دڵی ئامریکاییەکان نیە. ماوەیەک بەر لەو رێکەوتە، دوو رۆژ بەر لەوەی رەیچ کە بە "دژە تیرۆریست" ناوی دەرچووە، سەفەری رەسمی بۆ میکزیکۆ بکا، لە سەرووتاری رۆژنامەی لاژورنادا ئامریکا ئاگادار کرابووەوە کە لە میکزیکۆ گەڕێ و کێشەی ئاسایشی ئامریکا پێوەندی بە میکزیکۆ وە نیە. لە راستیدا یەکێک لە ئامانجەکانی شەڕی سەلیبی بۆش لە سەر پانتایی قارەی ئامریکا ئەوەیە کە میکزیکۆش لە شەڕی دژی تیرۆریستەوە هەڵقورتێندرێ.

مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پار بوو کە بۆش لە هەلومەرجی سیاسی پاش [١١ی سێپتێمبەر] کەڵکی وەرگرت و کەسێکی وەک رەیچ ی گەیاندە پلەیەکی [بەرز لە وەزارەتی دەرەوە]. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە رەیچ گەڵاڵە دارێژەری سیاسەتێکی توندو تیژی ئامریکاییە لە پاش ١١ی سێپتێمبەر لە دژی وڵاتانی ئامریکای لاتین. لە سیاسەتی رەیچ دا خەریکە شەڕی دژی تیرۆریزم جێگەی شەڕی دژی قاچاخی نارکۆتیکا بگرێتەوەو ببێتە بەڵگەی رەسمی ئامریکا بۆ دەخالەت و خۆتێهەڵقرتاندنەکانی لە باشووری "ریۆ گراند" .Rio Grande

دەسنیشانکردنی رەیچ بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی بسەلمێندرێ کە کۆنە سیاسەتوانەکانی سەردەمی شەڕی سارد رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر حکوومەتی ئامریکا دەخەنە ژێر دەستی خۆیان. رەیچ کە بۆ خۆی لە بنەچەدا پەنابەری خەڵکی کوبا یە لە نێو دارودەستەی توندڕەوی دژی "کاسترۆ" دا مۆرەیەکی گرینگە کە براکەی بۆش لە فلۆریدا "جید بۆش" سەرۆکایەتییان دەکا. لە سەردەمی سەرەککۆماری رەیگان دا، رەیچ لە زۆر ئابڕوچوونی سیاسی ئامریکا لە ئامریکای ناوەندیدا دەستی تێکەڵ بووە. لێپرسینەوەکان نیشانیان دا کە چۆن ناوبراو بە دەیان جار لە پێوەندی لە گەڵ پشتیوانی ئامریکا لە کۆنتراگریلای نیکاراگوا درۆ و دەلەسەی هەڵبەستووە. رەیچ لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ــ ١٩٨٦ باڵوێزی ئامریکا لە وڵاتی ڤێ نزۆئێلا بووە و ئێستاش پاش چەند ساڵان گەڕاوەتەوە نێو ناوەندی سیاسەتی ئامریکا.

گەڕانەوەی رەیچ نیشان دەدا کە ئامریکا سیاسەتێکی تیژتری لە دژی کوبا و ڤێ نزۆئێلا گرتووەتو بەر. کوبا بەوە تاوانبار کراوە کە پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکاو تەکنیکی چەکی بایۆلۆجی وەپێشخستووە. دوژمنایەتی کردنی ئامریکا لە گەڵ ڤێ نزۆئێلا لە گەڵاڵەڕێژی کودیتا لە دژی سەرەککۆمار هوگۆ چاوێز Hugo Chavez لە سەرەتای ئیمساڵدا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. رەیچ بە هۆی پێوەندییەکانی لە نێو ڤێ نزۆئێلا یەکێک لە گەڵاڵەدارێژەرانی کودیتای تێکشکێندراوی ئامریکا لەو وڵاتە بوو. لە ماوەی تاقە رۆژێکی دەسەڵاتدارییەتی سەرۆکی کودیتا کەران پێدرۆ کارمۆنا Pedro Carmona، رەیچ بە درێژای ئەو رۆژە پێوەندی تەلەفۆنی لە گەڵدا هەبووە. لە پێوەندی لە گەڵ کۆلۆمبیا شدا خۆتێهەڵقورتاندنەکانی ئامریکا زۆر زیادی کردووە. ئەو یارمەتییە نیزامییەی کە ئامریکا بە شێوەی رەسمی لە ژێر ناوی کۆمەک لە دژی قاچاخی نارکۆتیکا بە ئەرتەشی کۆلۆمبیا ی دەدا، لە مەو بە دوا ئاشکرا لە شەڕ لە دژی گریلاکانی فارک Farc و ئێلن Eln بە کار دەبرێ. لە سەفەرێکی سەرەککۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئامریکا ئالڤارو ئوریب Alvaro Uribe بۆ واشینگتۆن، بۆش بەڵێنی پێداوە کە هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ سەرکەوتن بە سەر قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا و تیرۆریزم بدا بە کۆلۆمبیا.

مارکۆس سەرۆکی شەڕوانەکانی چیاپاز لە پێوەندی لە گەڵ رووداوە تازەکانی چیاپازدا گوتی: *"ئیمە هەموو چەشنە هەوڵێک لە لایەن هەر کەس و لایەنێک کە بیهەوێ خەباتی رەواو بەرحەقمان وەک مافیای نارکۆتیکا، گریلای نارکۆتیکا، چەتەکان و هەر بەرچەسپێکی دیکە بناسێنێ و دوژمنەکەمان کەڵکی لێوەربگرێ، بە توندی بەرپەرچ دەدەینەوە."*

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

ئەوانەی کە ئیمرۆ لە گەڵ سیاسەتەکانی ئامریکا لە ئامریکای لاتین بەرهەڵەستی بکەن، ئەوە ئەو مەترسییە هەیە لە لایەن ئامریکاوە مۆرکی تیرۆریستیان لێبدرێ.

**تێبینی وەرگێر:**

ئامریکا بە بیانووی خەبات لە دژی قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا یارمەتی بە دەوڵەتی کۆلۆمبیا دەکا. بەڵام وەک زۆر بەڵگەی حاشا هەڵنەگر وەدەسکەوتوون، دەوڵەتی کۆلۆمبیا و خودی نیزامییەکانی ئامریکا لە کۆلۆمبیا دەستیان لە قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا هەیە، بۆ ئاگاداری پتر لەم بارەوە چاو لە کتێبەکەی "چۆمسکی" بە ناوی Rogue States (دەوڵەتە چەتەکان) بکەن.

* * *

**Mikael Löfgren**

## واندانا شیوا لە سەر گلۆبالیزم دەدوێ



واندانا فیزیکزان، ژینگە فیمینیست و یەکێک لە لایەنگرانی هەرە گەورەی مافی مرۆڤە. واندانا لە شاری نیودیهلی هیند دەژی و بەرپرسی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیە، کە لە گرفتی خراپ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵات و زەرەد و زیان گەیاندن بە ژینگە دەکۆڵێتەوە.ساڵی **١٩٩٣** خەڵاتی Livelihood Award Right ی پێ دراوە. هەتا ئێستا بە دەیان کتێبی لە بوواری ژینگە، گلۆبالیزم و مەترسییەکانی گلۆبالیزم بۆ سەر وڵاتانی فەقیر نووسیووە. یەکێک لە نوێترین شوێنەوارەکانی، کتێبێکە بە ناوی "شەڕی ئاو" Water Wars کە لە کێشەکانی ئاو لە دنیادا دەکۆڵێتەوە. خاتوو واندانا مانگی مارسی **٢٠٠٢** میوانی زانستگای "یۆتۆبۆری" لە سوئید بوو، کە ووتارێکی بە ناوی "گلۆبالیزمێکی دیکە" پێشکەش کرد. ئەمەی خوارەوە گوڵبژێرێکە لە قسەکانی لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی Dagensnyheter.

ـ ئەو ئاسایش و فراوێنیەی لە ڕۆژئاوا وەک دەسڕاگەیشتن بە خزمەتە دەرمانییەکان، قوتابخانە، خزمەتە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان، پۆست، تەلەفۆن، قەتار، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن هەیە و لە لایەن بەشی دەوڵەتییەوە سەرپەرەشتی دەکرێ، خەریکە لە لایەن "کاپیتالیزمی نوێ لیبراڵ" ەوە بفرۆشرێ بە بەشە تایبەتییەکان و بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی بازاڕ. ئەم جۆرە بە هەرزان فرۆشتن کردنە چ لە بەشی باکووری دنیا بێ یان لە بەشی باشوور بیرکردنەوەکە هەریەکەوە و هەر یەک ئامانج دەپێکێ. ئەگەرچی لە باشوور دا کاریگەری زۆر قورستر لە سەر خەڵکی هەژار دادەنێ. لەو بەشەی جیهان دا کە ئێمە دەژین هەلومەرج زۆر خراپەو ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژیش خراپتر دەبێ.

ـ لە سەدەی **٢١** دا کێشەی ئاو دەبێتە یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی جیهان. هەر ئێستا لە زۆر شوێنی دنیا دا و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دا، ئەو کێشەیە سەریهەڵداوە. لە وڵاتی بولیڤیا لە ناوچەی "تۆچامبا" کۆمپانیای Bechtel بە ڕادەیەک نەخی ئاوە بەرز کردەوە، کە دەرکەوتی ئاو بۆ هەر بنەماڵەیەک گەیشتە ڕادەی دەرکەوتی بژیوی سەرجەم دوو حەوتوو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. لە دواییدا ناڕەزاییە جەماوەرییەکان Bechtel ناچار کرد کە مانگی ئاڤریلی **٢٠٠٢** بولیڤیا بە جێبێڵێ. هەربۆیە جارێکی تر نرخی ئاو شێوەیەکی دیمۆکراتی بە خۆیەوەگرت و گەڕایەوە دۆخی جارانی. هەر بەم بۆنەیەوە کۆمپانیای Bechtel دەوڵەتی بولیڤیای کێشاوەتە دادگای نێونەتەوەی و داوای قەرەبووکردنەوەی زەرەد و زیانەکان دەکا.

ـ یەکێک لە دیوە هەرە ڕەشەکانی گلۆبالیزم بێ کەڵککردن و لە سەر کاردەرکردنی خەڵکییە. ئەم دیوە نیگەتیف و دزێوە کە لە لۆژیکی "ئابووری داخراوە" سەرچاوە دەگرێ بە نرخێکی گرانی سیاسی و ئینسانی بۆ خەڵک تەواو بووە. یەکێک لە ئاکامە

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41
ڕەشـەکانی دیکـەی گلۆبالیـزم ئەوەیـە کـە لـە لایـەک دیـاردەی بێزاری لـە سیاسـەت لـە نـێو خەڵـکیدا پـەرە دەگـرێ و لـە لایەکی دیکەشەوە فۆندەمەنتالیزم سەر هەڵدەدا.

ـ لـە کاتـێکدا ڕەگەزپەرەسـت و نـوێ فاشیسـتەکان جێـژنی سـەرکەوتن لـە هەڵـبژاردنەکانی ئـورووپا دا دەگـرن، لـە "هیـند" یشـدا وەزیـرانی دەوڵـەت ئاگـری شـەڕی نـێوان هیندوویـی و موسـڵمان خـۆش دەکەن. بۆنی ئەم دژایەتی و دووبەرەکییە لە هەر کول و قوژبنێکـی دنیا دا هەڵساوە. ڕق و قین و دژایەتییەکان هەر لە جێگای خۆیان دەمێننەوەو سیاسەتبازەکانیش هەر زیاتر خۆیان بە کورسـی دەسەڵاتەوە دەچەسپێنن. بڕیارە هەر گرینگەکان، ئەوانەی کە لە چارەنووسی مان و نەمان، لە سەر کار بوون یان لە سەر کـار دەرکـردن، بـتەو کـردنی بنەماکانی کۆمەڵگا یان لەقکردن و ڕماندنی بنەماکانی کۆمەڵگا دا شوێنی ژیانی دادەنێن، زۆر دوور لە خەڵکی واتە سەرمایەدارە گەورەکان دەیگرن و خەڵکی ئاسایی بایی پووشێک حیسابیان بۆ ناکرێ.

ـ بزووتنەوەی حەقخـوازی و دادوەری جیهانی دەبێ لـە سـەر سێ کۆڵەکە ڕاوەستێ: یەکەم مافی یەکسانی کۆمەڵایەتی، دووەم پاراسـتنی ژینـگە و سێهەم سەقامگیرکردنی ئاشتی. لە پاش ١١ی سێپتێمبەرەوە بە تایبەتی زۆر گرینگ و پێویستە کە بزووتنەوەی دادپـەروەری جیـهانی جـەخت لـە سەر ئاشتی بکاو لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە داخوازەکانی خۆی بێنێتە مەیدان بۆ ئەوەی مۆرکی کرمینال "جینایی" لێنەدرێ.

ـ ئـیمرۆ گلۆبالیـزم بـە ڕێگەیەکـدا هـەنگاو دەنـێ، کـە خەریکـە پێ بنێتە نێو قۆناخێکی نیزامی و لەشکەری. سیاسەتمەدارانی سەر کورسـی دەسەڵـات زۆر بێ شـەرمانە دەیانـەوێ ڕەخنەگـرانی گلۆبالیـزم وەک تیرۆریـزم بێناسـە بکـەن. ماوەیەک لەمەو بەر "تۆنی بلێـر" ڕایگەیانـد: " ئەوانـەی لـە دژی پەرەپـێدانی تەکنیکـی Gen ڕادەوەسـتن، مەترسـین بـۆ سـەر زانسـت و هەمـوو کۆمەڵـگای ئینگلیزی. "

ـ لـە نـێوان باکـوور و باشـووری جـیهان دا بـە تایـبەتی لـە بـوواری ئاسـایش و فـراوێنی، جـیاوازی زۆر گـەورە هەیـە. ئێسـتاش شـوێنەوارەکانی کۆلۆنیالیـزم لـە باشـوور هەر ماوە. بەڵام کەسانێک هەن کە خەریکی هەڵبەستنی پەردی نێوان باشوور و باکوورن، هـەر ئێستاش پردانێک هەڵبەستراون. شوێنی چاوپێکەوتنەکان و گۆڕینەوەی زانیارییەکان هەر دەم زیاتر دەبن. ئێمە لە باشوور دا وەک بزووتنەوەی ژنـان، جوتیارەکان و ماسیگرەکان هاوکـات کـە لـە دژی خۆسـەپاندن و جـۆری مامەڵـەکردنی دام و دەزگـای زەبەلاحـی وەک بانکـی جیـهانی ڕادەوەسـتین، لـە هـەمان کاتیشـدا پڕۆپاگەنـدەی هێنـدێک ڕێکخـراوی ڕۆژئاوایی وەک Oxfam ی ئینگلیـزی بەرپـەرچ دەدەیـنەوە کـە دەڵـێن گلۆبالیـزم یارمـەتی ئینسـانی بـە خەڵـکی باشـوور دەکـا. ئـەو ڕێکخـراوانە بەرگـری لـە گلۆبالیـزم دەکـەن سـەری قسـەو بـنی قسـەی ئـەوان تێزێکە بە ناوی هاتنە نێوەوەی بازاڕی ڕۆژئاوا access market. واتە ئەگەر بێتوو کۆمپانـیا گـەورەکانی ڕۆژئـاوا بـتوانن لـە باشـووردا سـەرمایە وەگـڕ بخـەن دەسـتیان بگاتـە بـازاڕ، کـار، ژێرزەوییەکان، ئاو و ژیانی باشـووریەکان، ئـەوە خەڵـکی باشـوور لـە برسـییەتی و هـەژاری ڕزگاریان دەبێ. من بە تەواوی لە دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەم، بۆچـی؟ چـونکە ئـەوان پێمان ناڵێن هـەتا ئێستا کێ لە ئێمەی باشووری پرسیوە؟ بازاڕ بۆ کێ؟ هاتنە ناوەوەی کێ؟ گومانم نیە بە هاتـنە نێوەوەی ئـەوان، ئێمە لـە جـاران هەژارتـر دەبـین. هـەر ئێسـتا باکـووری دنیا باشـووری ناچار کـردووە کـە لە سەر بنەمای بازاڕێکـی شێوانشـێوی جـیهانی لـە گـەڵ یەکتـری ڕەقابـەت و کـێ بـەر کێ بکەن و لە هەمان کاتیشدا بە لە سەرەوە بوونی تاکسی گومریکەوە سنوورەکانی خۆیان لە سەر ئێمە داخستووە.

ـ مـن لـە بـاتی ئەم جیهانەی ئیمرۆ، جیهانێکی یەکسان، سەقامگرتوو، هێمن و دوور لە شەڕم دەوێ. کاپیتالیزمی هەوسار بچڕاوی ڕۆژئاوا ئاخرەکەی ناچارمان دەکەن و هیچ جێگایەکمان بۆ ناهێڵنەوە مەگەر ئەوەی بۆ سەر مانگ هەڵبفڕین.

بـەم وشانە واندانا شیوا کـۆتای بـە قسـەکانی دێـنێ و لـە قاقـای پێکەنین دەدا، پێکەنینێک کە لە قووڵای دڵەوە دێ و وەک خۆر دەدرەوشێتەوە.

**تێبینییەکانی وەرگێر:**


ـ "ژیـنگە فیمینیسـت" ئـەو فیمینیسـتانەن کـە پێیان وایـە ئەگـەر دەسەڵـات و بەرپرسـایەتییەکان بکەونـە دەسـتی ژنـان ئەوە ژینگە دەپارێزرێ و زەربـەی زیاتـری وێ ناکـەوێ واتـە ژنـان وەک پـیاوان لـە بەرانـبەر تـێکدانی ژیـنگەدا دڵ ڕەق نـین و ژنان زیاتر لە هەوڵی پاراستنی ژینگەدان.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

ـ ئەم تەرجەمەیە پێشتر لە گۆڤاری "کوردستانی ئیمڕۆ" ژمارە ١٩دا بڵاو کراوەتەوە.

* * *

**چاوپێکەوتن لەگەڵ Henri R Huttenbach پرۆفسۆری زانستگای نیویۆرک لەگەڵ ڕۆژنامەی UNT سویدی. ٧ی ئاپریلی ٢٠٠٢**



## کوشتنی بەکۆمەڵ

**"برینی زمان و مراندنی کولتوور جۆرێک لە کوشتنی بەکۆمەڵە."**

ـ قەلاچۆی جوولەکەکان نموونەیەکە لە کوشتنی بە کۆمەڵ و هەموو چەشنە مەرج و تایبەتمەندیەکی کوشتنی بە کۆمەڵی تێدا دەبینرێ، بەلام دەبێ بە قورسی لە سەر ئەوە ڕابوەستریێ کە ئەوە تەنیا نموونەیەکی تایبەت و نەدیتراو لە مێژوودا نیە. من ناتوانم هیچ چەشنە جیاوازی یەک لە نێوان قەلاچۆی جوولەکەکان و کوشتنە بەکۆمەڵەکانی دیکە لە مێژوودا ببینمەوە. ئەم جۆرە بیر کردنەوەی من گۆیا لە باری سیاسیەوە ڕاست نیە و هەر بۆیە هێندێک کەس حەز لە چارەی من ناکەن. هەروەها ئەوی کە لە میدایش دا بە ناوی قەلاچۆ و کوشتنی بەکۆمەڵ ناوی لێدەنرێ، زۆرجاران هەڵەیە.

ـ نابێ واژەی قەلاچۆ هەروا لە خۆڕا بەکار ببرێ، چوونکە مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدا، بەتایبەتی نابێ ئەم واژەیە بە ئامانجی سیاسی بەکاربەردرێ، ئەوەی کە ئیمڕۆ سیاسییەکان و ڕۆژنامەوانەکان دەیکەن. ئایا کوشت و بڕی ئالبانیەکانی کۆسۆڤۆ کوشتنی بەکۆمەڵە؟ یان ئەم واژەیە بە مەبەستی سیاسی و پرۆپاگەندە بەکار دەبرێ، بۆ ئەوەی بتواندرێ "سولبۆدان میلۆسیڤیچ" بوومباران بکرێ؟ کاتێک ئالبانیەکانی کۆسۆڤۆ بە یارمەتی و لە ژێر پارێزگاری هێزە نێونەتەوەیەکاندا گەڕانەوە دەستیان کرد بە کوشت و بڕی سێربەکان و دەربەدەر و ئاوارەیان کردن، ئایا ئەمەش کوشتنی بە کۆمەڵ بوو؟ لە هەر دوو حاڵەت دا وەلامی پرسیارەکە ئەرێ یە، هەر دوو جۆرێک لە ئەزموون و قەلاچۆ و کوشتنی بەکۆمەڵن، واتە ئەوەی کە پێی دەکوترێ Genocide experiences.

ـ یەکێک لە لایەنی لێکۆڵینەکانی من ئەوەیە کە خودی واژەی "کوشتنی بە کۆمەڵ" پێناسە بکەم. ئەم پێناسە کردنە یەکجار گرنگە، چونکە زۆرجاران لە بەر نەزانی یان کەڵک وەرگرتنی سیاسی بەهەڵە بەکار دەبردرێ.

ـ کوشتنی بە کۆمەڵ یانێ کوشتنی هەموو کەسێک واتە کاتێک مەبەست ئەوە بێ گەلێک قەلاچۆ بکرێ، وەک ئەوەی ستالین کردی، وەک ئەوەی تورکەکان لە دژی ئەرمەنییەکان کردیان، یان ئەوە کاتێک منداڵان بە کۆمەڵ لە دایک و باوکان جوێ بکرێنەوە. کوشتنی بەکۆمەڵ یانێ لە مەترسی هاویشتنی بوونی کۆمەڵێک لە ئینسانەکان یان گەلێک. ، [لێرەدا بەداخەوە پرۆفسۆر هێنری گەلی کورد کە هەم لە لایەن تورکەکان و هەمیش لە لایەن سەدام حوسەینەوە مەترسی قەلاچۆیان لەبەر نراوە، لە بیر کردووە و لە چاوپێکەوتنەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بە قەلاچۆی کوردان نەکردووە. ]

ـ دەکرێ کوشتنی بەکۆمەڵ لە تاقە وشەیەکدا کورت بکرێتەوە "سیفر کردن" واتە کۆمەڵێک ئینسان لەگەڵ سیفر بەرانبەر بکرێ. زمان برین و مراندنی کولتوور و مێژوو و هەروەها داهاتووی گەلێک جۆرێک کوشتنی بەکۆمەڵە بەڵکوو خراپتر لە خودی کوشتنی بەکۆمەڵە، چونکە لێرەدا هەموو هەست و نیستی گەلێک لە ڕیشە هەڵدەکەندرێ، هەر بۆیە ئەمەش جۆرێک لە کوشتنی بەکۆمەڵە و ڕەنگە لەویش خراپتر و مەترسیدارتر بێ.

www.kurdistannet.org
07/07/2003 20:41

**ماندنی کولتوور ماندی خەڵکیشە**

ـ کاتێک زمانی زگماکی خەڵک دەکەوێتە بەر قەدەغەکاری، منداڵان ناتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان لە قوتابخانە بخوێنن و بە کولتووری خۆیان بار بهێندرێن، ئەمیش هەر جۆرێک قەڵاچۆ و کوشتنی بەکۆمەڵە.

ـ دەتوانین بە چەند نموونەی بەرچاوی کوشتنی بەکۆمەڵ لە مێژوودا ئاماژە بکەین، وەک: قەڵاچۆی جوولەکەکان، قەڵاچۆی قەرەجەکان، قەڵاچۆی ئەرمەنییەکان، ٨٠٠٠٠٠ خەڵکی تووسی لە رواندا، کوشت و بڕی خێمیری سوور لە کامبودجیا و هەروەها کوشتنی بۆسنییەکان و سێربەکان لە یەکتری.

ـ راگوێزرانی دوازدە ملیۆن میلیۆن ئینسان لە لایەن ستالینەوە بۆ بیابانەکانی قەوقاز کە زیاتر لە پەنجا لە سەدیان مردن، کوشتنی بە کۆمەڵە. بەڵام کوشت و بڕی "بیافرا" (Biafra) لە ساڵی **١٩٦٧** لە گەڵ ئەوەی بە هەمان رادەی کوشتنی بەکۆمەڵ ترسناک و تۆقێنەر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەست لە ریشە هێنانی گەلێک نەبوو، ناکرێ وەک کوشتنی بەکۆمەڵ بژمێردرێ.

* * *

www.kurdistannet.org کوردستان نێت